گاگەش ئەم دەفتەرەی تایپ کردۆتەوە

کەریم دانشیار

# وەفـــایـــی

(1902 - 1844)ی زایینی



ژیانی وەفایی

میرزا عەبدولرەحیم ، نازناوی شیعر و ئەدەبییاتەکەی وەفایی، کوڕی مەلا غەفووری کوڕی مەلا نەسڕوڵڵا، ساڵی 1844ی زایینیلە شاری سابڵاغ (مەهاباد) لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و زمانی عەرەبی و فەقێیایەتی لە شارەکەی خۆیدا تەواو کردووە و هەر لەوێش مۆڵەتی

مەلایەتیی وەرگرتووە. بەڵام پیشەی مەلایەتی و حوجرەداری و مزگەوتی وەلا ناوە و هەر تەنیا پیشەی دەرس گوتنەوەی هەڵبژاردووە و وانەی بە منداڵانی شارەکەی گوتۆتەوە.

وەفایی هەر لە سەردەمی لاوێتیەوە شیعری گوتووە و شیعرەکانیشی بە نێو خەڵکدا بڵاو بوونەتەوە. شێخ عوبەیدیللای نەهری شیعری وەفایی بە دڵ بووە و لە ڕێگای شیعرەوە ناسیوێتی و خۆشی ویستووە. هەر بەم هۆیەشەوە لێی نزیک بۆتەوە و بانگهێشتی کردۆتە هەکاری و لە بارەگاکەی خۆیدا کردوویەتە سکرتێری خۆی. وەفایی وەک مورید و، شێخ وەک موراد بە بێ یەکتر هەڵیان نەکردووە و لە ماڵ و لە سەفەردا هەر پێکەوە بوون. وەفایی شیعری بۆ گوتووە و شیعری بۆ خوێندۆتەوە و لە نامەنووسین و نامە خوێندنەوەشدا هەر یاریکاری شێخ بووە.

وەفایی جارێک لە گەشت و سەفەرێکیدا دەچێتە سلێمانی و ساڵی 1898 دەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید سەفەری ئەستەمبووڵ دەکات. لە دواگەشتی دا ، ساڵی 1900دیسان دەچێتەوە سلێمانی و ساڵی 1901 و بۆ جاری سێیەم دەچێتەوە حەج. لەو کاروانە سەفەرەدا، شێخ سەعیدی حەفید، سەید ئەحمەدی خانەقا، شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد- ی دەگەڵ دەبن. تەنانەت لە گەڕانەوە بەرەو نیشتمانیشدا هەر ئەو هاوڕێیانەی دەگەڵ دەبن. بەڵام ئەمە سەفەری ئاخری وەفایی دەبێت و لە بیابانی شامدا تووشی نەخۆشیی دێت و ساڵی 1902ی زایینی هەر لەوێ کۆچی ئاخرینی دەکات.

پیرەمێردی شاعیر دەڵێ : " من بە دەستی خۆم (وەفایی)م ناشتووە".

١

لەسەر ڕووت کازیبەی زوڵفت وەلا بە
کە سادیق بێ تولوعی ئافتابە
دڵ و دین هەرچی بوو قوربانی تۆ بوون
هەتا کەی ئیدی ئەم ناز و عیتابە؟
بڵا بەو ڕۆژە نەیلۆفەر نەسووتێ
بە مەرگی من سەری زوڵفت وەلا بە
لە عەکسی عاریزت فرمێسکی چاوم
گوڵاوی ڕووتە هەم خوێناوی نابە
وەرە بنوێنە خۆت، بمکوژە قوربان
بە دینێک کوشتنی عاشق سەوابە
وەرە بنواڕە بەزمی عالەمی دڵ
چ خۆش دەورێکە هۆشیاریی خەرابە
ئەگەرچی نالەیە هەر زەوق و شەوقە
ئەگەرچی گریەیە عەینی سەوابە
بە نالینی دڵی سووتاوی عاشق
هەموو هەر نەغمەیی چەنگ و ڕوبابە
بە چاو و گەردەن و ڕووخساری ساقی
هەموو هەر شاهید و شەمع و شەرابە
گوتم: با قیمەتی وەسلت بە دڵ بێ
بە ماچێکیش لە زاری خۆت ڕەزا بە
کەچی فەرمووی: دڵت نەشکێ "وەفایی"
ئەوە سەودایە، زەڕڕێکیش حیسابە

٢

گەردەشی چاوت قەراری ئاشقی مسکێن دەبا
ساحیری چاوبەستە ، ئارێ، دڵ دەکێشێ دین دەبا
قیبلەکەم بەو زاری هەر وەک خونچە بۆیە پێکەنی
تا بڵێن خەندەی بە گوڵ بێ، ئابڕووی پەروین دەبا
من گوتم گرتی حەبەش کەعبەی جەماڵت! ئەو دەڵێ :
کاروانی میشکە بۆ شارێ گوڵ و نەسرین دەبا
گەر ببینێ تاقی پەیوەستی برۆت فەرهادی چین
ڕۆحی شیرینی بە قوربانی بە سەد ناڵین دەبا
پێچ و تاوی زولفی خاو و ڕەمز و غەمزەی سیحری چاو
ئەو لە لایێ روح دەکێشێ، ئەم لە لایێ دین دەبا
نەشتەری چاوی حەبیبم دێ بە سینەمدا دەچێ
مەرهەمی نازی تەبیبم بۆ دڵی خوێنین دەبا
من وەها مەستی گوڵەندامم کە نازانم ئەبەد
هۆشی من دوگمەی تەڵا، یا ساعیدی سیمین دەبا!
تا "وەفایی" لەو دەرە بێت و بچێ، مەنعی مەکەن
سوورمەیی خاکی دەرت بۆ چاوت پڕ ئەسرین دەبا

٣

سەری کوڵمت لە نێو زولفی سیا دا
ئیشارێکە لە نووری شەو چرا دا
سجوودی بردە ئەبرۆت ڕۆژ لە سەر ڕووت
شەوی دینێ کە تۆ زولفت وەلا دا
ئەمن چاوم لە ڕۆژ دا پڕ لە خوێن بوو
کە ئاوێنەی جەماڵی خۆت جەلا دا
شەو و ڕۆژ هەر لە فیکری زاری تۆ دام
بەهیچی عومری شیرینم بە با دا
ئەرێ ڕۆحم بە لێوی پڕ لە خەندەت
ئەرێ هۆشم بە چاوی سورمە سا دا؟
لە بەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ
کە من شا بم لە بن باڵی هوما دا
موورادی ڕۆحمە بۆیە " وەفایی"
بە دڵ ماچی لە غونچەی لێوی نادا

٤

تابی سەری کوڵمت بوو کە وا زولفی بە با دا
یا ڕۆژی ویسالت شەوی هیجرانی وەلا دا ؟
خاڵی دەمتە یا مەگەسی حوققەیی شەککەر
یا خۆ حەبەشی زادە لە نێو ئابی بەقا دا ؟
خوێنین جگەرن تالیبی ئەو زارە دوو عالەم
ئەو جەوهەرە بۆ هیچە بە دوو عالەمی نادا ؟
هەر تارە کە وا مەسکەنی بارێ دڵ و ڕوحە
سەد ڕۆحی بە با دا کە بە داو پەرچەمی بادا
بازاڕی شکا وەک دڵی زارم گوڵ و نافە
تاتای سەری زولفی کە بەسەر عاریزی دادا
ئەو زارە کە وا هەر بە تەبەسوم هەیە حاڵی
پیرێکە دەڵی گا لە بەقا گا لە فەنا دا
حەیرەت زەدەیی نێرگس و ئەبرۆتە " وەفایی "
کافر نییە ، وا مەستە لە میحڕابی دۆعا دا

٥

بیا ای جان من ساقی فدای ساغرت بادا
ئەمان سووتام ئەمان جامێ لە نۆبەی دەورە بەم لا دا
هوا خود نافە می ریزد، صبا مشک ختن بیزد
مەگەر دیسان بە دەم بادا حەبیبم پەرچەمی بادا ؟
گدا و بزم شاهان؟! ما و وصل او هیهات !
لە بەر وەی ئارەقی کوڵمی لە باتی مەی بە مەی نادا؟
پریشان کرد چون بر چهره دو زلف عنبیرین، گفتی :
بەهارێک سونبوڵی تاتای بە بارێ یاسەمەن نا دا
عرق بر گردن و خط بر عذار و خنده در لعلش
دەڵێی شەککەر لەمەڕ عەنبەر، لە گەڵ ئارەق لە مینا دا
بە چشم اشکبارم عکس روی و موی جانان بین !
شەو و ڕۆژ، ڕۆژ و شەو هەر دوو لە نێو عەقدی سورەیا دا
بهای بوسەی ناکردە جان باشد بە چشم ما
دەمت وا بێنە ـ چاوم ـ قەت بووە گەوهەر لە دەریا دا ؟
فغان و گریەی دل از غم روی تو در زلفت
دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ شەو، لە نێو بولبول لە سەحرا دا
" وەفایی " تا منم گریان و سوزان در پی یارم
تەمەننام هەر لە یارە گەر بە ئاو و ئاورم دادا

٦

هەرچی لە سەر تۆ گەڕا، شاد بوو بە دەوڵەتی ڕووت
زوڵفی شکستە بۆیە دەستی لە دامەنت دا
سەد رۆح ئەگەر فیدا کەم ناگەم بە خەتی خاڵت
من نائومێد و مەحرووم هیندوو لە گوڵشەنت دا
زوڵفت لەپێ کەوت و خەت، هات بە تەمای قەتڵی دڵ
ئاخر بە دەستخەتی خۆت گرتت بە کوشتنت دا
ئەی نەوبەهاری جوانی، رۆحمێ بە حاڵی بولبول
نەوەک سەرمای هەناسەی لە گوڵ و یاسەمەنت دا
ئەی خەت بە زولفی دولبەر، تۆ بوویە فیتنەیی دڵ
دڵ بێ خەم و خەیاڵ بوو هاتی بە گرتنت دا
وا تێمەگە عەزیزنم کوشتمت و ناهومێد بووم
دەستم ئەگەر نەگەییێ خوێنم لە گەردنت دا
بە قسەم بکە " وەفایی " بمرە هەتاکوو ماوی
وەسڵی بەقا بە ئایات ئەوا لە مردنت دا

٧

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەر دا
شۆخێ کە غەمی ئاوێنەداری بە قەمەر دا
خەملێیوە وەکوو گوڵ بە سەر و بەرگی بەهاری
خۆی گوڵ، دەمی گوڵ، چەبکەنی گوڵناری لەبەر دا
بۆ زەوقی تەکەللوم کە دەمی هاتە تەبەسسوم
خەندەی لە دەمی خونچە و تەعنەی لە شەکەر دا
شەڕیانە لە سەر موڵکی دڵم خەمزەوە و نازی
بۆیێکە بە جووت دێن وەکوو نەشتەر بە جگەر دا
گەنجینە تەلەسمی هەیە بەو چاوە لە سەر هیچ
وەجهی چییە ئاشوفتەیە زولفت لە کەمەر دا
تیرت کە قەراری جگەرم بوو وە دڵم کەوت
تا ڕۆژی حەشر داغی خەدەنگت لە جگەر دا
ماڵێکە هەموو وەقفە لە شۆقی سەری کوڵمت
عومرێکە هەموو سەرفە لە ناڵینی سەحەر دا
هەر لەحزە وەفایی وەکوو بولبول کە دەناڵێ
کەس مەنعی نەکا عەشقی گولەندامی لە سەر دا

٨

مەششاتە کە شانەی لە سەری زولفی سەنەم دا
ئاشوفتەگیی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا
قوربان وەرە سەیرێکی دڵ و عالەمی دڵ کە
هەر زەوقە بە دڵ، شەوقە لە سەر، ئاهە لە دم دا
ئاوێنەیی دڵ وا لە جەلادا بە تەجەللا
دێوانەیی ڕووت کەی لە هەوای شەوکەتی جەم دا؟
بۆ خاتری خەندێکی بە ڕەنگی گوڵ و باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لە دەم دا
خەندەی گوڵی زارت کە نەبوو باعیسی مەستیم
بۆچی دڵی من دەستی لە گوڵزاری ئیرەم دا ؟
ئاخر سەگی خاکی دەری تۆ بووم بە جودایی
مروەت نەبوو تیغت لە سەری سەیدی حەرەم دا
ڕوحم بە نیساری قەدەمت! بۆچی دەڕەنجی؟
ڕوحم کە بە من بایە، وەکوو دڵ ، چییە؟ دەم دا
وا عاشقی زار و کەمەری تۆیە وەفایی
لە نێوە وجوودێکە لە بەینی دوو عەدەم دا

٩

کاکۆڵی بە دەم باوە کە بادا بە بەدەن دا

بازاڕی شکا نافە بە سەر چین و خوتەن دا

تورکانە گوڵم پەرچەمی کەوتۆتە عوزاری

وەک سونبوڵی ئاشوفتە لە سەر بەرگی سەمەن دا

تا هەوری بەهاری نەبزووت، خونچە نەپشکووت

بۆیە دەگریێ خەندە بە سەر گریەی من دا

گۆیا وەکوو من بەو قەدە سەوداییە زولفت

سەرگەشتەیە وا تا بەری پێت چین و شکەن دا

من کوشتە، ئەوتۆ بەو دەمە شیرینە مەسیحی؟

من تەشنە ئەتۆ ئاوی حەیاتت لە زەقەن دا

هێشتا دڵەکەم سەرخۆشە نایێتەوە سەر خۆ

ساقی بە کەڕەم دوێنێکە جامێکی بە من دا

زولف و روخ و لێو، عاریز و خەت، زایەقە بەخشن

وەک زوهرە بە شەو، مەی لە قەدەح، گوڵ لە چەمەن دا

کەی بەستەیی زەڕێکە دوو و سەت بەرقی لوئالی

ئەو خەندە مەگەر موعجیزەیە وا دێ بە دهەن دا ؟

بۆ ڕۆژی نیساری قەدەمت ئەشکی وەفایی

مرواربیە. پەروەردە لە نێو کانی یەمەن دا

١٠

لێوی ئاڵت دەڵێن عاشق لە سووتان بەردەدا
زەڕڕەیەک نووره بەڵی ئاگر لە ئینسان بەر دەدا
من لە سیڕڕی حیکمەتی چاوت عەجەب ماوم ، عەجەب!
ئەو نەخۆشە خوێنی قەلبی من بە موژگان بەر دەدا
ئەژدەهای زولفت تەلەسمێکە لە سیحری بابلی
میهری ئاگر شوعلە دەگرێ، ماهی تابان بەر دەدا
هیندوویی خاڵت وەنێو باغی جەماڵت کەوتووە
باغەوان خانەی خەرا بێ! بۆچ گوڵستان بەر دەدا ؟
لێوی یاقوتت ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە
پێم بڵێ وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بە دەردا؟
زاری تۆ گوڵزارە خۆ، بۆچ ئاوی حەیوانی هەیە؟
سەروی تۆ ئازادە، بۆچ نارنج و ڕوممان بەە دەدا؟
لێوی ئاڵ و چاوی کاڵت بوونە فیتنەی دین و دڵ
حەقیەتی ـ بیللا ـ وەفایی دەست لە ئیمان بەر دەدا

١١

" ما رأيت الليل ان من لحظه صار الغدا
فی الذوایب وجهک أم فی الدجا شمس بدا
قەت نەهاتە دەست و جارێ نەبووە ئارامی دڵم
تا قیامەت داغی زولفانت لە جەرگی ئێمەدا
بمکوژی، سەد جار دەرم کەی، ڕووی من و خاکی دەرت
کیف یخرم سائل من بابک حاز الندی؟
ئاگری عیشقت لە روحم بەربووە سەر تا قەدەم
وەک نەیستان هەر دەسووتێم مات و خامۆش بێ سەدا
دڵ بە مەحزی روئیەتی زولفت بە ڕوو دا کەوت و مرد
مرد و نەمزانی: نە گەنج خستی نە ماری پێوە دا؟
چەند بە ناز دێت و دەچێ سەرخۆش و شۆخ و شەنگ و مەست
ئەی گوڵی نازدار، ئیلاهی، بای خەزانت لێ نەدا
باغ دەبێ هەر گوڵ فرۆش بێ، یار کە دێتە پێکەنین
" با " دەبێ عەمبەر بە با دا، ئەو کە زولفان با دەدا
دین و دڵ، سەبر و قەرارم چۆتە ڕێگای یەک نەزەر
تۆ بڵێی ئەو شۆخە وا سەمەستە قەت بێتە ڕەدا؟
بۆچ برۆم لێ تێک دەنێی، ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم !
کابە کەج بوو؟ قیبلە گۆڕا؟ ماچێکم لەو لێوە دا ؟!
دەست و دامان زولفەکەی کەوتۆتە بەر پێی و دەڵێ :
تۆ خەنی، من بێ نەوا، تۆ پادشاهـ و من گەدا
خەندە بەو شیرینییە، دەم بەم نموونەی حیکمەتە

قەت وەفایی نەبووە وا خۆش بێ.. خەبەر دەی نۆرەتەدا !

١٢

بە خۆڕایی نییە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا
لە ڕووتی دیوە جیلوەی تاتەشی (سینا) لە سینەی دا
گوتم: عەقدی سورەییا ماهی من تونگی شەکەرنەی بوو
کەچی بۆ ڕاستی ئیعجازی خۆی یارم لە خەندەی دا
عەسای فەتحی مووسا کۆڵ بوو بە موعجیزەی شکافی کرد
کە فیرعەونی خەتی هات و ئیحاتەی تووری کوڵمەی دا
درۆت فەرموو حەزم بێ نایەڵم، گەر ڕاست دەڵێی سا دەی!
فەرەنگی قەومی دەجال ـ ئەی مەسیحا ـ دەوری کەعبەی دا
لە سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ بە مەحزوونی
وەرن لەو شیوە گوێ بگرن بە شێن و شیوەنی نەی دا
مەکەن مەنعی وەفایی چونکە سەرگەردانی جانانە
لە سەر دینی کە شێخی خانەقا بردی کە تۆبەی دا

١٣

هەرکە دی جەننەت بە ڕوودا زولفی پڕ تابی شکا
تاری سونبوڵ، حورمەتی گوڵ ، بەرگی سیرابی شکا
ماهی شەوئارام بە خەندە هات نیقابی کردەوە
ئاسمان نەزمی سوڕەییا، شەوقی مەهتابی شکا
کارگا خاکی بەسەر، وەستا بە ڕوو و سینە و بڕۆت !
نرخی قاقوم، قەدری خەز، بازاڕی سنجابی شکا
دەوری تووری کوڵمی دا فیرعەونی خەت چارەی نەهات
ئەی دەریغا! سەرد کەڕەت مووسا بە بێ تابی شکا
تاقی پەیوەستی بڕۆت وا بوو بە قیبلەی خاس و عام
کەعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا
کەس نییە لەو نوکتە حاڵیم کا وەفایی!، دولبەرم
خۆی دەمی هێنا، ئەمن گەزتم، دڵی بابی شکا !

١٤

غەمزەدەی زولفم بە غەمزەی چاوی حەیرانم دەکا
بەستەیی داوم خەدەنگی تیرەبارانم دەکا
عاشقی زارم لە سەر هیچ ئەو نیگارە دەمکوژێ
تفلّی نادانم لە سەر ماچێ لە گریانم دەکا
داعیەی ئاوێنە دینی کوفرە نەک ڕوحمێکی بێ
حەقیەتی بەو چاوە کاڵانە کە تاڵانم دەکا
یاری من هەرگیز لە قەتلّی عەشقان پەڕوای نییە
چونکە ڕوومەت شەمعە بۆیە حەز بە سووتانم دەکا
ئاو لە چاوانم لەبەر زولف و عوزارەت دێنە خوار
دووکەڵی ئەو مەجمەرە هەردەم لە گریانم دەکا
من دەڵێم: یاقووت و ڕەیحان خەتتی کامیان خۆشترە؟
ئەو بە عەییاری ئیشارەی لەعلەی خەندانم دەکا
قامەتی تۆ نەخلی توورە، تەلعەتی تۆ نووری توور
دەمبەدەم وا وەجهی جیلوەت مەست و حەیرانم دەکا
فیکری زولفت عیللەتە، وەسفی ناکەم قەت بە دڵ
نوکتە گۆیی پیشەمە هەودای پەرێشانم دەکا
ڕوو لە ئەبرۆی تۆم دەکا چاوت بە موژگانی، کەچی
قیبلە نیشانم دەدا، کافر موسوڵمانم دەکا !
پێم دەڵی: بگری وەفایی، گەر ئەسیری لێومی
یەعنی مرواریم دەوێ، چی نرخی مەرجانم دەکا ؟

١٥

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار! یار هاتە سەر خەندە
سەڵا، ئەی بولبولان! دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا
مەگەر ڕێی کەوتە زولف و ڕووی حەبیبم بایی نەورۆزی؟
حەیاتێکی بە دونیادا و بۆی گوڵعەمبەری هێنا
بە فەتحی دڵ دەڵێی یار زولف و سینە و ڕووی وەدەرناوە
لە نەسرین و گوڵ و سونبوڵ بەهار هات لەشکەری هێنا
دەڵێی چاوی منە هەوری بەهاری دەم بەدەم دەگری
دەڵێی ئاهی منە بەرقی درەخشان ئاوری هێنا
هەوا چوو پڕ بە دامانی دەر و دەشتان، گوڵی کێشا
سەبا هات پڕ بە جەیبی کۆهساران عەنبەری هێنا
لە نێو بەزمی وەنەوشە و جۆ کەناران، لالە پەیدا بوو
بە تاریکی خزر بۆ چەشمە شای ئەسکەندەری هێنا
کە ئیسلامی بەهار فتوای جیهادی کافری دەی دا
سنەوبەر نێزە، گوڵبون گورز و سۆسەن خەنجەری هێنا
نیسار ئەفشان بە پایەندازی سوڵتانی بەهار هاتن
سەمەن دیبا، شەقایق ئەتڵەس و گوڵ مەخمەری هێنا
لە شایی دارە، گوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومورڕود، گوڵ لە یاقوت ئەفسەری هێنا

لە بەزمی نێرگس و نەسرین بە دەفعی چاوەزاری گوڵ
وەنەوشە دەستە دەستە عوود و، لالە مەجمەری هێنا
لە مەیخانەی چەمەن بەزم و تەڕەبیان گرت قەدەح نۆشان
شەقایق بادە، زەنبەق شیشە، نێرگس ساغەری هێنا
لە چەهچەی ساز و نەغمەی عەندەلیبان سووت هەموو دونیا
سەدایی تارزەن، ئاوازی خۆشخوان، ئاوری هێنا

حیکایاتی غەریبی پێیە بولبول جوملە خۆ کردی
دەڵێی چاپاری ئێران ڕۆژنامەی ئەختەری هێنا
بە شەوقی ڕوویی لالە و گوڵ لە باغان وا چراخانە
دەڵێی باغی جینان ئەمساڵ بەری حۆر و پەری هێنا
لە گوڵشەندا ڕەیاحین مەست و شادابی هەوای خۆشن
دەڵێی ڕیزوانە بۆ ئەهلی بەهەشتی کەوسەری هێنا
شکۆفە و گوڵ بە خەندە و عیشو ئارامی دەروونیان دا
بەهار بۆ خەستەکانی خۆی چ شیر و شەککەری هێنا؟
بە زەرد و سوورەوە خەمڵیوە بۆ دامادی بولبەل هات
وەرەق میعجەر، ئەرز گوڵگوونە، شەونم زیوەری هێنا
هەموو کەس چاوەڕوونی لێک دەکەن وەک سوورمەیان دیبێ
مەگەر بادی سەبا خاکی گوزاری دڵبەری هێنا
چ دڵبەر؟ ئافتابی ماهروویان و شەکەر لێوان !
بە خەندێکی لە سەحرا گوڵ لە دەریا گەوهەری هێنا
بە بێ شاباشی سەر، بە قسەی وەفایی گوڵ چرا نابێ
کە بولبول هەر زمانی هەن، وە پەروانەش سەری هێنا

١٦

بۆ لەبی جانان ـ بە چاوت! ـ من ئەوا بوومە کەباب
" دوستان ساقی کجا تا در دهد جان شراب؟"
شەو بە ڕۆژ ئالاوە یا سونبوڵ لە دەوری بەرگی گوڵ
" یا پریشان گشتە بر روی تو زلف پر ز تاب؟"
تا بزانن ڕۆژ و شەو هەر دوو لە لایەک دێنە دەر
" زلف و روی خود عیان کن بر فکن بند نقاب"
زەوقی خەندە و شەوقی جیلوەی تۆیە حەیرانم دەکەن
" شهد و شکر بین کە ریزد از تکلم آفتاب"
ماچی لێوت ئەو دەمەی خۆشە کە بێیە پێکەنین
" خوش بود گل بشگفد بلبل شود زو کامیاب "
مەوجی گریانم گەیشتە ڕووی و چاوی لێ نەکرد
" سیل برگلشن زد و نرگس نمی خیزد ز خواب"
لەو دەرە مەکۆژە چونکە شێتی زولف و ڕووی تۆم
" عاشقم صید حرم! سوادایی و مست و خراب "
قەت بە مفتی دامەنێ ئیدی وەفایی فرسەتە
" گۆشەی گلزار و جام بادە و بانگ رباب "

١٧

ئەلئەمان سەر تا قەدەم سووتام و جانانم نەهات
چاو لە سوورەمەی خاکی ڕێ بووم، ڕاحەتی جانم نەهات
خاڵ و خەت گوڵزار و، ڕەنگی شۆخی بێ باکم نەدی
زولف و ڕوو هیندوو فەڕەنگی شاهی خووبانم نەهات
ئەی عەجەب گریام وەکوو هەوری بەهاران و کەچی
پێکەنینی ئەو گوڵەی کاکۆڵ پەرێشانم نەهات
چاوی خوێنین غەرقی پڕروین بوو لە بێ میری گوڵم
مات و حەیرانم لە سەرچی ماهی تابانم نەهات
حەڵقەیی زوننارى زولفی بوو بە میحرابی دۆعام
تورکی کافرکێش و یاری نامسوڵمانم نەهات
تەشنە لەب دێوانە بووم، سەرگەشتەیی زوڵماتی خەم
دڵبەری باڵا بڵندم، ئابی حەیوانم نەهات
کەعبەیی ڕوحم ، حەبیبی من ، عەجەب پەیدا نەبوو
قیبلەیی دینم، تەبیبی دەردی پەنهانم نەهات
نەی سیفەت ناڵینمە، بولبول تەریقەت شینمە
شای شەکەر لێوان گوڵ و ئەگریجە لەرزانم نەهات
بوو بە خوێن غونچەی دڵم، نەمدی هەوای خەندەی گوڵم
سووت دەر و ژوورم، سەدای بەرقی بەهارانم نەهات
چەند بە چەند گریام هەوای عیشقم لە سەر خاڵی نەبوو
غەرقی تۆفان بووم کەچی تەسکینی سووتانم نەهات

وەک وەفایی تابەکەی بگریم بناڵێنم بلێم
ئەلئەمان سەرتا قەدەم سووتام و جانانم نەهات

١٨

نیگارا ئەی بە غەمزە ئافەتی دڵ، چاوی بێمارت
ئەمان سەر تا قەدەم سووتام لە دووری نووری دیدارت
دەسا ڕوحمێ وەفادارم! بە حاڵی داد و هاوارم
کە وەک بولبوول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حەڵقەی پەرچەمی خاوت
دڵم ناوێ ئەگەر نەیکەم بە فیدیەی چاوی عەییارت
ئەسیری زولفی خاوی تۆم، شەهیدی ڕەمزی چاوی تۆم
ئەمن گیراوی داوی تۆم، لە سەد جێ دڵ بریندارت
شەهیدی نازی تۆم و داغداری باغەوان ئەی گوڵ
لە دووری تۆ بناڵێنم یان لە سەر بێدادی ئەغیارت ؟
ئەمن نەمدیوە هندوو باغەوانی باغی جەننەت بێ
بە شیرینی چ دڵکێشە؟ بنازم خاڵی ڕوخسارت !
لە لایێ شەککەرستانە، لە لایێ ئاوی حەیوانە
ئەگەر گوڵ بێ ئەگەر خونچە، لەب و زاری شەکەربارت
وەفایی دوور لە وەسڵی تۆوە پەبەندی تەلسمێکە
لە سەر گەنجی جەماڵت کەوتە داوی زولفی ڕەشمارت

١٩

دیسان بە هەوری نیسانی دونیا ڕەنگی ژەنگاری گرت
گوڵ زەرد و سوور هاتە دەرێ دشت و سەحرا و کۆساری گرت
دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دەڵێ بە دەرد و غەم
لە تاوی غونچەی گوڵبەدەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت
بەو خاترەی گوڵ دەکەوێ، بە خەندە هەستێ لە خەوێ
هەوری بەهاری ناسرەوێ، شێوەی عەشق و دڵداری گرت
گوڵ لە باغاندا جۆشاوە، ڕەنگ ڕەنگ سەف سەفیان کێشاوە
لالە دەڵێی دڵ ئێشاوە، کەناری جۆیباری گرت
سەدای سێ تار لەو خوارە دێ، ئاهەنگی تارە دیارە دێ
یا سەوتی قومری و سارە دێ! بەزمیان ڕویی گوڵزاری گرت
بولبول هاتبوە حاڵی مردن، بەرگی خونچەی وەلا بردن
تا تێر دەبێ لە ماچ کردن، خار گەردەن و بازاڕی گرت
لالە سەرتاپێ خوێناوە، جەرگی بە چەند جێ سوتاوە
دڵی هەر وەک من شێواوە، داغی زولف و ڕووی یاری گرت
هەتا نەگریم ناڕوا سەبرم، دامانی یار کەنگێ بگرم
لە بەر عومری قومری بمرم، سەروی لە نێو کەناری گرت
یاران نەکەن بازی نەزەر، بەردەنە سەیدی بازیکەر
زۆرم دی بازی بە خەبەر، شابازی دەوڵەت یاری گرت
ڕۆژێکی پیری مەیکەدە، فەرمووی دڵت بە هیچ مەدە
ئەو دڵە پڕ لە مەفسەدە، عەکسێکی ڕووی دڵداری گرت

غافڵ بووم جارێ لە ناکاو، ڕەنگی غەیرێکم کەوتە چاو
قەلبی سەلیمی ناتەواو، نەخۆش بوو لێم ئازاری گرت
کاری دڵم چل ڕۆژە بوو، نەک بێکاری و دەرۆزە بوو
مەقسوودی من پیرۆزە بوو، ئەو ڕۆیی بووتیماری گرت
ئەو نەفسی بێ هەوایی من، سەرکەش بوو بێ ڕەزایی من
جامی جیهان نومایی من، سەرزەدە بوو غوباری گرت
لە سەر تاقی برۆی جانانە، شەیدای زولفی پەرێشانە
سەوادا سەر و دڵ دێوانە، قیبلەی بەردا زونناری گرت
پیری من و دۆستی خودای، ڕووحم فیدای شەرت و وەفای
دیسان لە بەر نووری زیای، هەر دوو دونیا ئەنواری گرت
لەو سەهبایە ڕوحی دڵە، ئارەقی ڕووی بەرگی گوڵە
زانی دڵم بێ حاسڵە، دەستی دڵی بیماری گرت
لە سایەی ڕۆژی هیممەتی، وەفایی بوو بە جەنەتی
نەخڵی سنەوبەر سووڕەتی، بار بار بەری گوڵناری گرت

٢٠

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنم زولفی پەرێشانت
علاجێ، چارەیێ، ڕوحمێ، ئەمان دەستم بە دامانت
غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆم، بە گۆشەی چاوی بێمارت
ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆم، بە نووکی تیژی موژگانت
ئیشارەت ئافەتی ڕوحم، کەلامت غارەتی دینم
تەبەسوم سیحری لێوانت، تەکەللوم ڕەمزی چاوانت
مەگەر سەر تا قەدەم زولفت وەکوو من خاو و شێواوە؟
کە سەرگەردان و سەودایە لە سەر چاکی گەریبانت
دەڵێی شەککەرفرۆشی شاری میسرە وا بە شیرینی
بنازم ! خاڵی هیندووی تۆ لە گۆشەی لێوی خەندانت
ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین دام بە سوورمەی چاوەکان، ئیدی
بەسم سەوداسەر و ڕیسوا بکە تۆ و دین و ئیمانت
تەلیسمی بابلە سیحری حەڵاڵە، ڕەنگی ڕەیحانە
شکەنج و بەندە ، یا خۆ جێی دڵانە زولفی سەر شانت
بە ئازادی لە کن خۆی شوهرەیە، من مات و حەیرانم
گوڵ و نارنجی بەر هێناوە خو سەروی خەرامانت
لە بەر چاوت بگرییەم، یان لە دەست تۆ داد و هاوار کەم
لە بەر نەیڕەنگی مەستان، یان لە سیحری ڕەنگی دەستانت؟
دڵم سەودازەدەی باڵاتە، خۆم دڵدادەیی ئەبرۆت
بە باڵا دڵ بەڵاگیرت، بە ئەبرۆ خۆم بە قوربانت
لە دادی من بپرسە جارێ ئەی سوڵتانی عیشوە و نازا!

بە ناهەق بۆچی بمکووژێ ئیشارەی چاوی فەتتانت؟
وەفایی کەوتە حەڵقەی زولفت، ئیدی مەیدە بەر موژگان
کە من کوشتەی تەنافت بووم، چ لازم تیرە بارانت؟

٢١

یار هاتە تەبەسسوم بە هەناسەی منی مەبهووت
گوڵ گوڵ بە نەسیمی سەحەری خونچە دەپشکووت
وا زولفی لە سەر گەردەنی لاچوو بە هەناسەم
شەو فەجری بەیان بوو کە نەسیمی سەحەر ئەنگووت
هاڕووتی دڵم هات و لە چاهی زەنەخت کەوت
سەرگەشتە لە دووی خەمزە بە دوو نەرگسی جادووت
ئەبرۆت مەدەدی زەلفە لە کێشانی دڵاندا
بۆییێکە وەها خەم بووە شاهێن و تەرازووت
سەف بەستە هەموو مونتەزیری ئەمر و نیگاهن
قوللابی موژەت ، زولفی ڕەشت، گۆشەیی ئەبرۆت
هەر یێکە لە لایێ بە تەمای قەتڵی وەفایی ـ ن
تابووری حەبەش، لەشکەری چین، عەسکەری هیندوت

٢٢

بەس بێ جیلوەی زولف و خاڵان! ئاشقی ڕوخساری خۆت
ئاڵ و واڵای خولدی ناوێ تالیبی دیداری خۆت
زولفەکان دێنی و دەبەی، بێ خەم لە کوشتەی چاوەکان
شەو دەچێ، ڕۆژ دێ، دەمێکی نایە سەر بیماری خۆت
هەر ڕەگێکم دەنگ و ئاوازێکی لێدێ پڕ خرۆش
ئاورت بەرداوەتە عالەم بە مۆسیقاری خۆت
با بە جارێک تێکنەچێ کاری دڵ و دین، ڕوحەکەم!
وا پەرێشانی مەفەرموو زولفی عەنبەرباری خۆت
پەیبەندی زولفی تۆم ، مەحڕومی ڕووی خۆتم مەکە
با بە داغی تۆوە نەمرێ بولبولی گوڵزاری خۆت
دڵ بە تیغ، گیان بەندە فەرمان، لەشکری ناز بۆچی بێ؟
پادشاهم ! بێ خەتا وێران مەفەرموو شاری خۆت
دەستی خۆم دا زولفەکەت، مەمکووژە خۆ کافر نەبووم
قیبلەکەم هەر تۆی بە دڵ، بمبەخشە بەو زوناری خۆت
دەمبەدەم ناڵەی وەفایی دێ لە هەڵقەی زولفەکەت
جارێکی نابێ بپرسی حاڵی شەو بێداری خۆت؟!

نامەوێ عەیشی جیهان حاشا لە فیردەوسی بەرین
تۆی موورادی دین و دونیام، ناری خۆت ئەنواری خۆت
گاهـ بە یاری ، گاهـ بە دیدار، دڵ دەکێشی و دین دەبەی
هەر دەمەی نەوعێ ڕەواجی پێ دەدەی بازاڕی خۆت
گاهی موتریب گاهی ساقی، من فیدای زولفو ڕوخت
کفر و ئیمان لێکدەدەی سەرخۆش بە نەغمە و تاری خۆت
زولفەکان دێنی و دەبەی بێ خەم لە کوشتەی چاوەکان
شەو دەچێ ڕۆژ دێ دەمێکی نایە سەر بیماری خۆت
هەر ڕەگێکم دەنگ و ئاوازێکی لێ دێ پڕ خورۆش
ئاورت بەرداوەتە عەلەم بە موسیقاری خۆت
با بە جارێ تێک نەچێ کاری دڵ و دین، ڕووحەکەم!
وا پەرێشانی مەفەرموو زولفی عەمبەرباری خۆت
پایەنەندی زولفی تۆم، مەحرڕوومی ڕوی خۆتم مەکە
با بە داخی تۆوە نەمرێ بولبولی گوڵزاری خۆت
دڵ بە تیغ، گیان بەندە فەرمان، لەشکری ناز بۆچییە؟
پادشاکەم! بێ خەتا وێران مەفەرموو شاری خۆت
دەستی خۆم دا زولفەکەت مەمکوژە خۆ کافر نەبووم
قیبلەکەم هەر تۆی بە دڵ، بم بەخشە بەو زوننناری خۆت
دەم بەدەم ناڵەی وەفایی دێ لە هەڵقەی زولفەکەت
جارێکی نابێ بپرسی حاڵی شەو بێداری خۆت؟!

٢٣

ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر پێکەنینت
شەونم لە گوڵ باری ڕۆژی گرت پەروینت
تۆ خودا زولفت لادە تا تێر کوڵمت ماچ بکەم
ڕێی بولبول با نەگرێ لەو باغە پەرژینت
زولفت خەتاکار بوو چاوتی بە ڕوو داخست
با بچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت
چاو بازەی چاومەستە، لەو بادەی ئەلەستە
دەستم بگرە هەستە، تۆ و دین و ئایینت
کەوتومە نێو زولفت بۆ خۆت بگرە دەستم
کافر نەبووم بێ ئیمان، تا بێمە سەر دینت
شەو تا سەحەر وەک گول دڵ پڕ لە خوێناوم
یاخوا شەماڵ بێنێ، بۆنی عەرەق چینت
قوربانی ئەو ڕەنگەم دونیای ڕەنگاند ڕەنگ ڕەنگ
بەو ڕەنگەی بێ ڕەنگەی ڕوخسارەی ڕەنگینت
زولفت ڕووی داپۆشی، ئەبرۆت عەڕەق ناکە
ڕۆژیان لێ کردمە شەو، بەو مانگ و پەروینت
ڕەحمت پێمدا نەهات شیرین ـ خوداگیر بی
ڕوحی بۆ تۆ دانا فەرهادی مسکێنت
بۆچ هەر وەفایی شێت بوو وەکێوان کەوت؟
سەد خوسرەو و فەرهادە بۆ لێوی شیرینت

٢٤

لە ژێر زولفی سیا ڕووی خستەدەر چاوی لە دونیا کرد
شەوی دی، سوبحدەم گۆیا دەری مەیخانەیان وا کرد
بە ئاو و ڕەنگ و ڕووی، حۆری. بە زولف و کاکۆڵی، غیلمان
گولاویان دا بە مەیخانێ، غوباریان عەمبەرئاسا کرد
بە ڕەنگی چاوی خۆی ساقی لەبا لەب جامی مەی گێڕا
بە تەرزی زولفی خۆی موتریب دەمادەم چەنگ و نەی چاکرد
خەرامان شاهی شاهان هات، هیلاکی دین و ئیمان هات
بە زولف و ڕوویی تابان هات، کە کفر و دینی یەغما کرد
لە جیلوەی قامەتی بەرزی، لە عیشوەی زولفی سەد تەرزی
زەمین و ئاسمان لەرزی، سجوودی ڕووی دلارا کرد
شەکەر خەندەی گوڵی زاری دڵی هێنامە هۆشیاری
مەگەر گوڵقەندی لێ باری، کەوا بێماری ئەحیا کرد؟
هەزار تای زولفی وەک سازێک، بە ناز بوو نەغمە پەردازێک
کە هەر سازەی بە ئاوازێ دوو دنیای پڕ لە غەوغا کرد
لە عەکسی شۆخ و شەنگێکە، جیهان گوڵ گوڵ بە چەنگێکە
هەر ئەوڕاقی لە ڕەنگێکە، بەیانی حوسنی یەکتا کرد
وەنەوشە و گوڵ لە باغان بوو، لە باغان شەو چراخان بوو
مەگەر داڕوی نەساغان بوو، بە ڕوو دا زولفی تاتا کرد؟
لە تاتای زولفی شەوگاری، درەخشا نووری ڕوخساری
لە هەر هەڵقێکی سەد تاری، هەزار خورشیدی بەرپا کرد
غروری حوسنی خۆی وابوو، دەمی پڕ خەندە کرد و چوو

که بۆ خۆی ڕازی خۆی فەرموو، وەفایی بۆچی ڕیسوا کرد؟
هەوا بۆنێکی چینی پەرچەمی کرد و وەکێوان کەوت
سەبا عەترێکی خونچەی زاری هێنا و ڕووی لە سەحرا کرد
نیشانێکی لە ئەنواری جەماڵی خۆی بە شەم بەخشی
سەرانسەر گیانی پەروانەی پڕی سووتان و سەودا کرد
نەسیمێکی لە باغی حوسنی خۆی هێنا بە گوڵ دادا
سەراپا بولبولی زاری پڕی ناڵە و تەمەننا کرد
کەمان ئەبرۆیی پەیوەستی، بە غەمزەی چاوەکەی مەستی
که دای تیرێکی سەر دەستی، لە جیسم و گیانی ئاوا کرد
مەگەر موژگانی نەشتەر بوو، حەکیمی چاوی دلبەر بوو
که خوێنی دڵمی پێ دەر بوو، نەخۆشی خۆی موداوا کرد؟
گوتم ئەی شۆخی چاو مەستم، خەراب و ئاشق و مەستم
بە ڕەحمەت بگرە ها دەستم، خوماری ئاشکارا کرد
دڵی دا دڵشکستی خۆی، هەڵستا هات بە دەستی خۆی
بە جامێکی ئەلەستی خۆی، وەفایی شیت و شەیدا کرد

٢٥

دیسان نەسیمی بەهار، نەرم نەرم هاتە خوار
دونیای زیندوو کردەوە بە ئەمری پەروەردگار
بە ئاه و گریان دیسان، هاتەوە هەوری نیسان
جگەر پڕ ئاو و ئاور، وەک ئاشقی بێقەرار
هەوا لە بەرگی گوڵان، تەبەق تەبەق عەتری سوو
سەبا لە بۆی یاسمەن، چەمەن چەمەن موشکبار
هاتەوە بایی وەزان، بوو بە بەزمی نێو ڕەزان
کانی بە تاو هاتنە ژان، وەنەغمە کەوت ئابشار
نمەک فرۆشی داغان، کردیانە شەوچراخان
سوورە گوڵی رەز و باغان وەنەوشەیی جۆیبار
سەمەن عەتری بە با دا لە نێو چەمەن گوڵ گوڵاو
عەبیر عەنبەری هێنا، وەنەوشە میشکی تاتار
فریبی دین و دڵان لە پەردە بووکی گوڵان
سەبر سەبر هاتەدەر بە ناز و مەست و خومار
دێن و دەچن وەحش و سڵ دەستبەندیانە پڕ بە دڵ
نارەوەن و سەرو و گوڵ لە شایی بووکی بەهار
لە نێو بەزمی گوڵستان، بە سەر، بەپێ، بە دەستان
هاتنە سەمایە مەستان، ئەو مەستەکانی گوڵزار
لالە و گوڵ بێ سەدان، شەهیدی عیشقی خودان
ئەم بەتەنی پڕ لە خوێن ئەو بە دڵی داغدار
گوڵ کەسک و زەرد و شینە، بەرگی زموڕەدینە

نەخش و نیگای چینە، دەشت و دەمەن کۆهسار
هەوای گوڵانیان بزووت، هاتنە باغی تاق و جووت
فاختە و عەندەلیب، بولبول و کەبک و هەزار
هاتنە چەمەن کەف زەنان، خۆش نەفەس و نەغمەخان
قومریی و دوڕاج و سار، بە ساز و سەمتوور و تار
بایی سەبا مەست و چوست، هەر وەکوو شاهید پەرست
دەستی لە ڕووی گوڵان خست، بەر بووە بووس و کەنار
زولفی ڕەشی سونبوڵان، خستییە سەر ڕووی گوڵان
ئایەتی نارد بۆ دڵان، حاجیبی لەیل و نەهار
بۆ دەرسی ئەربابی دڵ، پەڕ پەڕی ئەوراقی گوڵ
هەر دەرسی عیشقە حاسڵ، سەرمەشقی ئامووزگار
وەنەوشە و گوڵ خەمڵیوە، عیبرەتە چی نەدیوە
لە یاقووت و لە زیوە، فەزا بە خەتی غوبار
باغ نییە مایخانەیە، پڕ مەی و پەیمانەیە
هەر شەم و پەروانەیە، لە بەر چاوی هووشیار
غەیری ئاوی زۆر و کەم، بە زەمزەمەی زیر و بەم
دەخوێنن  بە هەموو دەم، ،ەعریفەتی کردگار
وەفایی ئیدی بەسە، عیشق و هەوای مەردرەسە
بینووسە ئەم هەندەسە، ببنە خەت و خاڵی یار

٢٦

بایی نەورۆزی ئەوا هات، گوڵ وەشان و عەتربار
وەک شەمیمی ڕووی دڵبەر، وەک نەسیمی زولفی یار
گوڵ قەرارێکی بە بولبول، دابوو دیسان بێتە باغ
زۆر نەچوو بایی وەعدە، هێنای نەویدی بەهار
وەک شەهیدی زولف و ڕووی دڵبەر لە سەر یەک کەورتوون
تا قیامەت مات و بێدەنگ و خەمۆشن لالەزار
بۆی وەنەوشە و سونبوڵە سەحرای سەراسەر، تۆ دەڵێی
بای سەبا عەمبەر دەبارێنێ لە دەشت و کۆهسار
مەیلی کردە جۆیباران سەروی گوڵڕوخساری من
جەننەتێکی دیکەیە ئەمڕۆ کەنارەی جۆیبار
سەربەسەر زیکر و حەدیسی گوڵشەن و سەرو و گوڵە
نەغمەیی گوڵبانگی بولبول، دەنگی قومری، سەوتی سار
بوو بە مایەی سۆزی جەرگ و دوودی ئاهی ئاشقان
گوڵ بە ڕوویی ئاتەشین و سونبوڵ بە زولفی تابدار
باغ دەڵێی مەیخانەیە، پیری موغان گوڵ ، مەیفرۆش!
لالە سەرخۆش، ئەرغەوان پەیمانەکێش، نێرگس خومار
گوڵ بە ناز و عیشوە خەندان، بولبولی ئاشوفتە حاڵ
نەغمە پەرداز، مەست و حەیران، دڵ فیدا و جان نیسار
وەسڵ و گریان قورب و هیجرانە تەریقی ئاشقان
فەسڵی گوڵ بۆیە لە سەر چاوان وەها ئاو دێتە خوار

هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دڵبەر دەدا
ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشاکەن! بە چاوی ئیعتیبار
بۆ تەنی دڵ مردووان کاری مەسیحایی دەکا
سەبز و خوڕڕەم، دڵگوشا، جانبەخشە دەشت و کۆهسار
عەتری بەردا خونچەدەم، نێرگس نیگاهی کردەوە
دوودی عوودی مەجمەری باغ بوو دەفعی چاوەزار
ئەشک و ئاهی من هەتا بێ زۆرتر ئاسوودەگیم
ڕاحەتی ڕوح و دڵە، ئاب و هەوایی سازگار
دەمبەدەم سەرو و سنەوبەر وا کە هەر دێن و دەچن
ئاشقن سەوداسەرن مەجزووبی گوڵ بێ ئیختیار
عیشرەتی هەر دوو جیهان دێنێ وەفایی فرسەتە
گۆشەیی گوڵزار و جامی بادە و ڕوخساری یار

٢٧

ئەی چرای زوڵمەتکەدەی دڵ، ئەی جەلای نووری بەسەر
تۆ و جەماڵی با کەماڵت، ئافتابی یا قەمەر؟
شەو ئەگەر تۆ ماهتابی، ئینتیزاری تا بەکە؟
ڕۆژ ئەگەر تۆ ئافتابی، بۆچ لە هەوران نایە دەر؟
جیلەویەکت پڕ بە عالەم بۆ شەهیدان عومری نوێ
خەندیەکت پڕ بە دونیا بۆ نەخۆشان گوڵ شەکەر
ئاب و تابی ڕووتە مایەی سووتن و گریانی من
گا غەریق و گا حەریقی میهری ڕووت وەک نیلوفەر
ئاوی چاوم بۆتە مایەی سووتن و گریانی من
گا نەخۆش و مەست و حەیران، گا بە هۆش و باخەبەر
وا فیکار و ڕەنجەڕۆم کافر بە حاڵی من نەبێ
بێ قەرار و ئەشکبار و ، دور لە یار و دەربەدەر
هێند لەبەر ئاوری فیراق و ئیشتیاقت مامەوە
بوو بە کۆی زووخاڵ دەروونم، بوو بە خوێن گیان و جگەر
دەستی من دامانی زولفت با لە ڕووت مەحرووم نەبم
ڕەوشەنە موشکیل گوشای شەوزیندەدارانە سەحەر
دوێنێ دەیفەرموو بە هەویای وەسڵی ڕوخسارم مەبە
تا وەکوو زولفم نەبی، گەردەن کەچ و دەستەو نەزەر
سەد شوکر هێنامیە بەر ئەبرۆ لە قەیدی زولفی خۆی
پاشی عومرێکی درێژ باڵی هومای هاویشتمە سەر
حۆری عەین، ڕوحولقودوس، یا خۆ مەلایک، یا پەری
یا ئەتۆ بووی وا خەرامان هاتی ڕۆحم هاتە بەر؟
خۆش بە ناز فەرمووی وەفایی عومری خۆی هیچ ڕابوارد
یان بە قوربانی دەمم بوو یان بە سەرگەردی کەمەر

٢٨

شەو لە خەودا من چرا بووم دڵ چرا بوو گیان چرا
ئەی لەبەر عەیشی شەوی دی گیان چرا جانان چرا
گەهـ فریشتە، گەهـ پەری، گەهـ حۆری عەین، گاهێ مەلەک
گەهـ قەمەر، گەهـ موشتەری، گەهـ ڕۆژ، گەهی ڕەخشان چرا
ڕەنگ بە ڕەنگ زولفی درەوشان دەم بەدەم ڕووی خۆی نواند
چل چرا یا شەو چرا بوو، یان بە سەد ڕەنگان چرا؟
ڕووی لە تاتای زولفی دەرخست هاتە سەر ڕووی مەرحەمەت
نەوبەهار بوو، شەو بەهار بوو، وا کە داییسان چرا
ڕوو لە حەلقەی تاری زولفان، دەم لە فرقەی پێکەنین
وەک لە کن کانی حەیاتێ، شەو هەزار تابان چرا
ڕەونەقی حەوت ئاسمان و زینەتی ڕوویی زەمین
هەر وەکوو بۆ شانشین و مەنزڵی شاهان چرا
تابی سونبوڵ، تابشی گوڵ، نیم نیگاهی چاو خومار
نەشئە بەخشە، جان فەزا، وەک شەو لە مەیخانان چرا
عەکسی ڕووی ئارایشی زولف و خەت و خاڵان دەدا
وەک لە گوڵشەن گوڵ چرا بێ، سونبوڵ و ڕەیحان چرا
شەوقی دامێ ڕووی دەمن کرد، دیم شەوم لێ بوو بە ڕۆژ
من دەسووتام، من عەجەب مام. من چرا بووم یان چرا
دڵ لە لایێ، تەن لە لایێ وک نەیستان ئاوری گرت
مەسجید و دەیر و کلیسا ماوە پڕ تابان چرا
دار و بەرد وەک من دەسووتا، دەر نەما، هەیوان نەما
زاهیر و باتین چرا بوو، دەر چرا هەیوان چرا
زولفی تۆ و ڕوخساری تۆیە، یان شەوم ڕۆژی ویسال؟
ڕوویی تۆ و باڵایی تۆیە، یان لە سەروستان چرا؟

من ئەوا مەست و نەزان بووم، بۆ لە داخی باغی ڕووت
گوڵ وەکوو بولبول دەسووتا تەرزی پەروانان چرا
ناگەهان دولبەر نەهان بوو، بوو بە ڕۆژی ڕەستەخێز
کەف زەنان مەیخوارە، وێران مەیکەدە، گریان چرا
شەعشەعەی خورشید نیهان بوو، لاڵ و کەڕ بوو نەیلەفەڕ
مات و خامۆش ما وەفایی وەک سەحەرگاهان چرا

٢٩

پێم بڵی گوڵی بەهاریم لە تۆ تا بەکەی جودا بم؟
ورەوە بە شەرتی جاران، ڕۆژێ سەد جارت فیدا بم
خاڵی چاو و گۆشەی ئەبرۆ، دوو دینیان کردم لە سەر تۆ
یا بمکە پیری مەیخانە، یان موریدی خانەقا بم
سەرەکەم فیدات عەزیزم، وەرە زیز مەبە لە سەر دڵ
سەرە پایەندازی تۆیە. دڵە ماڵی خۆتە تا بم
شەو بە تای زولفت شێواندتم، ڕۆژ لە تاوا سووتاندم
چ خودا لە تۆ هەڵدەگرێ بە شەو و بە ڕۆژ عەزابم
نەفەسێ مۆڵەتێ بدە عومرم، بت بینم زولفەکەت بگرم
بە کەمەندی تۆوە بمرم خوشترە تاوەکوو ڕەها بم
لە نێو مەنزەرەی دوو دەری، خۆشە سەیری مەوجی بەحری
وەرە سەر چاوم عەزیزم، چدەکەی لە دڵەی کەبابم
غەمزەی نازی چاوت بم مەیلی ئەبروی تۆ قەت نانێم
من کە هات و قیبلەم گۆڕی، یا خودا کافر بێ جەلادم
بوویە گوڵباغی گوڵەکەی من، ساڕێژ بوو داغی دڵەکەی من
ڕوحمت کرد بە حاڵم گوڵەکەی من، بەندەی بالآم سەت شا بم
داد لە بەر حوسنی فیتنە جو! دڵم دا زولف و ئەبرۆی تو
لە لایێ زوننار بە دۆشم، لە لایێ ڕوو بە میحرابم
سەگەکەی ڕێبازی لەیلێ وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون
چاوم ئەورۆژە لێ ڕوونە خاکی بەرپێی ئاشنابم
غەرەزم چونکە پەنهانە وەڕەزیم لەو جیسم و جانە
مەرەزم مەرگی دەرمانە، هەر ئەزم بۆ خۆم حیجابم
خوێنی گرتم چاوی بازی، جگەری بڕیم تیری نازی
دەڵێ من مەستم سەرخۆشم، جگەرە مەزەی شەرابم

دەمەکەت بە دڵ وا بێنە، تۆ خودا دڵم مەشکێنە
جێ بە جێ ڕوحم بستێنە، من کەوا عاشقێکی چا بم
وەرە تووری سینای دڵ، با بە دڵ بێ دیداری گوڵ
کە دڵ و دڵبەر بوونە یەک، چ ئارەزووی جەوابم
خۆش بەو دەمەی گوڵ پشکووت، شەککەر دەباری لە یاقوت
لێم لادە وەفایی دیگوت: تۆ گەدا من شا بۆت نابم

٣٠

دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم
بە جامێک دەستی من بگرە، فیدای پیری موغانت بم
لە دوو لا مەست و حەیرانم، بە قووەی جرزبە نازانم
نە سەرگەردی سەرو گەردەن ، نە قوربانی لەبانت بم؟
چ خۆشە وەجهی سەر و گەردن، بە دینی قومریی و بولبول
دەمێک شەیدای قەد و باڵات ، دەمێک شیتی دەهانت بم
لە نیشانەی پەڕەی جەرگم نەوەستا تا نەگەییە دڵ
بە قوربانی خەدەنگی دەست و بازووی چاوەکانت بم
شفای دام غەمزەکەی چاوت کەوا خوێنی دڵی گرتم
بە قوربانی موداوایی حەکیمی حاڵزانت بم
بەبێ ئیمدادی خاڵی گەردنت دەردم شفای نایە
مەگەر بێم دەست و دامانی گەلاوێژی بەیانت بم
لە وەسڵی ڕوویی تۆ کردم حیجابی پێچشی زولفت
هەتا کەی دڵ شکستەی دەرد و تەعنەی باغەوانت بم
موقیمی خاکی دەرگەی تۆ حەریمی جەننەتە جێگای
بە لوتفی تۆ چ کەم نابێ منیش ڕێزەی سەگانت بم
بە زولفی پڕ لە هاواری دڵان کەوتووم، دەسا ڕوحمێ
ئەمان سەرقافڵەچی قوربانی زەنگی کاروانت بم
لەوێ ڕۆژێ کە ڕووت واکرد و لێت پرسیم، هەتا دەمرم
بە بۆی جەننەت دەبێ من هەر لەسەر ڕازی نیهانت بم
بڕۆت تێکنا، دەمت وێکنا، لە دەریای لوتفی تۆ دوورە
بە قوربی قابەقەوسەین و مەقامی لامەکانت بم
ئەمن کورد و دڵ ئوفتادە، ئەتۆ شۆخ و عەرەب زادە
مەگەر بمرم بە بەختی خۆم دەمێکی هاوزمانت بم !

بەیادی زولف و ڕووی تۆ وەک وەفایی هەر دەناڵێنم
دەبێ تا ڕۆژی مەحشەر تازیەدار و ڕەوزەخوانت بم

٣١

خۆشا ڕۆژێ لە عالەم دەربەدەر بم
لە نێو ئەوزاعی دونیا بێخەبەر بم
لەبەر بێ تاقەتی دێوانە ئاسا
لە غەواسانی دەریا بێ خەبەر بم
شەو و ڕۆژێ لە چۆڵی هەر بە ناڵە
حەریفی شەوڕەوی بادی سەحەر بم
نەزانێ هیچکەس ناو و نیشانم
ئەگەر ئاقڵ ئەگەر ئاشوفتەسەر بم
لە هەر لا با بسووڕێنێ غوبارم
لە هەر جێگایێ پێویستە سوپەر بم
چرا بێ هەڵکرێ، جانا لە نێو دڵ
لە ڕووناکی دڵی یارم خەبەر بم
لە بەر چاوی تەڕم سۆرانی برزێ
گەهێ بێ دایک و گاهێ بێ پدەر بم
خودا خۆم چۆن بسووتێنم بە جارێ
لە دەرد و داخی ئەحواڵم بەدەر بم
شەوێ هەر تاکوو ڕۆژێ هەر بناڵم
بە گریان دەست و دامانی سەحەر بم
چ ڕێگەی چارە نابینم وەفایی
مەگەر سەر تا قدەم غەرقی نەزەر بم

٣٢

ئەگەر بێ یادی زولف و چاوەکەت یەک لەحزە سابیر بم
ئەسیری بەندی کافر کوشتەیی بێدادی ساحیر بم
ویسالی خاڵەکەی لێوت حەیاتی ئاشقە ئەمڕۆ
بە حەققی ساقیی کەوسەر بڵا لەو بەزمە حازر بم
نیگاهی گەرمی تاراجی هەموو دەرد و غەمە وەک مەی
کوشندەی میحنەتە قوربانی نەشئەیی دەوری ساغر بم
بە جەزبەی خاڵی ڕووت بەڵکوو بە باغی حوسنی تۆ شاد بم
دەبێ من هەر لە سەر ئایینی ئیبڕاهیمی ئازەر بم
کەمەندی زولفەکەی تۆ بمگرێ من ئاشقی ڕووتم
موارد و مەتڵەبێکی دیکەم نییە، دوور لە تۆ کافر بم
وەکوو پەروانە دەگریم و دەسووتێم دوور لە زولفی تۆ
هەتاکەی من لە داخی تۆ حەریقی ئاو و ئاور بم؟
بە خەندێکی دڵی بیماری ئەو چاوانە مەشکێنە
لە ئەم گوڵقەندە مەحروومم مەفەرموو، بەڵکوو چاتر بم
وەفایی! گەر بە هەویای وەسڵی زاری، دڵ مەدە زولفی
مەحاڵی ئەقڵە جەمعییەت، کە من ئاشوفتە خاتر بم

٣٣

ئەی حۆققەیی شەهد و شەکەرت ئاوی حەیاتم
مردم  بە بەدەن بێنەوە بەو ئاوە، حەیاتم
ئاسک کە دەکا جیلوە چ شیرینە نیگاهی !
یەعنی بە فیدای غەمزەیی دوو چاوی سیاتم
سەودایی زولفی سیەهت نیم بە هەوایی
تا ڕۆژی وەفاتم بە تەمای میهر و وەفاتم
بڕوانە چلۆن عەکسی عوزارت لە دڵی دام؟!
پەروانە بە دڵ سوختەیی شەوقی چراتم
هەر چاوەنوارِم کە گوتت دێم و نەهاتی
یارەب مەدەدێ! سالیکی ڕێی هات و نەهاتم
دڵ جیلوەگەهـ و جێ قەدەمی تۆ بووە دیدەم
هەرچەندە کە دوورم، بە دڵ و دیدە لە لاتم
سەرگەشتەیی سیڕڕی دەمی تۆم بەم ڕووخە دایم
گۆیا کە دەقیقە شومەری ڕۆژ و سەعاتم
بەو ڕەنگە دڵم داوە بە سیحری سەری زولفت
تا دڵ هەیە مومکین نییە لەو داوە نەجاتم
گرتوومی قولاپی موژە بۆ خزمەتی ئەبرۆ
یەعنی کە وەفایی وەرە من قیبلەنوماتم

٣٤

ئەی نەشئەی خەندەی زارت شیرین کاری حەیاتم
عیشوەی زولف و عوزارەت موژدەی شەوی بەراتم
فەرمووت تۆم نەمری نایێم، ناژیم نەییتە سەر جێم
وەعدەکانت بەخێر بێ، هەر چاوەڕێی وەفاتم
خۆزگەم بەوەی لە دووی تۆ، هەر دەنوارێتە ڕووی تۆ
مردم بە ئارەزووی تۆ، قوربانی ئاشناتم
بە تیرێک دوو نیشانە، شایانی شای تورکانە
قوربانی دەست و بازووی ئەو چاوەی سوورمەساتم
ئەو تیرەی دات لە جەرگم، دەرکەوت ئاساری مەرگم
فەرمووت کە دێی، بە سەر بێ، بەختم نەبوو نەهاتم
چی عیشقی تۆی لە دڵدا، دەستی لە ئاو و گڵ دا
داغی شێواوی ڕووتم، کوشتەی ڕەقس و سەماتم
تیرت قەراری دڵ بوو، ئارامی دا بە جەرگم
با دڵ دڵی نەمێنێ، ئەوجارەکەش فیداتم
ئەی ساقی خەراباتی، قەترێک ئاوی حەیاتی
ئامان دەستی منت بە دامان، سووتاوی نێو زوڵماتم
ساقی چاوت بنوێنە، زوهد و تەقوام بستێنە
قوربانی جامێک مەی بێ، هەموو سەوم و سەلاتم
موتریب هادی ڕوحانی، لێدە تاری سوبحانی
شاباشی سۆزەی نەی بێ، هەموو جومعە و جەماتم
ڕیشێکی گێژ و وێژ بێ، بە ڕیا دوور و درێژ بێ
موشکیل ئەو پووشە وشکە، بێتە مایەی نەجاتم
دڵ پڕ خەو و خەیاڵات، دەم بە زیکر و موناجات

زەحمەت بە ڕۆژی تاریک ، خۆش بێ وەخت و سەعاتم
دەمێکە دڵ بڵاوە، بەو زولفە پێ بەداوە
یا خودا بە ڕووت گوشا بێ، غەریبی دوور وڵاتم
نەمزانی گوڵ دەپشکووت، شیرین بە لێوی یاقووت
یا تۆ بە خەندە فەرمووت حۆققەی شەهد و نەباتم
گوڵ عەتری خۆی بڵاو کرد، دونیای پڕ لە گوڵاو کرد
لاڵ بوو زوبانی بولبول، کوشتەی زات و سیفاتم
خۆش خوانی ماجلیسی گوڵ! بێنەوە جۆش ڕوح و دڵ
بێ حاڵە زۆر وەفایی فیدای دەنگ و سەداتم
٣٥

نیگارا ! دلبەرا ! نامیهرەبان! یاری جەفاکارم
بە زاری کوشتمت! تاکەی دەفەرمووی من وەفادارم؟
دەڵێی مورغی شەباهەنگە لە دەوری سوبحی دیدارت
لە حەڵقەی زولفی تۆ دێ دەم بەدەم ناڵەی دڵی زارم
بە دەردێ موبتەلا بووم جاهیل و دانا کە حەیرانن
مەگەر چاوی نەخۆشی تۆم ، نە مەخموورم نە هوشیارم ؟
گەهی سوتاوی ئەبرۆتم، گەهێ پابەندی گیسووتم
لە لایەک ڕوو لە میحرابم، لە لایەک ڕوو بە زوننارم
نیشانەی قاتلی نامێهرەبانم زاهیرە یەعنی:
فەڕەنگی خەت و زەنگی زولف و هێندوو خاڵە دلدارم
بە تای زولفی و چینی توڕڕە دین و دڵ دەبا چاوی
دەڵێی من خانەوادەی ئاهوانی چین و تاتارم
وەسییەت بێ کە مردم تەخت و تابووتم لە عەڕ عەر کەن
هەتا عالەم بزانن من شەهیدی قامەتی یارم
وەفایی دوور لە تۆ پەیوەستە حاڵی شین و گریانە
لە بەر چاوت بە سەد جێ وەک نیشانەی دڵ بریندارم

٣٦

گا دەگرییێم گا دەسووتێم غەرقی ئاو و ئاورم
ئاخ لە بەر بەختی سیا! نازانم ئەز بۆچ نامرم؟
هەر کە دەت بینم دەڵێی تۆ شەم ، منیش پەروانەتم
تا سەراپا نەبمە کۆی زوخاڵ قەت ئارام ناگرم
هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی ڕووی تۆ
عەندەلیبم، موتریبم، خوشخوان، گوڵی ڕاموشگەرم!
زولف و ڕوو، باڵا و ئەبرۆ ، خەت و خاڵ و چاوی کاڵ
لەو تەلەسمی حەوت خوانە ، موشکیلە ڕۆح دەربەرم
عەکسی زولف و ڕووتە مایەی جۆششی گریانی من
چبکەم ئاخر چاو پڕاوی دوودی عوودی مەجمەرم
هەقمە خوێن بگریم لە بێدادی خەت و جەوری نیگات
من کە گیرۆدەی فەڕەنگ، یەخسیری دەستی کافرم
پێکەنینت جەزبی کردم بۆ سەری زولفی سیات
توتیی شیرین کەلام پابەندی داوی شەککەرم
گا پەرێشانی روخ و گا دڵشکستەی قامەتم
هەر لە زولفی تۆ دەچم سەرگەشتە و سەوداسەرم
گەر بە ناز هەر دەمکوژی با تێر ببینم چاوکەت
لێم گەڕێ جارێ بە کووچەی مەیفرۆشان ڕابرم
دوور لە تۆ زۆر بێ قەرار بووم تا بە لوتفی چاوی کاڵ
زەحمەتت دا بەر تەبیبان هاتی ئەمڕۆ چاترم
حاسڵی سەیر و سلووکم بوو بە خەندەی زاری تۆ
گا بەقا، گاهی فەنا، گەهـ غاییب و گەهـ حازرم
زاهید ئینسافت هەبێ، تۆ چت لە ڕەندی بادەخور؟

تۆ و بەهەشت، تۆ و حوور و غیلمان، ئەمن و چاوی دلبەرم

٣٧

بە گوڵزاری ئیرم ـ قوربان ـ دەپرسی گەر لە ئەحواڵم
نەخۆش و سەخۆش و مەست و خوماری چاوەکەی کاڵم
پەرێشانم، بڵاوم، تێک شکاوم، خاو و شێواوم
دەڵێی شاماری زولفی تۆم لە دووی تۆ شێت و عەوداڵم
بە نازی چاوەکەی بازی، کە بازی دام هەتا پیر بووم
دەترسم هەر بە بازی بمکوژێ ئەو یاری منداڵم
نە داغی جەرگی خۆم زانی، نە مایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەستی عیشقم، لالە ڕەنگم، من کەڕ و لاڵم
دڵەی بێ هۆش و گۆشم مودەتێکە هەر دەناڵێنێ
خودا ڕوحمێ بکەی بەو مورغی حەپسی بێ پەڕ و باڵم
بفەرموو با پەرێشانم نەکا زولفت لە سەر ڕووی تۆ
ئەمان یا کاشفی زوڵمەت، دەخیل ئەی شەوچرای ماڵم
بو خۆت سەرمەشقی زولف و دەرسی باڵات داوم ئەز چبکەم
نیشانەی دەسخەتی خۆتم ئەگەر ئەلفم ئەگەر داڵم
ئەمن ئوفتادە بووم تۆ خۆت بە ڕەحمەت دەستگیرم بووی
پەشیمانی نە شێوەی تۆیە ئەی خورشیدی ئیقباڵم
ئیشارەی چاو و عیشوەی زولفەکەت بوون، مورشیدی ڕێگام
ئەگەر دەیری موغان قیبلەم، ئەگەر زوننارە بەرماڵم
بە تیغی غەمزە ئەمن و تەرکی ڕووی تۆ، قەت مەڵێ قوربان
ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژ پەرستم، هەر بە یەک حاڵم
ئەمن هەر تۆم دەوێ، من چم لە ڕۆح و چم لە دین داوە
بە قوربانی تەماشاییکی تۆ سەد جاران سەر و ماڵم
لە تاو دەدری دڵی دێوانە خوێن دەگریم و نازانم
نە خستەی چاوکەی مەستم، نە ڕەنجەی پەنجەکەی ئاڵم

بەمەرگی من بە ڕەمزێکی بڵـی بەو چاوە حاڵیم کا
ئەتۆ نازادر و بیماری، ئەمن بۆچ زار و بێ حاڵم؟!
گوتی: بۆ کوێ دەبەی ڕۆحت وەفایی دەورەیان گرتی
نیزامی پەرچەم و سەربازی زولف و عەسکەری خاڵم

٣٨

نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم	هەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم
بە غەمزەی چاوت بە خەندەی زارت	بردیان بە غارەت خەو و خەیاڵم
فەرمووت چلۆنی؟ چ بڵێم ئازیزم!	دور لە زولفی تۆ، کافر بە حاڵم
بە یادی چاوت چوومە خەرابات	لە ڕەهنی مەی دان خەرقە و بەرماڵم
من مورغی قودسی لە لامەکان بووم	ئیلاهی ڕەحمێ شکستە باڵم
شەوێکە تاریک، ڕێیەکە باریک	هەر بە هومێدی چرای جەماڵم
بە تیری نازت بڕاوە جەرگم	بۆ چاوی بازت نەماوە حاڵم
وەک من بە چاوت یەخسیری زولفم	کەس وا ناگیرێ بە داوی زاڵم
خۆش بەو دەمانە گوڵ گوڵ دەپشکووت	شەکەر دەباری پرسیت لە حاڵم
سەبا دەخیلم هەتاکوو ماوم	بڵـی بە زاری بە ڕوو بە خاڵم
دەمێکی بابێ دەوای دەردم کا	بۆ چاوی کاڵی گەلێ بێ حاڵم
وەفایی چیدیت لە سەر بگێڕێ؟	نەما لە سەر تۆ نە سەر نە ماڵم

٣٩

تا بایی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم
سەد جێ وەکوو بولبول لە جگەر داخی خەزانم
وەک بەرگی گوڵم دی کە بە با چوو بە ئەسیری
کڕ کەوتم و شێت بووم، عبەسام، لاڵ بوو زمانم
قومری وەرە هەر تا دەمرین پێکەوە بگرین
تۆ سەروی ڕەوانت چوو ئەمن ڕوحی ڕەوانم
بولبول وەرە تا ڕوحی من و تۆیە بناڵین
تۆ باغی گوڵانت چوو ئەمن داخی دڵانم
ئەی مەعدەنی شیر و شەکەر، ئەی گوڵبەر و دڵبەر
ئەی تازە گوڵی دارە گوڵی باغی جینانم
کەس سیڕڕی دەم و عیشقی میانی نەدەزانی
ئەشکم بووە غەممازی هەموو ڕازی نیهانم
تۆ چونکە لە لەیلا گەلێ شیرین تری بۆیە
مەجنوونی دەر و دەشتم و فەرهادی زەمانم
ئیشم هەموو ناڵینە لە ئێشی دڵی ڕێشم
کارم هەموو گریانە لەبەر دەردی گرانم
بۆ گەردەنی تۆ بوومە ئەسیری سەری زولفت
من مورغی شەو ئاوێزم و ئاشق بە بەیانم
گیان بەخشە دەڵێن ماچی دەمت وەختی تەبەسووم
تا کەی بمرم موعجیزەی ئەم سیڕڕە نەزنم؟!
جەزبەی نیگەهت هۆشی نەهێشم ـ بە ڕووی تۆ !
قیبلەم چووە تا مەستی مەیی پیری موغانم
فەرمووی کە لە گەڵ هاتنم تۆ ڕوح بدە چاوم !
سا ساقی دەسا جامێ کە هەر وا نیگەرانم

چاوت بە نیگە کردن و زارت بە تەبەسووم
هاتن بە تەمای غارەتی ئەقڵ و دڵ و گیانم
ئەو دەستە سوارێکە ئەمیش تازە بەهارێ
ئەو ڕاوکەری چالاکە ، منیش کاس و نەزانم
کێو هاتە سەدا و نالە بە هاواری وەفایی
جارێکی گوڵم گوێ بدە نالەی سەحەری من

٤٠

بە جارێکی تەماشای تۆ، فیدات بێ هەم دڵ و دینم
ئەگەر سەد جار قیامەت بێ دەمێکی هەستە بت بینم
لە غەمزەی چاوەکەت دەتکێ لە جەرگم خوێن و نازانم
نە خەستەی پەنجەیی بازم، نە بەستەی دەستی شاهێنم!
مەگەر زولف و روخت وەک لالە حاڵی بێ  کە من بۆچی
جگەر سووتاو و سەرتاپا غەریقی مەوجی خوێنینم
وەکوو نەی کون کونە جەرگم لە تاو هیجرانی تۆ بۆیە،
بە سۆزی نەی دەسووتێم و بە نالەی نەی دەناڵێنم
ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لە سەر چاوان چ شیرینی
لە بەر چاوم نەڕۆی چاکە حەیاتم غارەتی دینم
گوتم دا ڕوومەتت وا بێنە بگرم زولفەکەت، فەرمووی
بڵا گوڵ تێک نەچێ  بولبول نەسووتێ، چت لە پەرژینم؟
بە باغم گووت: بە ڕەنگ و بۆت مەنازە زەرد و سوور بووە
ئەگەر بارم هەموو سونبوڵ بێ تاییێک زولفی ناهێنم
کوشندەی من نەبوو هیچ کەس مەگەر سەر دایەرەی حوسنی
لە ڕۆژی حەشرێ خوێنی خۆم لە چاوی مەستی دەستێنم
لە باتی خوێنی خۆم، وەک زولفی، تەسکینم بە هیچ نایە
مەگەر دەستی شکستەی خۆم لە گەردنی زەردی وەربێنم
شەکەر قەدری نییە قوربان، ئەگەر شیرین نەبێ، یەعنی:
دەبێ تۆش لیوەکەت بێنی ئەگەر من ڕوحەکەم بێنم
بە نازی چاوی بازت وەک وەفایی کەوتمە نێو زولفت
ئەوێستاش مەست و مەخمووری شەرابی جامی دۆشینم
لە داخی زولفی یار و عاریزی وەک لالە سووتاوم

بە ڕەنگی لالە بۆیە داغدار و غەرقی خوێناوم
دوو چاو مەستە بێ بادە، مەلاییک ڕوو و پەریزادە
پەری دێوانەیی کردووم، مەلاییک دەستی لێداوم
لە سەودای خەتی یاقوتی لەب و کاکۆڵی ڕێحانی
وەکوو زولفی شکستە، تێکشکاو و خاو و شێواوم
لە بەر چاوت کە ڕەمزی نوکتەبازی مەکتەبی حوسنە
وەها مەستم لە ڕەنگی حەرفی مەعنا، وەک لەوحی شۆراوم
لە نێو سەیلی سروشک و سۆزی دڵ حەیران و مەبهووتم
لە دووری تۆ عەجەب ماوم ، نەخنکاوم، نە سووتاوم
عوزار و زولفی تۆ ـ بێ شک ـ شەو و ڕۆژ پێکەوەن ئەمما
شەو و ڕۆژ پێکەوە؟! لەو وەجهە من حەیران و داماوم
تەلەسمی بابلە، سیحری حەڵاڵە ـ قەت ڕەها نابم
وەفایی یا بە داوی زولف ، یان بە ڕەمزی چاوە گیراوم

٤١

کە هەستا و بە زولفی ڕووی داپۆشی، ئەمن بەو داخەوە سووتام
ئیلاهی ! ئەی ڕەقیب، لە ڕۆژی قیامەت دا ببیە پێناوم !
قەراری دا بە ڕوحم تیری نازی چوو لە قەلبم دا
مەپرسن چەند ئەمن لەو حەسرەتەی دڵ پڕ لە زوخاوم
دەمێکە هەر لە تویێی ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام
لە دووری تۆ عەجەب ماوم؛ نەسووتاوم،؛ نەخنکاوم
تەبیبێکم نییە دەردی دەروونم بێ و موداوای کا
هەتا ماوم بە هومێدی شیفا هەر چاوەڕێی ماوم
دڵم بۆ تۆ دەسووتێ، دیدەکەم بۆ تۆ دەبارێنێ
دەمێک وا بێ، ئەمان با جێت لە نێو دڵ، پێت لە سەر چاوم
ئەتۆ ڕوحت دەوێ ئەمنیش ئەبەد هەر تالیبی وەسڵم
مەکە مەنعم، لە دووری چاوکانت پیر و خەرفاوم
بە ڕوح جویایی وەسڵە ڕەمزی چاوی، باوەڕیم نایێ
لە مەردووم هێند خیلافی وەعدە من دیتوومە ترساوم
لە لایێ بارشی چاوم، لە لایێ سۆزشی جەرگم
نە پێی دەمرم، نە پێی دەگرم، کەبابی نیوە برژاوم
لە سۆزی گریە جەرگم ڕەش بووە، چارەم چییە.. چبکەم؟
وەکوو ماسی بە نێو ماوم، نە سووتاوم و نە خنکاوم
بەبێ تۆ قەت نەژیم، شادیم نەمێنێ، دیدە بێ نوور بم!
دەمێک ئارامی ڕوحم بە، حەیاتم، عومرەکەم، چاوم!
لە دەست ئەو شۆخە وا زولفان بە ناز دێنێ و دەبا، هاوار !
وەفایی ڕۆژی لێ کردوومە شەو، عومری بە با داوم

٤٢

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێی، هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەی خودا تۆ بڵێی وەها بێ، بێتەوە ڕووناکی چاوم؟!
سەبەبی زولفی شێواوە، حوسنی ڕووی مەدەدی پێداوە
من کەوا ڕۆژم بۆتە شەو کە بە ڕۆژی ڕەش داماوم
تا بزانن تۆ گوڵزاری، ڕوستەی سەر جۆیباری
بە خەندە هاتی بەخێر بێی، قەدەمت سەر هەر دوو چاوم
خوێنی من بە گەردنی زولفت بە ئیشارەی چاوەکانت
من ئەگەر شکاوە پشتم ، من ئەگەر جگەر بڕاوم
بە سەری خەدەنگی نازت، جگەری بڕیم چاوی بازت
بە هومێدی نازێکی ویم، ئەگینا ئەمن نەماوم
دڵی خۆم ئاور تێبەردا، تا لە تای زولفان ڕووی دامێ
شەو هەتا نەگەڕام بە چراوە، ، شەوچرا نەهاتە بەرچاوم
ئەتۆی نووری شەوبێداران، ئەم بۆ وەک شەم داییسێم
ئەتۆ گوڵی شای گوڵزاران، ئەمن بۆ غەرقی خوێناوم؟
کە دەڵێی شەیدای گیسوومی، چ دەکەی لە سەری سەوداییم؟
کە دەڵێی پەروانەی ڕوومی، چ دەکەی لە دڵی سووتاوم؟
شەو و ڕۆژ کە دەڵێن دوو بانن، هەر یەکن بۆ دوون یەک بانن!
من لە دوو لاوەی برۆی تۆ دا، حەیرانی دوو زولفی خاوم
ئەی شەماڵ، ئەی شفای نەساغان، وەرە تۆبێ و خاڵی ڕووی یار
بە گوڵ و وەنەوشەی باغان، بگەیێنە دۆعا و سڵاوم
گلەیی لە چاوی کاڵتە، کە موعینی زولف و خاڵتە
دڵی پڕ لە دەرد و داخم، سەری پڕ لە تەلەسم و داوم
نە بە وەسڵی تۆ سرورم، نە بە دووری تۆ سەبوورم
گێژ و سەرگەردان و حەیران، هەر وەکوو ماسی سەر ئاوم

بە نیگای تۆ و ئارەقی ڕووت  دڵ و دینم چوو، نازانم
نە خوماری شەرابی ساقیم، نە مەستی عەتری گوڵاوم
هەقە وەکوو وەفایی شێت و شەیدا و سەحرایی
مەلەکان خۆیان نیشان دام، پەرییان دەستیان لێداوم

٤٣

یار هاتەوە دەست و دڵی خۆم گرت و بە سەر چووم
گیان قابیلی جانان نەبوو  نەمزانی بە سەر چوم
فەرمووی چ کەسی ؟ کەوتمە بەر پێی کە وەفاییم
قوربان چ بوو عومرێکە لەلەت  بووم و  لە لات بووم
دەستی لە سەری دام و دڵی دامەوە فەرمووی
خۆش هاتی! بەخێر هاتی، وەلێ ڕوحە بەهای ڕووم
وا خستمی چاوی، کە بە ناز  زولفی وەلا دا
شەو ڕۆیی، بەیان بەر بوو، ئەمن هەر لە خەوا بووم
یارایی موژە و تابی برۆی تۆی نییە جەرگم
بەو تیر و کەوانە، نە فەرامەرز و نە برزووم
ماچی دەمی، خەندەی دەمەکەی سیرڕی بەیان کرد
ئەو جەوهەرە وا فەردە نە مەوجوودە نە مەعدووم
زەڕڕێکی لە سیرڕی دەمی تۆم برد و نەزان بووم
حەیرانی کەماڵاتی فەلاتوون و ئەرەستووم
مومکین نییە بەو نیرگسە من بێمەوە سەر حاڵ
من دەربەدەری ڕووتم و سەوداسەری گیسووم
لەو زولفە ـ بە غەمزەی نیگەهت ـ نیمە ڕەهایی
من بەستەیی نێو داوی پەریزادەیی جادووم
فەرمووی لە کفر لادە موسوڵمان بە ، وەفایی!
دێوانە مەبە، دەست مەدە زولفم، ئەوەتا ڕووم!

٤٤

دەریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم
لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق ڕێژان، خەزان کەوتە ڕەزان، وەزعی چەمەن گۆڕا
بەسەر چوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم
خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری
دریغا! حەسرەتا! بۆ گوڵعوزاری سەرو و باڵاکەم
لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی گێراوە
مەگەر گیراوە یا مایل بە شامە ڕۆژە ڕووناکەم
ئەدیمی بەختی من ڕەش بوو تەرازوو وا ترازاوە
دەبێ مەیلی بە تائیف کردبێ تەئسیری شەعراکەم؟
لە من دوور بۆتەوە خورشیدی ئەوجی مەعریفەت، شایەد
بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم هەمڕەنگی جەوزاکەم
لە من وەحشی بووە ئاهوو خورامی لالە ڕوخسارم
مەکەن مەنعم کە هەر وەک شێت و هاران ڕوو لە سەحرا کەم
بە مەحروومی لە گەڵ بەختی سیا دا ماوە فرمێسکم
لە تازیەی هیجرەتی خورشیدی عەلەم وا سوڕەییاکەم
وەفایی پێت بڵێم دونیا و دینت بۆچی بەرهەم بوو
دەڵێن ڕۆیی لە سەر دونیایێ قیبلەی دین و دونیاکەم
نیشات و عیشڕەتی دونیا بە نەشئە و قووەتی چاوە
ئەمن چبکەم لە دونیادا کە ڕۆیی نووری بیناکەم!
کە تۆ ڕۆیی، لەبەر چاوم کورەی خاکی بە ئاودا چوو
لە پاش تۆ ئەی گوڵی نەوڕەستە خاکی کوێ بەسەر داکەم؟
خۆشا بەو ڕۆژە عەکسی پەرتەوی حوسنت وا لە سینەم دا
ئەوێستاش مەست و مەخمووری تەجەللای ڕۆژە "حربا"کەم

به یادی پێکەنینی تۆ کە دەگریم و دەبارێنم
دەبێتە مەنبەعی شیر و شەکەر شۆڕاوی دەریاکەم
کە دەگریم  بۆ جەماڵی تۆ دیارە ئەشک و ئاهی من
لە خورشیدی دەداتن دەم، ستارەی شامی یەڵداکەم
بە یادی تۆیە وا دەمدەم خرۆشی ئاهـ و ناڵەی من
لە تاو گوڵشەن دەناڵی عەندەلیبە شێت و شەیداکەم
فەلەک خانەی خەرابێ بەزمی مەستانی وەها تێک دا
نەما داری لە سەر بەردی بەدەری سەر چوو ئاواکەم
لە ژێر باڵی هوما جێ بازی شاهی قەسری شاهان بووم
دەریغا! ئێستێ وێرانە ، سیسار و جوغدە جێگاکەم
لە ناڵین کەوتووم بۆ دەستی یاری موتریب و مەجلیس
وەکوو تاری گوسەستە تێکچووە بەند بەندی ئەعزاکەم
دڵم بێهۆش و خوێنبارە لە دووری نێرگسی ساقی
سوراحی کەوتووە دەگری، دەڵی کوا بادە پەیماکەم
شکا پشت و دڵی من بۆ وەفاتی پیری مەیخانە
بە چەرخێکی فەلەک وای کرد نە جامم ما، نە میناکەم
لە سەر حەوزی دەروونی، چی بەسەرهات هاتوچووت قوربان؟
کوا دەم کەوسەر و خولد و خورام و نەخلی تووباکەم؟
سەدای یا حەیی دەروێشان، نەوای یاهوویی دڵڕێشان
لە دەوری خانەقا دا بوو بە جیسم و ئیسمی عونقاکەم
هەتا کەی قەلبی من دەرهەم بێ ئەی ئیکسیری خاکی من؟
لە خاکی کوێ موقیمی پێم بڵی، قوربانی ئەو خاکەم
لە سەر خاکی دەرت قوربان، هەتا من بم هەتا سەر بێ
ئەگەر تاجی سکەندەر بێ سەرم ناوێ لە سەر ناکەم
هەتا ڕۆژی ئەبەد قوربان، لە سەر عەهدی قەدیمی تۆم
بەهەشتم لێ حەرام بێ گەر بەبێ ڕووی تۆی تەمەنناکەم
ئەمن شاییم بە تۆ بوو؛ چونکە شاهی خەم ڕەوێنم بووی
کە من شاییم لە دڵ ڕۆییوە، ئیدی دڵ بە کێ شا کەم
جەنازەم دی سەری ڕاکرد و فەرمووی گوێم لە ناڵەت بوو
دەریغا! جێ بە جێ بوو، هاتە جێ تەعبیری ڕوئیاکەم
خودا بۆ خۆی دەزانێ مەنبەعی نووری خودایی بووی
دەریغا ! نەخلی ئەیمەن، مەزهەری نووری تەجەللاکەم
نەسیمی فەیزی تۆ دێن و دڵی دووبارە ئیحیا کرد
دەریغا ! وەک مەسیحا باعیسی ئیحیایی مەوتاکەم

دەلیلی تالیبان بووی، بۆ خودا، وەک ڕۆژ هوەیدایە
دەریغا! مورشیدی دەوران و خورشیسی هوەیداکەم
لە سایەی تۆ گەلێ کەس بوونە عاریف، ڕێی خودایان گرت
دەریغا! عاریفی ڕێگەی خودا و ئەهلی تەقواکەم
موریدانی دەری تۆم دی بە چاوی خۆم، لە ئینس و جان
دەریغا! بۆ ئیمامی ئینس و جان ، مەولایی ئەولاکەم
بەڵایەک هات و پێی گێڕا، بە بایێک نووری کووژاوە
دەریغا! شەمسی عیرفان و چرای تاریکە ڕێگاکەم

لە هەڵقەی تالیبان وا هەر دەبارێ نوور لە تەشریفت
دەریغا! بۆ سەر و سەرهەڵقەیی ئەولادی "تاها"کەم
ئەمن نادان و نەمزانی، ئەرێ بۆچ عاریف و عامی
وەکوو پەروانە سووتابوون لەبەر شەمعی شەوئاراکەم
لەبەر چاوی نەزانان ساحیر و زەندیق و کافر بووی
دەریغا! پیری "بەستام" ، قوتبی "خەرقان" غەوسی بەغداکەم
بە داوی دانە بۆ گیرا، بە دەریای عیلمی ئەسماوە
لەبەرچی هاتەخوار ئادەم لە سەر فیردەوسی ئەعلاکەم
پەنای بۆچ بردە بەر دار ئەو کە دەیزانی دەبێ شەق بێ
نە ئاخر ساحیبی ئایات و موعجیز بوو زەکەریاکەم؟
لە سیرڕی نووری چاوانی عەجەب بێ نوور و حیکمەت بوو
بڵێ بۆچ پیری کەنعانی دەگریا، نووری عەیناکەم؟
سولەیمان خاتەمی ون بوو لە قودرەت ماوە، نەیفەرموو
بڵا سەخرەی بە ئاو دادەم بڵا ئاسەف لە دەریاکەم
کەلیم ئێستا نەبوو، بۆچ چەند هەزار مەعسوم لە سەر وی چوون
دەبێ جوابی چ بێ ڕۆژی جەزا، گوستاخە مووساکەم
لەبەر قەومی موناڤیق بوو دەبێ هەڵبێ کە دەیزانی
مەقامی خۆی وەکوو ڕۆژ ڕوونە "ڕوحەاللا"یی عیساکەم
سەحابە بۆچ شکا؟ بۆچی شەهید بوو گەوهەری پاکی
محمد باعیسی بوون، شاهی تاج و تەختی لەولاکەم
شەهیدی دەستی کافر بوون کە ئەکسەر ئەولیایی دین
جەوابی موددەعی چ بدەم؟ سکووتی بێ حەدی ئینشاکەم
نە ئاو موختارە بڕوێنێ، نە ئاور تا بسووتێنێ
نە خاک چی پێیە بینوێنێ، ئەگەر سەد جاری بەر با کەم
عەدەم باری سەبوکبارە، وجودێکی حەقە دیارە

بۆ خۆی فەعال و موختارە. خوداوەندی تەواناکەم
بە منیهاجی خەلیلی هەق، بە میعرابی رسولەاللە
دەبێ هەر بێتە جێ ئەمر و ئیرادەی هەق تەعالاکەم
ئەتۆ چووی بۆ جەواری هەق، ئەمن مام حەبس و زیندانی
غەمی بەندەت هەبێ ئەی سەیید و سەردار و مەولاکەم
بە سوورەت گەرچی لێم دووری، بە مەعنا بەرقی مەستووری
بەڵێ بەر چاو و مەنزووری دەڵێی تۆی نووری بناکەم
لە کوێ بتبینمەوە، شاد بم بە ڕووی تۆ، بێیە سەر چاوم
مەگەر چاوم لە دڵ بێ سینەکەم ئاوێنە سیماکەم!
دەمت بێنە دڵم مەشکێنە دەستم بگرە ئەو جارەش
بە هوشیاریم دەیە ساقی، کە نەڕژێ جامی سەهباکەم
غەریب و بێ کەس و ئاوارە کەوتووم، دوور لە ڕۆحی خۆم
بە دەردی بێ دەوا کەوتووم ، ڕەفیقان کوا مەسیحاکەم؟
خوداوەندا! ڕەحیما! قادرا ! ئامورزگاری خۆم
کەریم و حەیی و غەفار و قەدیم و فەردە یەکتاکەم
بە هەققی نووری وەجهی پاک و بی مانەند و بێ میسلت
بە ئیسمی ئەعزەمی خۆت ئەی خودای سەتتار و داناکەم
بە سەرمەستانی بادەی ساغیری عەهدی ئەلەستت کەی
بە قەترێکی نەجاتم دەی لە دەست خۆم ڕوو لە دەریاکەم
وەفایی بێکەس و داماوە پابەندی تەلەسمێکە
مەدەد یا ڕۆحی غەسی ئەعزەم و شاهی بوخاراکەم
بە هەققی نووری موتڵەق، جەددی ئەمجەر، شاهی لەولاتان
ئیمامی یەسرەب و قیبلەی مەلایک، ماهی بەتحاکەم
بە هەققی چار یار و ئال و ئەولادی نەبیوڵڵا
بە ئەنسار و موهاجیر قائیدانی قیبلە گومراکەم
بە ڕۆحی خواجەگانی نەقشبەند و قیبلەگاهی خۆم
غەریب و جانسپاری کەعبە قوتبی دین و دونیاکەم
بە قووەی جازیبەی دڵتان وەفایی دەست و دامانە
چ نابێ گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ماسوەللا کەم

٤٥

ئەی پەڕتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵەباغان
نەشئەی نەزەرت زەوقی دڵ و شەوقی دەماغان
ئەسما و سیفاتن بە تەجەللا لە وجوودت
یا شەو بوو ئەتۆ هاتی لەمەت کردە چراخان
تۆ هاتییە گوڵشەن بە سەر و زولفی بڵاوت
زۆر پێ نەچوو ڕۆیی لە چەمەن لالە لە داخان
زولفت بە هەناسەم گەیە سەر سینەیی بازت
زستانە گوڵستان بووە پا بەستەیی زاغان
ئەو کوڵمە کە ئارایشی سەد دایەرە زولفە
گوڵ شەوقی بە سەو داوە چراخانە لە باغان
لەو ڕاستەیی بازاڕە چ نەدانە بە دڵی من
هەر مەرحەمەتی تۆیە خەریداری ئەشاغان
سەد نەشتەری غەمزەت لە دڵم دا ، کەڕەمت کرد
قانوونی تەبیبانە کە بپرسن لە نەساغان
سووتاوە دەروونم ، وەرن ئەی موتریب و ساقی
تۆ لێدە لە تەنبوور و ئەتۆ پڕکە قۆناغان
چارەی نییە دێوانەیی ڕووی تۆیە وەفایی
سەد ساڵ ئەگەر بیبەنە سەر پیر و وەجاغان

٤٦

ئەو چاوانەی وا خوماری نازن  به ئێما ئیمانم لێ دەخوازن
هاتەدەر وەک ڕۆژ شای شەکەر لێوان  غەمزەکه و ڕەمزکەی تورکی پێش تازن
دەستی هێنادەر پێی لە سەمادا  چاومەستی چاوبەستن یان سیحربازن؟
ئەوانەی عاشقن بە چاو و زارت  تا ئەبەد سەرخۆش و مەحرەمی ڕازن
موتریبان، موقریبان دەم بەدەم گۆیان  بولبوولان، قومرییان نەغمە پەردازن
دڵ دەناڵێنێ ڕۆح لە شیوەندا  قودسییان ئینسییان چەند خۆش ئاوازن؟

دەنگی من ،سەوتی تۆ بۆ بەزمی خوسرەو
چەنگ و نەی، عوود و دەف، تاری شەهنازن

ئەمن و تۆین بۆ ڕوخ و گەنجی پەنهانی  تەلیسم و تەوق و گوڵبرین و بازن
کەمەندی ئاسکان، هاتوچۆی بازان  هەمووی بۆ خاتری چاوەکەی بازن
قەفەسی بەدەنم تەنگ و تاریکە  بازی دڵ و مورغی گیان، هەردوو پەروازن
وەفایی ناژی بە تاوی زولفت  سەرتاپای ئازای مارانە گازن

٤٧

ئەرێ خەندەی دەمت ئارامی دڵ، کانی حەیاتی من
لەسەر چی زیز دەبی، ڕۆحت دەوێ؟ هانێ حەیاتی من !
گوتت دێم و، نەهاتیە سەر گرفتاری سەری زولفت
لە گەڵ بەختی سیا چ بکەم؟ دیارە خۆ نەهاتیی من!
من و سەودای سەری زولفت لە سەر تاقی برۆت! حاشا
عەزیزم ئەهلی قیبلەم، کافری دوورە لە زاتی من
بە خەندەی زار و عەکسی زولف و ڕووت خۆش بوو دڵم، سەد حەیف!
دەقیقە ژماری خۆشی چوو شەو و ڕۆژی سەعاتی من
لە لایێ ڕۆح دەبا عیشوەت، لە لایێ دڵ دەدا خەندەت
عەیزم هەر بە دەست خۆتە حەیاتی من و مەماتی من
لە دووری تۆ بە دەفتەر نایێ شەرحی مەجەرای چاوم
ئەگەر دەریای ئەعزەم بێ هەموو سورخی دەواتی من
دەسووتێم تەرزی پەروانە، دەناڵێنم وەکوو بولبول
سەراسەر بۆتە میجمەر، بۆتە گوڵشەم، شەش جیهانی من
چ خۆش ڕووی دادەهێنا، زولفی ئەفشان کرد بە دڵداریم
ئیلاهی قەت نەکەی ڕۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من
ئەمن کەوتوم لە بەر گریان، دەڵێ دەستی من و دامان
سەبا گەر بوویە خوێن دامانی یار، بگری لە باتی من
دڵم جەزبی نیگاهت خستیە زولفان، ئەی خودا ڕوحمێ
بە بەندی جادووان وا کەوت غەریبی دوور وڵاتی من
بڵا مەعلووم ببێ کوژراوی کێم یاران وەسییەت بێ
چراغی توربەتم هەر دەستەگوڵ بێ پاش وەفاتی من
ئەمن چی و زوهدی سۆفیانە، من و گۆشێکی مەیخانە

بە قوربانی نیگاهێکت هەموو سەوم و سەلاتی من
بە خەندە ڕووی لە زولفان خستە ڕوو، فەرمووی: وەرە یەعنی
وەفایی! شەوچراغی پێ دەوێ ئاوی حەیاتی من

٤٨

لەو ڕۆژەوە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو گیان و جگەری من
جەرگم هەموو لەت لەت بوو بە سێلاوی سروشکم
چ بکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من
دەیفەرموو لە سەر خاکی دەری خۆی کە منی کوشت
جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهیدی نەزەری من
قەت وا دەبێ خاکی بەری پێت تاجی سەرم بێ؟
ئەو دەوڵەتە بۆ من نییە ئەی خاک بەسەری من!
زولفت کە وەکوو شامی غەریبانە لە وێدا
حاڵی چییە داخوا دڵەکەی دەربەدەری من؟!
وەک بولبەکی شەیدا بە هەزار نەغمە دەناڵێم
جارێکی گوڵم گوێ بدە ناڵەی سەحەری من
دیم هاتە عەیادەت دەمی پڕ خەندە بوو یەعنی
ڕۆح و دڵی بیمارە دەوای گوڵشەکەری من
بێ نوورە دڵم هێندە لە سەر یەک مەشکێنە
ڕوو وا بکە شەوقێکی بداتە فەنەری من
زولفت سەبەبی جەزبی دڵم بوو بە برۆی تۆ
کافر بووە بۆ قیبلەیی من ڕاهبەری من
خۆش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی:
ئەو جامە لەمن بگرە وەفایی بە سەری من

٤٩

خەتی ئازادی ئەو ڕۆژە بە من دا دڵستانی من
کە سەوری قامەتی تەشریفی هێنا باغی گیانی من
ئەرێ ئەی وەسڵی گوڵزارت حەیاتی جاویدانی من
ئەرێ ئەی چاوی بیمارت تەبیبی میهرەبانی من
کە سرڕی حیکمەتی زاری بە عەکسی زولف و چاوی کەوت
چ زوو شێوا بە جامێک بادە، عەقڵی نوکتەزانی من؟
دۆعای ڕەد و قەبووڵ دەرهەق بە زولفی کرد و گیرا بوو
ئیلاهی تێک نەچێ عومری درێژی باغەوانی من !
بە عیشوەی زولفەکەی تۆم دا هەموو سەبر و قەراری خۆم
بە نەشئەی چاوەکەی تۆ چوو هەموو تاب و تەوانی من
سەری زولفت چییە؟ عومری درێژم ، توولی ئامالم
قەدی بەرزت چییە؟ سەروی چەمەن، ڕۆحی ڕەوانی من
لە کن تۆ هات لە چەرخی حەوتەمین ڕابرد و نەمزانی
عەجەب مام بۆچ نەگەییە عەلەمی باڵا فوغانی من
ئەگەر مەجنونی تۆ نیم لەیلەکەی بێ مەیلەکەم بۆچی:
لە هەر کووچێک و بازاڕێکی دایە داستانی من؟
لە سەر چاهی زەنەخدان دێ و دەچی ڕوحمی نییە زولفت
فەڕەنگی ڕۆژ پەرەستە، کافرە زیندانەوانی من
لە داخی خاڵی سەر لێوت دڵم پڕ خوێن و خوێناوە
کە هیندووزادە بۆتە مەحرەمی ڕازی نیهانی من
نەخۆشی چاوەکەت، خوێنی وەفایی بۆتە دەرمانی
فیدات بم، زیز مەبە، ها بمکوژە دەردت لە گیانی من

٥٠

جیلوەی سەبا، لەنجەی شەماڵ، بۆنی زولف و خاڵی یار دەدەن
یا نەوبەهار دێنی بەبار، میشکی تەتار بۆی نەستەرەن
ڕەنگی وەنەوشەی دەشت و ڕاغ، عەتری گوڵی سەحرا و باغ
عالەمیان کردە شەو چراغ، وەک زولف و ڕووی دڵداری مەن
بە کەسک و سوور ، باغ دەر و ژوور، پڕ بوون لە نوور، وەک کێوی توور
لە بەر زهوور کەوتە حزوور، نزیک و دوور دەشت و دەمەن
بورقەع بەسەر، ئەتڵەس لەبەر، گوڵ هاتە دەر، وەک بووکی تەڕ
کاکۆڵ بە دۆش، عەبنەر فرۆش، پێمگوت ئەتۆش؟ دیم غەفڵەتەن
گیسوو بڵاو، بە نازی چاو، هات لە ناکاو، بە قەسدی ڕاو
جوغد و هوما هۆشیان نەما، کەوتنە سەما، چوونە عەدەن
زولفی وەشاند، ڕووی خۆی نواند، عەتری وەراند، پێمی نواند
کەسی نەهێشت، بانگی دەهێشت: بۆ کێیە وا وەجهی حەسەن؟
ئەو زولف و ڕووی مانگە شەوە، خۆش دەیگوت و دەیبیستەوە
وێم مەکەوە، دەتوێمەوە؛ ئاسک چاوم، ناسک بەدەن
ئەو دولبەری موعەنبەری، ئەو موشتەری هەر وەک پەری
خۆی پێم نواند، دڵمی ستاند، هۆشمی ڕفاند، بە مەکر و فەن
ئەو خاڵ و خەت هێندوو فەڕەنگ، وەسڵ و هیجران  شەهد و شەرەنگ
پڕ شۆر و جەنگ، لێم هاتە دەنگ، غەمزەم خەدەنگ، زولفم ڕەسەن
چین چین لە سەر ڕووی وەک شەکەر، زولفی عەنبەر بەستیان چەمەر
تابووری چین، هاتن بە قین، خۆش داوەرین، باغی سەمەن
زولف و نووری، ڕووی بللوری، بخووری شەمعی کافووری
خاڵی سیای، چاوی شەهلای، نافەی خەتای، ئاهووی خوتەن
خەندەی دەمی، بۆی پەرچەمی، چاوی بازی، نازی کەمی
شەهد و شەکەر، میسک و عەنبەر، یەغمایی دین، تاراجی تەن

بە غەمزەکان، بە ڕەمزەکان، بە قەوسی ئەبرۆی چاوەکان
تیر و کەمانی تورکەکان، سەیدی دڵان بە چاو دەکەن
نرخ و بەهای، مشکین هەودای، نافەی هەر تای زولفی سیای
بازاڕی چین، موڵکی سەبا، ختتەی خەتا، شاری دەکەن
لەعلی لەبی، خۆش مەشرەبی، زولفی شەبی، گۆی غەبغەبی
قووتی ڕەوان، ئارامی گیان، ئاوی حەیاتی مەرد و زەن
ئەبرۆ کەوان، گیسوی کەمەند، زاری بە خەند، باڵا بڵەند
هەم سایەبان، هەم سورەجان، هەم نارەوان دوو نارەوەن

ڕەقس و سەمای زولفی دووتای، لەبەر هەوای باڵای بەڵای
هەر وەک بولبول بە ڕۆح و دڵ، بۆ دارە گوڵ کەوتە شیوەن
یەغما دەکەن وەک تورکەکان، دەرمان دەکەن وەک تەبیبان
وەختێ دەڕوا ئارامی گیان، وەختی کە دێ تەسکینی تەن
حەلقەی گێسوو تاتای لاچوو، لە سەر سینە و عاریز و ڕوو
شەو چوو سەحەر، دیم هاتە دەر، شەمس و قەمەر، سەرو سەمەن
لە هەناسەی ئەو دڵبەندەی، فرقە خەندەی ئەو دەم قەندەی
بەبای بەهار دەتگوت بە بار، گوڵ دێنە خوار بۆ نێو چەمەن
گیسوو دراز، وەک تێلی ساز، بە چاوی باز، دەیگوت بە ناز:
چاوی پڕاو، جەرگی بڕاو، سینەی سووتاو پەیدا بکەن
ئەتۆ چ ڕەنگی ئاوری؟ دەمێک گوڵی دەمێک شەمی
هاوار کە یاری دەمدەمی! فەریاد لە دۆستی ڕیشەکەن !
ئەتۆ نە نوور نە ئادەمی! دەمێک دێوی دەمێک پەری
هاوار لە یاری سەرسەری! فەریاد لە دۆستی دڵ شکەن!
ئەی شەو چرای زیندەدڵان! ئەی ڕەنگ و بۆی باغی گوڵان !
نازیم تۆ خۆش، دەمرم بەڵام هێندم بەسە تۆم بێیە کەن
جارێک وەرە بەر پەنجەرە، ڕۆحم بەرە یا دڵ بەرە
تۆ پادشای موشکل گوشای، من بێ نەوا یان ذولیەمەن
دڵ پارەیە، ئاوارەیە، بێچارەیە، مەیخوارەیە
موتریب بڵێ ساقی وەرە، جامێک بدەن، تارێک لێدەن
خاکی دەری مەیخانەتم، تەشنەی دوو سێ پەیمانەتم
جانانمی، پەروانەتم، تۆی شەوچراغی ئەنجومەن
بێ موحتسیب وەختێ خۆشە، بێ گوفتگویی بێ غەشە
لەو ساغیرە وا دڵکەشە، کامێ بە دڵ، جامێ بە مەن

تاری دەمادەم خۆشترە، جامی پەیاپەی باشترە
کوا جامی جەم؟ کوا تاجی کەی؟ هەی مەی بدە، هەی نەی بژەن
ئاخر زەمانی هیجرەتە، دەرو و دووکانی فیترەتە
وەخت و ئەیامی غیرەتە، تۆ دڵگوشا، من موحتەجەن
خۆزگەم بەوەی بە نەشئەی مەی، بە دەنگی دەف، بە بانگی نەی
دەگریٚ هاموون، هەر وەک مەجنون، دڵ غەرقی خوون، ڕووت و ڕەبەن
خۆزگەم بەوەی سەودا سەرە، سەرتاپا زەخمی خەنجەرە
ئاو بیٚ ئاور، بیٚ خەبەرە، (فانی فیللا)بیٚ جیٚ و مەسکەن
گریە و خەندەی زۆر و کەم بیٚ، سۆزی سینەی دەماو دەم بیٚ
شادیی شیوەن، خۆشیی غەم بیٚ، ساغ و کوێری سیڕڕ و عەلەن
جەرگی هەموو جێی نەشتەر بیٚ، خوێنی جەرگی کە بیٚ دەربیٚ
هەتا حەشریٚ خوێنی هەر بیٚ، سەوداسەر و خوێنین کەفەن
سەیری ئافاق و ئەنفوسی، بەحسی لە سەفحەی دڵ نووسی
گا بەتحایی گاهی قودسی، ڕەهرەو بیٚ پیٚ، خۆش خوو بیٚ تەن
شێخێکی ئاشنایی بیٚ، خودایی بیٚ، وەفایی بیٚ
(توجهو فەینەما) بیٚ ، بێتە سەما دار دەوەن

٥١

ئـەی دڵ وەرە وشیار بـە ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
مـەحوی جـەماڵـی یار بـە، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
لـەم لاوە گریـەی نای و نـی، لـەو لاوە خـەندەی جامـی مـەی
ئاگر لـە عـەلـەم بـەر بدەی، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
جارێ لـە چاوان بگرە خـەو، بگری بـە ناڵـەی نیوە شـەو
تا بێتـە دەر خورشیدی نـەو، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
شۆری دڵ و سۆزی دەروون، زووخاوی جـەرگ و مـەوجـی خوون
خوێنـی گـەش و فرمێسکی ڕوون، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
تا دڵ نـەسووتێ دەم بـەدەم، فانـی نـەبێ سـەر تا قـەدەم
پـەروانـە قـەت ناگا بـە شـەم، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
ئاشق دەبێ مـەستانـە بێ، خاکی دەری مـەیخانـە بێ
ساقی لـە کن پـەیمانـە بێ، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
گـەر دڵگوشا بایی سـەبا شـەرحی دڵم بۆ گوڵ نـەبا
عومری عـەزیزم چوو بـە با، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
سووتا دەروونم سـەربـەسـەر، خوێنین دڵـە گیان و جگـەر
جسمێکـە بێ ئیسم و ئـەسـەر، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان
دیسان لـە سـەر عـەهدی ئـەلـەست، جامێ لـە جانان بگرە دەست
هـەر تا ئـەبـەد مـەخموور و مـەست، ئاوایـە ڕێگای ئاشقان

٥٢

ئەی ڕەفیقا وەرنە یاریم زۆر زەلیلم و دڵشکاو
گیان و دڵ مەحروقی نارم، ئاخ لە بۆ تێڕێک دراو !
ئاخ لەبۆ تێڕێک دراوان، نووری دڵ، بینایی چاوان
مەرهەمی دڵ کۆ کراوان، مۆمیای پشتی شکاو
کوا ڕەفیقێکی تەواو بێ، شێر مەرد و دەست بڵاو بێ؟
ساحیبی چایی و پڵاو بێ ، حاتەمی دەوران بە ناو
زێڕ و زێو فیکر و خەیاڵمە، دایک و باب و مام و خاڵمە
دولبەری سەد مانگ و ساڵمە، لازم و مەلزووم کراو
زێر و زێو بابی هەتیوان، غەوس و قوتبی هیچ نەدیوان
ئاخ کە لە منیش بۆتە میوان، دین و دڵ بۆی دانراو
هەر کە پارێکی دەبینم، دێتە کوڵ جۆشی گرینم
دادەنێم ئیمان و دینم، دێمە ئیکلام و سڵاو
دێمە ئیکلام و سڵاوان، زێر و زێو بینایی چاوان
ڕاحەتی جەرگ و هەناوان، گەر بە "سیها" بێ تەواو
چا و زێڕم بۆ وەدەر نێن، سوێند و موسحافم لە بەر نێن
خەنجەر و شیرم لە سەر نێن، عاشقم عاشقی دراو
عاشقم عاشق بە زێڕم، ئەی خودا چاوان دەگێڕم
پڕ بکەی خورجێن و تێڕم، دا منیش ببمە بە پیاو
قەت کەست دی تەرزی من بێ! ساحیبی منداڵ و ژن بێ
دەستمایەی کیر و گون بێ! ڕووت و قووت و کەس نەماو؟
غەرقی دەریایی ڕیا بێ، مەستی تۆبەی دوو هەوا بێ
عاشقی میسکێن وەفا بێ ئەی خودا بیخەی لە داو !

٥٣

بۆچی هەودای زولف و دڵ حاکم لە ڕووی جانانە بوو
ئەو پەرێشانییە هەموو تەقسیری سووچی شانە بوو
موددەتێک بوو نووری چاوم چوو بوو، ڕۆژم ببوە شەو
ڕووی درەخشانی لە بەر زولفی پەرێشان وا نەبوو
زولفی لادا هەر بە هوممێد بووم کە ڕۆژ ئاوا ببێ
ماڵی من وێران بوو عومرم چوو، ڕۆژ ئاوا نەبوو
قەترە قەترە خوێنی چاوم یەکدەم ئارامی نییە
ڕۆژێکی بۆ کاروانی عەشقان ئاوا نەبوو؟
وەک چرا سوتام و ڕەحمێکی بە حاڵی من نەکرد
جارێکی لوتفێ لە لای ئەو یارە بێ پەڕوایە نەبوو
زولفی لادا خاڵی ڕووی دەرکەوت و هیچ ڕووی پێ نەدام
شەو چوو ئەستێرەی بەیان هات، ڕۆژی من پەیدا نەبوو
لەوحی مەحفوزم لەبەر چاوی بە سەت دڵ خوێندەوە
غەیری بیماری نەسیبی عاشقی شەیدا نەبوو
بەستەیی زەنجیری زولفی تۆم نیگاهێ! ڕەحمەتێ !
ئەی تەبیبی میهرەبان! ئامان دڵم دێوانە بوو
یا نەخۆشی چاوی تۆم، یا بێ قەراری زولفی تۆ
عاشقی بێچارە قەت بێ دەرد و واوەیلا نەبوو
وا بە دەردی چاو و داخی زولفی تۆ حاڵم نییە
وەک نەخۆشێکی پەرێشان چی گوتم هیچ وا نەبوو
پەڕپەڕی ئەوراقی دڵ پڕ خوێنی وەک گوڵ کردووە
دەفتەرێکە پڕ لە خوێن هەر ئەو بوو چی تێدا نەبوو
قەت بە چاوی سوک تەماشای ڕەند و ڕووتێکی مەکە

ئەی بەسا ئاوری نیهانی موهلیکی سەد خانە بوو
هەر دەمێکی مەزهەری دیداری وادی ئەیمەنە
خۆ تەجەللای مەنحەسیر بۆ سینەیی سینا نەبوو
باغەوان بۆ خۆی کە هات ئارایشی گولزاری دا
خاری مسێکن تۆ بڵێی چ بکا گوڵی ڕەعنا نەبوو ؟!
ئەی فرووغی زوڵمەت و نوور! تۆ چراغی دین و دڵ !
ڕەحمەتێ، وەبزانە ئەم وێرانە هەر ئاوا نەبوو

گوڵ بە با، سونبوڵ بە تاراجی خەزان چوو عاقیبەت
هەر گولێک لافی لە ڕەنگ و بۆت نەدا ڕیسوا نەبوو
گەر ئەتۆ لوتفێکی بفەرمووی بێ زمانی من بەسە
مەیلی تۆ بوو، وەرنە ئادەم عالمی ئەسما نەبوو
تا بە ئاهـ و ناڵە نەگریت، فەیزی ڕەحمەت زەحمەتە
بێ نەسیمی بەرق و باران جۆششی دەریا نەبوو
شای گوڵان سوڵتانی خووبان ئەوشۆ هات دامەن کەشان
ڕۆژ و شەو، خورشید و زوڵمەت، گەنجی نێو وێرانە بوو
بانگی نۆشانۆشی ساقی، دەنگی موتریب، دەنگی تار
قووتی گیان، ڕۆحی ڕەوان، ئارامی دڵ قەت وا نەبوو
دڵ بە دڵبەر، گیان بە گیانان، شاد و خوڕڕەم کەف زەنان
وەسڵی بولبول، بەزمی گوڵ، شایی شەم و پەروانە بوو
خاڵی گۆشەی چاوەکەی فەرمووی وەفایی  پێت دەڵێم
" تا نەبوومە خادیمی مەیخانە، کارم چا نەبوو! "

٥٤

شەهیدی خەنجەرت ئەو ڕۆژە عومری جاویدانی بوو
مەڵێ پەروانە خۆ سووتاوە، مەرگی زیندەگانی بوو
بە تیریٚ خۆ لە عەلەم بۆوە چاوت، ئەی شەهیدت بم
لە کن خۆ ئەو فەڕەنگی زادە عەینی ناتەوانی بوو؟
سەر و ماڵی بە بێدادی حەبەش پاماڵە، ئەی سەد حەیف!
شەهی حوسنت کە دایم چەتری سونبوڵ سایەبانی بوو
لە بەر تەئسیری خەندەت من کە سووتام ئەو دەمە زانیم
بەڵایی خەرمەنی من هەرچی بوو بەرقی نیهانی بوو
بەخۆڕایی وەکوو پەروانە من سووتام و نەمزانی
ئەوەی ئێمەی لە داو خست، ئیلتیفاتی سەر زمانی بوو
بە بەدمەستی دەترسێم بێتە دیوانی خودا فەریاد !
کەسێ وەک من شەهیدی چاوەکانی نوکتەزانی بوو
ئەمن ئەو ڕۆژە لێم مەعلووم بوو کەعبەی دین و دڵ گیرا
کە وەک تابوری هیندوو لەشکری ئەگریجە، سانی بوو
لە بێ گوڵ ، زاری گوڵ ، ئەندامی گوڵ، ڕوخساری گوڵ، بەر گوڵ
هەتا کەی من بڵێم سەربەستە جەللادم فلانی بوو ؟
بە هەر سیحرێکی بوو هەر وەک وەفایی کوشتمت، ئاخر
ئەگەر ئەندازەیی نازت، ئەگەر نامیهرەبانی بوو

٥٥

ئەی لە سایەی سەری زولفت بە نیگا و خەت و ڕوو
بەستەیی داوە، چ تاووسە، چ شەهبازە، چ قوو
مەستی ئەو نیرگسە کاڵەم دەگریم بۆ لەبی تو
شووشە بۆ جامی شەڕابم، کوڵی گریەم لە گەروو
مەمدە بەر هەلقەیی ئەو زولفە لە سەر ماچی دەمت
لە تەنافم مەدە مەمکوژە لە سەر هیچی نەبوو
تێک نەچوو قەت سەری زولفت لە هەناسەی دڵی من
دوکەڵی ئەو شەمە هەرگیز بە نەفەس واوە نەچوو
لە دوو زولف و سەری کوڵمانی عەجەب ماوم ئەمن!
ڕاستە ئەو نوورە بەڵام نوور نییە دوو سایەی لە دوو
وەرە بەو نیرگسە ، ساقی بە فیدای گەردیشتم
نەفەسێ بێنەوە گەردیش بە وەفای جام و سەبوو
عاریز و زولفی، بە خەندە بە وەفایی دەفرۆشت
گوڵ بە تا، نافە بە خەرمان، دوڕڕ و شەککەر بە قوتوو

٥٦

به چاوان غه‌مزه و ئیما مه‌فه‌رموو
به قه‌تڵی ئاشقی شه‌یدا مه‌فه‌رموو

که من کوشته‌ی جه‌ماڵی تۆم عه‌زیزم،
له باغی جه‌نه‌تولمه‌ئوا مه‌فه‌رموو

ئه‌تۆ موو سونبوڵ و ڕووو ئافتابی
له حوسنی ته‌لعه‌تی له‌یلا مه‌فه‌رموو

دوو چاوم دوور له تۆ، تۆفانی خوێنه
له مه‌وجی جۆششی ده‌ریا مه‌فه‌رموو

ده‌مت وا بێنه، قیبله‌م، تۆی ته‌بیبم
به ته‌شریفی ده‌می عیسا مه‌فه‌رموو

من و یه‌ک له‌حزه شه‌و ئارام و تاقه‌ت؟!
له دووری ماهی شه‌و ئارا؟ مه‌فه‌موو

بۆ خۆت بمکوژه نه‌ک به‌و چاوه مه‌سته
به جه‌للادانی بێ په‌ڕوا مه‌فه‌موو

وه‌فایی ئاشقی ئه‌ندامی تۆیه
شه‌هیدی قامه‌تی تووبا مه‌فه‌رموو

٥٧

ئەی مایەیی سەد فیتنە بە دوو نێرگسی جادوو
ئەی هەڵقەیی زولفت ڕەسەنی گەردەنی ئاهوو
ئەی دەستە گوڵی باغی بەهەشتی بە مەلاحەت
ئەی پستە دەم و سەرو قەد و سلسلە گیسوو
خەت سەرشکەنی زولفی لە ئازاری دڵان کرد
گەر تەربییەتی داوە فەڕەنگ چین بە خەتا چوو
ڕۆژ بۆوە کزەی با لە خەیابانی گوڵاندا
زولفی بە هەناسەم کە لە سەر عاریزی لاچوو
فەرمووی وەڕەزم لەو غەرەزەی پڕ مەرەزی ئەو
ڕازی مەرەزی چاوی کە پرسیم لە ئەڕەستوو
خەندەی دەمی تۆ بۆیە شیفای دەردی دڵانە
پەروەردە دەگەڵ گوڵشەکەرە گەوهەر و لؤلوو
ئەو خاڵە چ شیرینە لە نێو حەڵقەیی زولفت
نەمدیوە سوهەیلی یەمەنی بێتە تەرازوو
تۆ ڕەنجە مەبە کوشتنی هاسانە وەفایی
بەوە غەمزە ئێشارەت بکە، بەو چاوە بفەرموو

٥٨

عەزیزم، ڕۆحی شیرینم لە من بۆچی کەناری تۆ؟
وەرە سەر هەر دوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ
لە سەر چاکی گریبانت سەبا شێت بوو وەکێوان کەوت
کە ڕێی کەوتە خەیابانی گوڵ و باغی هەناری تۆ
نەخۆشی چاوەکانت بووم و خەندەی تۆ سەبووری دام
شیفای بیماری خۆت دا، گوڵ شەکەر باری لە زاری تۆ
لە لایێ تارە داوی دڵ، لە لایێ مارە قەستی سەر
چ سیرێکە؟ عەجەب ماوم لە زولفی تار و ماری تۆ
خەتت هێنا جەماڵت پێ نواند، کوا ڕەونەقی خاڵت؟
فەڕەنگی هات و کەعبەی گرت و مەندی چوو لە شاری تۆ
ڕەگ و ڕیشەی دڵم هەر دەنگ و ناڵەی عیشقی تۆی لی دێ
بڵی موتریب، وەرە ساقی، سەراپا بوومە تاری تۆ
بە چاوت کەوتووم، بۆ زاری تۆ ئاگر لە من بەر بوو
سپەندم هەر بسوتێم چاکە من بۆ چاوەزاری تۆ
گوتم: شێواوی زولفم ، چاوەکەت بەڵکوو عیلاجم کا !
ئێشارەی دایە خاڵ و یەعنی وایە داغداری تۆ
نەخۆشی چاوی تۆم بێهوودەیە دڵ دانەوەی خاڵت
بە ئیفلاتوون عیلاجی نایە بیللا دەدەداری تۆ
جەماڵت ئاهی من گرتی، خەتی سەوزت بە سەر دا کەوت
چەمەن ڕابورد و سەرما هات و تێکچوو نەوبەهاری تۆ
نیگاهی کردە من هەستاوە زولفی خستە ڕووی فەرمووی:

قیامەت هات و ڕۆژ گیرا، وەفایی هەر خۆماری تۆ؟!

٥٩

ئەی جەننەتی عەیشی ئەبەدم ڕێگوزەری تۆ
نووری نەزەرم، تانجی سەرم خاکی دەری تۆ
بەو قامەتە خاڵ و خەتی ڕووی تۆ کە دەبینم
هەر گوڵشەنی فیردەوسە بە نەخلی شەجەری تۆ
سەروی سەهی قوربان ئەگەر ئازادە ئەدی بۆچ
بادام و گوڵ و سونبوڵ و نەسرینە بەری تۆ؟
دەدرەوشێ لە نێو زولفی ڕەشت ئارەقی گەردەن
خۆ هەر شەوە پەیدا بوو ستارەی سەحەری تۆ؟
نازانم ئەتۆ بۆچی بە لەب و قامەتی شیرین؟
خونچەی شەجەری، یانە گوڵی نەیشەکەری تۆ؟
ئەو چاوە کەوا مەستە بە حوسنی ڕوخی زیبا
داخۆ چ بکا فیتنەی دەوری قەمەری تۆ ؟
تۆ خودا دەمەکەت دەرخە لە نێو توڕڕە بزانم
تامی چییە ئەو حەققەیی شیر و شەکەرەی تۆ
خۆ سەیدی حەڕەم قەتڵی حەرامە! ئەدی زولفت
کافر کە نەبوو بۆچی منی کوشت لە دەری تۆ؟
ئەو ڕۆژە بە زوننارەوە من چوومە خەرابات
زولفت منی کێشا بە ئیشارەی نەزەری تۆ
بۆ من کە نەبێ وەعدەیی دیداری جەماڵت
چ بکەم لە بەهەشت و نەزەری حوور و پەری تۆ؟
قەت گوڵ بە ڕوخی تۆ نەبووە، سەرو بە باڵات
سەروێکە ڕەوانبەخشە گوڵی سیمبەری تۆ
بۆ قیبلەیی لای ڕووتە هەموو سەعیی وەفایی

مردن بە خودا عەینی سەفایە لە دەری تۆ

٦٠

پەنجەی لە خەنە بەستووە، ئایا گوڵم ئەمڕۆ
دەستی لە دڵی کوشتەیی خۆی خستووە یا خۆ؟
باکی دڵ و ڕووحم نییە تۆ زیز مەبە قوربان!
ئەو ڕوحە بە سەرگەردی سەرت بێ وەرەوە تۆ
پەیوەستە غەریقی ئەسەری ئاگر و ئاوم
بۆ ئاوی ڕوخت سینەمە وەک مەجمەری پشکۆ
تۆ بی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نییە، ها ! بمکوژە بەم خەنجەری ئەبرۆ
بولبول سیفەت هەر لەحزە لە دەوری گوڵی زارت
ناڵینمە هەی ڕۆ! گوڵەکەم ڕۆ ! .. دڵەکەم ڕۆ !
بۆچی نەگریم هەر دەمە بۆ حاڵی وەفایی
گیان خەستە و دڵ ئاشق و دڵدار لەسەر خۆ

٦١

سەرابوستان خەرابوستانە ئیمڕۆ
بەهاری عەیشی من زستانە ئیمڕۆ

بە زەردی پاییزی ڕەنگم دیارە
بە خاڵی رووتە تاوسانە ئیمڕۆ

ژیانی عومرەکەم بێ تۆ زیانە
گوڵستان بۆم بە خارستانە ئیمڕۆ

تەواوی زیندەگانیم بێ وجوودت
سەراپا وەک قومارستانە ئیمڕۆ

کەنارستانی عیشقت بۆ تەجەموول
ئەوێستا نەوعی شارستانە ئیمڕۆ

هەتاوی خاکی گەرمێنت بەمن چی؟!
لە بۆ من هەر وەکوو کوێستانە ئیمڕۆ

گوڵی من بێ نەزیرە، تۆ تەماشا
ویلایەت پاکی باغستانە ئیمڕۆ

خەدەنگت کاری هەژماری بە مقیاس
هەموو مێشە و چنارستانە ئیمڕۆ

وەفا مەزلوومی بەێرووتە بە ڕووتی
هەتیوی شاری کوردستانە ئیمڕۆ

٦٢

لە سە ڕووت کازیبەی زولفت وەلابە
کە سادق بێ تلوعی ئافتابە

دڵ و دین هەرچی بوو قوربانی تۆ بوون
هەتا کەی ئیدی ئەو ناز و عیتابە؟

بڵا بەو ڕۆژە نیلوفەڕ نە سووتێ
بە مەرگی من سەری زولفت وەلا بە

لە عەکسی عاریزت فرمێسکی چاوم
گوڵاوی ڕووتە هەم خوێناوی نابە

وەرە بنوێنە خۆت بمکووژە قوربان
بە دینێک کوشتنی عاشق سەوابە

وەرە بنوارە بەزمی عالەمی دڵ
چ خۆش دەورێکە هوشیاری خەرابە

ئەگەرچی ناڵەیە هەر زەوق و شەوقە
ئەگەرچی گریەیە عەینی سەوابە

بە ناڵینی دڵی سووتاوی ئاشق
هەموو هەر نەغمەیی چەنگ و ڕوبابە

بە چاو و گەردەن و ڕوخساری ساقی
هەموو هەر شاهید و شەمع و شەرابە

کوتم با قیمەتی وەسڵت بە دڵ بێ
بە ماچێکیش لە زاری خۆت ڕەزابە

کەچی فەرمووی دڵت نەشکێ وەفایی
ئەوە سەودایە، زەڕڕێکیش حیسابە

٦٣

به لێوی تۆ و به چاوی تۆ کەوا هەر مەست و سەرمەستە
عەزیزم تا بەکەی ئەم خەستەیە هەر مەست و سەربەستە؟
لە قوببەی سینە سووتاوە دڵم بەو نارە پڕ نارە
برۆی پەیوەستی خستوومی منی وا خەستە پەیوەستە
بە ئاهـ و گریەیی من پێکەنی، وەک بەرق و باران بێ!
بەهاران پستە خەندان بێ بە ناز ئاهیستە ئاهیستە
هەتا زەنجیری زولفی تۆم هەبێ هەر شاد و ئازادم
سەرم هەر داوە بەو داوە، دڵم پابەستە بەو بەستە
بەڵێنم ڕاستە من گەردەن کەچم بێ ڕستی دەستی وی
قەڵادە و ڕستە بۆ من پەرچەمی ئەو سەروە نەورەستە
قەد و قامەت قیامەت، "قەد قیامەت" تا بڵێن قامەت
برۆ ئەی تازە گوڵدەستە، دەمێکی هەستا ڕاوەستە
ببارێنە گوڵ و نافە بە خەندە داغی باغانە
سەری زولفت کە دەم بەستە لە دەم بەستە ئەمە بەستە
وەفایی مەجلیسێ گەرمە چ خۆشە بێی و ساقی بێ
وەکوو گوڵدەستە بتگێڕێ بە دڵ لەو دەستە بەو دەستە

٦٤

سەرگەشتە و شێواوە وەکوو سایە لە دووتە
گۆیا سەری زولفت وەکوو من عاشقی ڕووتە
زەنگی و فەڕەنگی سەفی کێشاوە بە قەتڵم
غەمزە و موژە دێن بۆ دڵی دێوانە بە جووتە
یاقووتی لەبانت بە کەڕەم بێنە تەبەسسوم
بۆ تەن ئەوەیە قووت و بۆ دڵ ئەوە قووتە
نوورانییە عالەم کە لە سایەی سەری زولفت
سایەی سەری تۆ سایەیی موڵک و مەلەکووتە
هەرچی هەیە جەننەت بە گوڵ و نافە نەنازێ!
عەکسی ڕوخ و عەتری شکەن و تایەکی مووتە
غافڵ مەبە بۆ ڕابیتەیی گەردەن و چاوی
مەی بگرە وەفایی کە ئەمە جام و سەبووتە

٦٥

دڵ دەناڵێ دەم بە دەم سووتاوی تاوی فیرقەتە
بولبولە بۆ ڕوویی گوڵ دڵ پڕ لە داخ و حەسرەتە
چاو پڕ ئاو و دڵ پڕ ئاور، دڵ بە دولبەر چاوەڕێ
ئەی خودا دەردی جودایی چەند گران و زەحمەتە
ڕوح لە سەر لێو چاوەڕێتم ئەی تەجەللای نووری توور
هێندە جارێک خۆت بە دڵ بنوێنە، مەرگم حەسرەتە
ڕەمز و غەمزەی یەک نیگاهت قەلبی کون کون کردووم
بوومە جێی دەسڕێژی تورکان، بۆیە جەرگم لەت لەتە
داغداری ئەلفی باڵات با لە ڕووت مەحرووم نەبێ
من کەفیلی وەسڵی جەننەت هەرچی ئەهلی وەحدەتە
زولفی لەرراند کەوتە سەر ڕوو، شادمان فەوجی دڵان
قەت لە دۆزەخدا ئەبەد نین، جەنەتین ئەو ئۆممەتە
قەت چ دەرگای وا نییە عالی، بە شەرتێ بچمەوە
با هەزار جورم و خەتا ، باز یار لە سەر ڕووی ڕەحمەتە
چاوی بازی کوشتمی، خەندەی بە ناز هێنامیەوە
سەد کە بیمار و نەخۆش بێ، پێکەنینیم شەربەتە
با حیجابێکم نەمێنێ لادە تاری زولفەکان
تا بەکەی دڵ نامورادی وەحدەتە لەو کیسرەتە!
گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێکەنی خۆش بوو جیهان !
یا لە تەئسیری هەناسەم عەتری بەرقی خەندەتە؟
چاوەکەت ئەرچی وەکوو خۆت هات و ڕەحمی پێم نەکرد
ئارێ ئارێ مەردومی نەوکیسە هەر دوون هیمەتە

من پەرێشانم لە بەر زولفت بە ڕوودا کەوتووم
زولف و ڕووی تۆ سونبوڵ و گوڵ، یا کە نوور و زوڵمەتە؟
ئەو بوتەی سەوداسەری کردووم بە زولفی بێ میسال
چاو غەزاڵ، باڵا نیهال، ئەبرۆ کەوان، گوڵ وە جەننەتە
ئەو گوڵەی شەیدا دڵی کردووم بە لێوی شەککەرین
عەنبەرین موو، نەستەرەن بوو، لالە ڕوو، مەهـ جەبهەتە
بۆ ڕوخی تۆ ڕوو بە ئەبرۆ وەک موژەت دەستەو دۆعام
ئەی چرای میحرانی ئەهلی قیبلە ڕۆژی ڕەحمەتە !
بۆ جەماڵی تۆ منیش وەک زولفی سەرگەردانی تۆم
ئەی چرای ئیسلام و کافر وەختی مەردی و مروەتە !
مردم و نەمزانی ئەو ئاورەی منی سوتاند، چ بوو؟
حاسڵی سەیر و سلووکی عاشقان هەر حەیڕەتە
مردم و هەرگیز نەگەیمە قیبلەیی تاقی برۆت
ئاخر ئەی قیبلەی مورادان تا بەکەی ئەم حەسڕەتە؟
یار ئەوا بەیعی ویسالی ڕووی دەگەڵ تۆ کردووە
جەننەتی داوە بە ڕوح، نامەرد وەفایی فورسەتە!

٦٦

ئەرێ ئەی زولفەکەت سەر تا قەدەم هەر هەڵقە و بەندە
چ داوێکە کە هەر داوێکی بەندی سەد خێرە دەمەندە
کە تۆ هاتی بە گوڵشەندا لە شەرمی زولف و ڕووی تۆ بوون
وەنەوشە و گوڵ سەراسەر غەرقی خوێن مان و سەرئەفکەندە
خودایا ئەو جەماڵ و قامەتەی دوور کەی لە چاوی بەد
درەختی گوڵ لە نارج و گوڵ و بادامی پەیوەندە
گوتم قوربان زەدەی چاوم! شفای دەردم چییە، بیدە!
دەمی خۆی کردە خونچە و پێکەنی فەرمووی: کە گوڵ قەندە!
بە خەتێکی شکستەی زولفی ڕیحانی لە سەر ڕوخسار
کە مەعنای ئاگری ئەم تۆمارە شەرحی زەند و پازەندە
لە عیشقی تۆ هیلاکی ئەو دڵەی دێوانە، دوو شت بوون:
وەک ئاسک چاوڕەش و وەک خونچە زاری پڕ شەکەرخەندە
لە ژێر باری غەمی زولفی خەتی هات و ڕەهای کردم
ئیلاهی قەت جەوانمەردان نەکەی داماو و دەرمەندە!
وەفایی هەرچی بێ، ئاخر هیلاکی چاوەکەی تۆیە
بە چاوی سووکی مەنوارێ و مەڵێ مەیخوارە و ڕەندە

٦٧

تۆ سەری زولفی بڵاوت زولفی خاوت با مەدە
جێی دڵی سەودایی یە، چیدی دڵم جەزیا مەدە
من کە بێت نازیم وەرە ڕەحمت هەبێ نەشکێ دڵم
با بینای کەعبە نەڕووخێ، چاوکەم لێم لامەدە
عاشقی زولفم بە ڕوح و دڵ ئەمن جۆیایی تۆم
خێری خۆتە دەست لە سینەی مەردی خۆش سەودا مەدە
هەر دەمەی من خاڵی گۆشەی لێوی تەعلیمی دەدام
عەیش و نۆش و کونجی تەنهایی بە ڕووی دونیا مەدە
شەو قەرارت دا لە سەر زولفت بە دڵ شاد بم بە تۆ
لامەدە زولفت! وەفات بێ .. وەعدەیی فەردا مەدە !
با قیامەت ڕانەبێ، با ڕۆژ نەگیرێ چاوەکەم !
توند مەبە ! هەڵ مەستە پێ، سونبوڵ بە ڕووی گوڵدا مەدە
چت لە زەوقی دینی دڵبەر داوە.. تۆ بی و دینی خۆت !
تا بمێنی دەم لە وەسڵی ئاتەشی سینا مەدە
مەرگی من ساقی دڵم بگرە دەمت وا بێنەوە
یا کەڕەم کە جامی لەبریز، یا شەرابی وا مەدە
ئەی وەفایی هێندە خوێن مەگری لە ڕووی ئارامی دڵ
گەوهەری تۆ وا لە کن تۆیە ، خۆت بە دەم دەریا مەدە

٦٨

ڕۆژی تەرەب و وەختی گوڵ و فەسڵی بەهارە
یاران گوڵەکەم کوا کە دەمی بووس و کەنارە
گوڵزاری ئیرەم، سوڕەتی غیلمان، قەدی تووبا
گۆشەی چەمەن و ڕوویی گوڵ و پایی چنارە
بنوارە لە نێو هەڵقەیی زولفی سەری کوڵمی
دوو ڕۆژی درەخشانە لە نێو دوو شەوی تارە
هەر لەحزە کە دێ پێدەکەنێ هەقمە کە بگریم
پشکووتنی گوڵ مایەیی بارانی بەهارە
بۆچی نەگریم کوشتەیی سەد غەمزە خەدەنگم
من یەکم و ، نیزامی حەبەشی زادە هەزارە
بەو زولف و موژە مەمکووژە هەردەم بە جەفایێ
جارێ لە تەنافم مەدە جارێ لە قەنارە
بەو قامەتە حەیرانی شکۆفەی قەد و باڵام
قەد ناروەنە و باغی گوڵان باغی هەنارە
سووتاوم و شێواوم و سەودایی و مەستم
بەو عاریزە، بەو پەرچەمە، بەو چاوە خومارە
گوڵ دەستە، نیگەهـ مەستە، دەهەن پستە، گوڵ ئەندام
زولفی کە هەموو داوی دڵی عاشقی زارە
بەو دوو بەرە زولف و روخی تۆ نۆبەرەی سەرون
هەر عەترە بە تا هەر گوڵ و نارنجە بە بارە
پرسیم چییە؟ تەبخاڵە لە سەر ئەو لەبە، فەرمووی
جێی ماچە.. وەفایی، ئەوە نیشانەیی پارە

٦٩

دلبەرا تۆ بی و سەری زولفت بە ڕوخسار داوەرە
کێ دەڵی ئاخر کە شەو بێ ڕۆژە، ڕۆژ بێ سێبەرە !
تا بە دڵ نووری جەماڵی تۆم نەدی زارم نەدی
زەڕڕە مەعلوومە کە شەو دابێ لە گۆشەی پەنجەرە
عاشقی بەرگی گوڵم، ئەو مارە بگرە باغەوان!
ڕوحەکەم ! یەعنی کە کوڵمت بێنە زولفت لابەرە
هەڵقەیی زولفی بە بارێ خستە بەر دەم دولبەرم
یەعنی عەینی عەنبەرم بەو نوختە ئەمڕۆ غەم بەرە
هەر دوو زولفی خستە بەر دەم شاهیدی ڕوو، تا بڵێن
میمی بیسمیللا لە جەننەت عەینی شەهد و شەککەرە
خەتتی بەر زولفی پەرێشانی بە موژگانی دەڵێ
پادشای حوسنی شکا، تۆزی شکستەی لەشکەرە
تاقی ئەبرۆی تۆ بە خوێنڕێژی بە دوو زولفی سیاهـ
خەنجەری زولجەوشەنە عیشوە و ئێشارەی جەوهەرە
تۆ کە ئاوێنەی دڵم دەشکێنی بنوێنە ویسال
با هەناسەم نەتگرێ ڕووت واوە بێنی چاترە
چاوەکەت وا تەشنەیی خوێنە بە موژگانت بڵێ
بۆ هیلاکی من دەڵێی مەستێکە دەستەو خەنجەرە
قیبلە گۆڕاوی وەفایی ئاشقی سادق نییە
بێ سەفای دڵ، عومرەکەم، ئەو سەعیە هەر دەردیسەرە

٧٠

دەمێکی هەستە پێ قوربان، جەماڵت عالەم ئارا کە
بزانن نەخلی تووبا، باغی جەننەت، خار و خاشاکە
ئەگەر ڕەنجیدە بووی قوربان لە وێرانەی دڵی تەنگم
وەرە سەر مەنزەرەی چاوم تەماشای مەوجی دەریا کە
بە ئەمری چاوی بیماری کە هەر خوێنخوارییە کاری
مەگەر تاری سەری زوننار ی زولفت ماری زەححاکە؟
لە عەینی ئاهـ و سۆز و گریە، زولفت هاتە تاراجم
شەوی پڕ بەرق و بارش ڕۆژی هیندووی دوزدی ناپاکە
شەهیدی چاوی بازی پڕ لە نازی شاسورێکم
کە گۆی چەوگانی زولفی داییرەی خورشیدی ئەفلاکە
دڵم شێواوی چاو و زولفتە بەو زارە چارەی کە
کە ئەو بیمارە ماران گەزتەیە و درمانی تریاکە
لە ڕووی تۆ دانەما، پەروای شەهیدانی نەبوو چاوت
لە ڕۆژی حەشرێ ناترسێ، عەجەب تورکێکی بێ باکە !
بە یادی ڕووی دڵێ بگری، بڵا چاوم لە گریەت بێ
بەهاران نم نمی باران بە مەیخواران تەرەبناکە
لە فەهمی جەوهەری خەندەی دەمت، عومرم چوو نەمزانی
کە سیڕڕی حاڵی ویجدانی سەروویی فەهم و ئیدراکە
لە قەتڵی عالەمی دڵ بۆوە خاڵی ڕووت، بڵا بەس بێ
سوهەیلی کاروان کوژ چی دەوێ بەو ڕۆژە ڕووناکە
دەمی هێنا، دڵم کردە نیساری پێکەنی و فەرمووی
کە زەڕڕێکیش بێ ون نابێ "وەفایی" چاکە هەر چاکە

٧١

بەم ڕوخ و لەب مەیلی گوڵستان مەکە     هەتکی گوڵ و غونچەیی خەندان مەکە
گیانی عەزیزم بە سەری زولفی خۆت     یۆسفی دڵ چیدی لە زیندان مەکە
بمکوژە بۆ خۆت نە بە دوو چاوی مەست     قەتڵی منی خەستە بە مەستان مەکە
دڵ مەدە زولفت بە تەمای کوشتنم     یاریی کافر لە موسوڵمان مەکە
گوڵ شەکەری زار و عوزاری دەوێ     تفڵی دڵم حەیفە لە گەریان مەکە
حەیفە لە سار خاڵی دەمی ئەی(خدر)     ئارەزوویی چەشمەیی حەیوان مەکە
توتیی دڵ زاری قسەی زارتە     مەنعی لە قووتی شەکەرستان مەکە
حاڵی وەفایی گوڵە با تێک نەچێ     سونبوڵی ئاڵۆزت پەرێشان مەکە

٧٢

غەمزەدەی خۆتم! نیشانەی تیری موژگانم مەکە
عاشقی ڕووتم عەزیزم تیرەبارانم مەکە
بەس دڵم بشکێنە بەو ئەبرۆیە بۆ ماچی دەمت
مەمدە بەر تیغ و لە سەر هیچێ لە گریانم مەکە
چیم لە ئەبرۆ داوە من پابەندی زولفم لێم گەڕێ
کافری عێشقم، بە قیبلەی خۆت مسوڵمانم مەکە
عاشقی خەندێکی تۆم با بەس بە ئاهـ و ناڵە بم
بولبوولم پەروانە نیم و حەز بە سووتانم مەکە
دڵ بە من ناکا لە بەر ئاوری دەروونم دێتە جۆش
تۆ کە سووتانت نەدیوە مەنعی گریانم مەکە
مەمدە بەر تابووری موژگانت هەتاکوو غەمزە بێ
ها بە جارێ بمکوژە، یەخسیری تورکانم مەکە
سەت کەڕەت کوژراوی یار بم ، لێم مەپرسە ئەی ڕەقیب
دەردی یارم خۆشترە بێهوودە دەرمانم مەکە
عەرزەچی نی تۆ بە قوربان، پادشاهی عالەمی
دادی مەزلوومان بپرسە، حەیفە بێ لانم مەکە
پێم بڵێ یاقووت و ڕەیحان خەتتی کامیان خۆشترە؟
وا عەیارە چاوەکانی، لەعلی خەندانم مەکە
هەقیەتی بەو چاوە کاڵانە کە تاڵانم دەکا
تفڵی نادانم لە سەر ماچێک لە گریانم دەکا
پەنجەکەی پاکی لە سەر خوێنی وەفایی بۆتە گوڵ
دەمکوژێ و پێشم دەڵێ: ئالودە دامانم مەکە

٧٣

چ تەلەسمێکە؟ چ سیحرێکە؟ چ سەوداییێکە؟
سەری زولفت کە دوو سەت چینی بە هەوداییێکە
ناڵە ناڵی دڵی سەودازەدە لەو پەرچەمەدا
ئەوە نیشانەیە دێوانەیی سەوداییێکە
وەرە مەنوارە بە سووکی لە نیساری قەدەمت
ئەشکی دیدەی تەڕی من گەوهەری دەریاییێکە
ئەی شەکەر لێو کەمەری تۆ چییە بەو مەحکەمییە
کە هەزاری وەکوو من بەستەیی هەوداییێکە
نێرگسە غارەتی دین، پەرچەمە شێواویی دڵ
هەر یەکە ئافەت و فیتنەی سەری مەولاییێکە
کوشتەیی تیغی غەمی، کافییە ماچێکی دەمی
بەڵێ ئەو دلبەرە لەو عەسرە مەسیحاییێکە
مانعی ناڵینی وەفایی مەکە مەجنوون سیفەتە
ئاخر ئەو غەمزەدە پا بەستەیی لەیلاییێکە

٧٤

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەرمانی گوڵە　　ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە
تا بە تای زولفی کە شێواوە بە ڕوو　　سونبوڵستانی گوڵستانی گوڵە
ڕۆژ بەدەر ناکەوێ تا سوبحی عوزار　　هەڵ نەیێ شەو کە لە گریانی گوڵە
بۆ دڵی شیفتە بۆچی بگریم؟　　بەستەیی چاو و زەنەخدانی گوڵە
زولفی تورکانە لە سەر عاریزی یار　　ئەوە چەتری سەری سوڵتانە گوڵە
ڕوو بە میحرابی برۆ پەرچەمی خاو　　کافری تازە مسوڵمانی گوڵە
عەتری خەندەی گوڵی باغانە کە دێ،　　یا هەناسەی دەمی خەندانی گوڵە
غولغولەی شۆری وەفایی کە دەڵێ　　بولبولی گۆشەیی بوستانی گوڵە

٧٥

ئـەی سەبا ! تێک مەدە تۆ پەرچەم و کاکۆڵی گوڵە
زولف و کاکۆڵی گوڵە مەسکەنی سەد پارە دڵە
ڕامی دامم نەبوو هەرگیز بە فسوون دڵ بووە خوێن
گوڵە سەرمەستە غەزالێکی عەجەب وەحش و سڵە
چییە ئەو نوختە کەوا بۆتە نیشانەی دەمی تۆ؟
نوختەیی هیچە کەچی نوکتەیی سەد ئاهی دڵە
دەمی خەندە و قسەیی، ماچی دەم هەرزانە بە ڕوح
دەم و خەندە نوقوڵستانە قسەی وی نوقوڵە
وەرە بڕوانە دڵم ئەی گوڵە! بۆ زاری گوڵت
بولبولێکە چ حەزینە، چ لە گریان بە کوڵە؟
قەت بە دڵ یاری وەفایی نەبوو، حەیرانم ئەمن
دڵ کە مەعلوومە یەکە، بەس گوڵە بۆچی دوو دڵە؟!

٧٦

لەمحەت بە سەفا نیوەیی ماهێکی تەماوە
دڵ عاشق و سەودابیە ماهێکی تەمامە
هەڵقەی سەری زولفت لە دوو لا چەتری عوزارن
دەوری وەرەقی لالە و گوڵعەنبەری خامە
بۆ قەتڵی دڵم بۆتە دوو سەف لەشکری موژگان
دوو نەرگسە فەرماندەری سوڵتانە نیزامە
ئەو ڕۆژە کە دیم توڕڕە لە سەر عەنبەری خاڵی
زانیم ئەوە بۆ سەیدی دڵم دانە و دامە
پێمگوت وەرە بۆ خۆت بە دەمت بمکوژە، فەرمووی
مومکین نییە ئەو ئەمرە لە سەر چاوی سیامە
بەو پەنجە کە ڕەنگی دڵە ساقی کە ئەتۆ بی
پەیمانەیی زەهرم بدەرێ عەینی شیفامە
بۆ کوشتنی من دەست مەدە خەنجەر بە فیداتم
لەو خونچە گوڵی وەک دەمە یەک ماچێ تەمامە
من تالیب و دڵ ڕەهرەوی نێو زوڵمەتی زولفت
خاڵت خدری زیندە، دەمت ئاوی بەقامە
قوربانییە ئەو ماهە تەمامە وەرە قوربان
قوربانی سەرت بم بە دڵ ئەو ماهە تەمامە
پێم گوت بە نەسیمی سەحەر ئەی پەیکی وەفایی
مروەت نییە گوڵ هێندە لە سەر جەور و جەفایە
گوڵ هاتە شەکەر خەندە بە دەم بایی سەباوە
فەرمووی وەفایی کە جەفام عەینی وەفایە
مەتڵەب نییە شیعر و غەزەل و بەیت و قەسیدە

## مەنزووری وەفایی کە لە گەڵ کاکە سەلامە

٧٧

ئەو زولفە دوو تایە چ تەلەسمێکە چ دامە
سووتاوە ئەوی پوختەیە بەو عەنبەرە خامە
دڵ کەوتە سەری زولفی لەبەر جەزبەیی خاڵی
وەحشی سەبەبی دانەیە پا بەستەیی دامە
دەستم بگری تۆ کە بە جامێکی سەبووحی
بەو چاوە، ئەگەر پادشەهی شامە، گەدامە
شەیدایی من غەمزەیی ئەو چاوەیە یەعنی
سەرمەستیی من جوملە لە بەر نەشئەیی جامە
بۆ قەتڵی دڵم بوونە دوو سەف لەشکەری موژگان
ئەو نێرگسە فەرماندەری سوڵتانی نیزامە
لەو زولفە بڵاو و سەفی موژگانە دەلەرزم
مەعلوومە کە شەو لەشکەری بەرگەشتە بە سامە
عومرێکە دەناڵم بە دڵ ، ئەو قەد گوڵە نەیگوت
ئەو بولبولە ـ ئاخر بە تەمای میهر و وەفامە
بۆ کوشتن ئەتۆ دەست مەدە خەنجەر لە وەفایی
لەو غونچە گوڵەی وەک دەمە یەک خەندە تەمامە

٧٨

بریندارە دڵم سەودازەدەی زولفی دڵارامە
مەکەن مەنعی دڵی زارم کەوا بێ سەبر و ئارامە
بە ناز هات بۆ تەماشای شیوەنی دڵ ، پێکەنی فەرمووی:
لە گەڵ گریەی سوراحی، نەشئەیی مەی، خەندەیی جامە
موفەسسیر غەمزەکەی ڕێزە و شکستەی زولفی مەعنا کرد
دەڵی: چی کەوتە بەرپێم کافریش بێ سەر بە ئیسلامە
خەتی هات و بەسەر چوو ڕەونەقی زولفی دڵ ئاوێزی
لە تازیەی ئەهلی دڵ گیرانی ڕۆژ مەشهووری ئەییامە
بە مەرگی من هەتا ماوم سەرت وا بێنە بیزانم:
ڕوخە یا بەرگی نەسرینە ، لەبە یا شەککەری خامە؟
بە مەحزی ڕوئیەتی زولفت سەرم دانا، دەبێ چ بکەم
لە ئەم بازاڕە تەرکی سەر، کە ئەوەڵ سوود و سەودامە
بە غەمزەی چاو و لوتفی ئەو دەمە ڕوحم وەبەر بێنە
دەمی تۆ ڕۆحی شیرین، چاوەکەی مەستت مەسیحامە
لە شەوقی ڕووت دەناڵێنم لە سایەی گەردەن و زولفت
گوڵستان بێ سەدای بولبول نییە گەر سوبحە گەر شامە
بە تاتای زولفی ڕووی کردە وەفایی و پێکەنی یەعنی:
شەکەر هەمڕاز و عەنبەر هەمسەر و گوڵ باغی باڵامە

٧٩

به ماچێ گیان دەبەخشێ ئەم مەسیحای عەسرە، بیستوومە
ئەوا من عاشقی ڕووتم دەخیل دڵ زار و مەزلوومە
ئیشارەم کردە زولفی ڕوو بە ئەبرۆ، بۆچییە؟ فەرمووی:
بە قیبلەم نەو مسوڵمانێکە زەنگی زادەیی ڕوومە
دڵم تفلّی دەبستانی غەمە، وا مەیدە بەر غەمزە
هەتاکەی تیرەباران؟ ئاخر ئەو مەزلوومە مەعسوومە
لە بەر تاقی برۆت ، گریانی دڵ بۆ زولفە بەرپا بوو
عەجەب ماوم دەڵێن شەو، ڕوو بە قیبلە ناڵە مەحکوومە
لە سیڕڕی حیکمەتی زارت کە نووختەی جەدوەلی ڕووحە
عەجەب ماوم چ نوکتێکە؟ نە مەوجوودە نە مەعدوومە !
سیە ڕۆژ و نەخۆشی تۆم، گوڵم ئاشوفتە بوو یەعنی
بە داوی تووڕڕە وایە چی لە دووی دوو چاوی جادوومە
وەفایی وا لە کوڵ دەگری، بە دڵ بۆ گوڵ دەناڵێنێ
بە سەد غولغول دەڵێ بولبول لە باغی قبلە مەحڕوومە

٨٠

تا خەندەیی گوڵ کاشفی ئەسراڕی نیهانە
زارت لە تەبەسسوم نەکەوێ قەت لە زەمانە
زولفت چییە وا تا بەری پێ هەڵقە بە هەڵقە
یا نا شەوی هیجرانە کە زیندانی دڵانە؟
تۆی پێدەکەنی یا زەوقی دڵانە بە هەناسە؟
یا عەترە دەبارێ، ئەسەری باغی گوڵانە ؟
قولاپی موژەت گرتمی ڕووی کردمە ئەبرۆت
یەعنی کە ئەوە قیبلەنمای ئەهلی دڵانە
تۆ ڕۆژی درەخشان و ئەمن شەو وەکوو زولفت
سەرگەشتە لە دووی تۆ دەگەڕێم خانە بە خانە
گریانی دڵانە لە سەر ئەو زولفە بە ڕوو دا
یا ناڵەیی مورغانی شەو ئاوێزی بەیانە؟
باعیس بە جودایی لە بەهاری گوڵی ڕووتە
بێ ڕەنگیی ڕەنگم کە وەکوو ڕەنگی خەزانە
هێشتا دڵی من نادەیەوە هەر لە جەفا دای
بۆ تیری هەموو دەرد و خەمت بوومە نیشانە
بولبول لە زمان کەوت و بووە خوێن پەڕی گوڵ، گوڵ
جارێکی نەپرسی کە چ فەریاد و فوغانە !
حەیرانی برۆ و خاڵی لە ڕووی تۆیە وەفایی
بۆچی حەڕەم ئاتەشکەدەی پیری موغانە؟

٨١

ئیلا ئەی ساقیی مەستان بە هەقی پیری مەیخانە
بە گەردیش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە
ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس بە هەقی پیری ڕوحانی
بڵا بێ نەغمەکەی سازت کە ئاوی ئاوری هیجرانە
ئەتۆ ئەی ڕوحەکەم ساقی، ئەتۆ ئەی عومرەکەم موتریب
پەیاپەی لێدە چەنگ و نەی، دەمادەم پڕکە پەیمانە
بە تیری غەمزە بملاوێنەوە زولفم لە گەردەن کە
بەسەر هاتوومە مەیدانت، بە دڵ بۆت بوومە نیشانە
ئەگەر شەوقی جەماڵی تۆ نەبێ من مەست و حەیرانم
لەبەر چی بۆتە بولبول گوڵ، چرا بۆچ بۆتە پەروانە
لە شەوقی تۆیە سەرمەستە، بە زەوقی تۆیە پێ بەستە
ئەگەر عارف لە کەعبەیدا، ئەگەر کافر لە بوتخانە
لە شیرینی جەماڵی تۆیە ڕۆژی ڕوونی لەیلایە
ئەگەر فەرهادی سەرگەردان، ئەگەر مەجنونی دێوانە
دەمێکی مەست و بێمارم، دەمێک بێ هۆش و وشیارم
چ کەس نازانێ دەردی من، مەگەر ئەو چاوە کاڵانە
دە هەر هەڵقێکیدا سەد دڵ گرفتارە دەناڵێنێ
سەری زولفی پەرێشانت مەگەر زەنجیری شاهانە؟
هەناسەی ئاشقان با نەتگرێ بێ مروەتی تا کەی
بترسێ ئەی گوڵی نازوک بەدەن لەو بایی زریانە!
ئەگەر زولفت وەکوو من ئاشقی ڕووی تۆ نییە بۆچی
سەراپا تێکچووە کەوتۆتە بەر پێت، دەست و دامانە؟
ترازا دوگمەکەی سینەی بە یاریی زولفی هات غەمزە

بەیان بەر بوو لە لای چین، باخەبەر بن  تیرە بارانە
وەفایی بۆ گوڵێکی سەروباڵا شێت و شەیدایە
وەکوو قومری دەناڵێنێ وەکوو بولبوول غەزەلخوانە

٨٢

دڵی پڕ ئێشی من بۆیە وەها خوێنباری گریانە
هەموو سینەم وەکوو نیشانە جێی نێشی موژگانە
بە زاری پێم گوت ئاخر سەبووری تا بەکەی ، فەرمووی
دەسا بیکوژن، ئەی یاران کە ڕۆژی بەردەبارانە
بەلاگەردانی تۆم، ئەی من بەقوربان خاڵی ڕوخسارت
خەلیلی ئاگری نەمروودە خەتی سەوزی ڕەیحانە
کە تۆ سوڵتانی حوسنی بۆچی  ئەبرووی تۆ ڕێ نادات
لەبەر چاوت کە هێندوو ماڵی کەعبەی کردە مەیخانە
تەبیبی میهرەبان بێهوودە تاکەی دڵنەوازی من ؟
وەکوو بۆ خۆم دەزانم هەستە ـ بیللا ـ ڕۆژی گریانە
دەڵێ حاڵت لە سەیلی دیدە، سۆزی چییە  قوربان
لە دووری تۆ بڵێم چی، حاڵی من خنکان و سووتانە
ئەمن لەو شارە کوژراوی خەدەنگی نازەنینێکم
فەرەنگی تینەتە، کافر دڵە، زاهیر مسوڵمانە
بە هیچ جۆرێکی ناوێرم کە نێزیکت ببم قوربان
بە عەینی هەر لە من ڕووی داوە حاڵی شەمع و پەروانە
دەخیل ئەی مەحرەمی دەردی وەفایی! خزمە تەکبیرێک
ئەوا مەحبووبە چارەی نایێ خۆ کوژرانم هاسانە

٨٣

حەریقی ئاوری دوریم، داغداری زولفی جانانە
ئەگەر بایێ لە لای قیبلەم نەیێ حالم پەرێشانە
نەسیمی سوبحدەم قوربانی نەشئەی تۆزی ڕێگات بم
غەریبم ، بێکەسم ، ڕوح و دڵم سووتاوی هیجرانە
ئەمن وا لێرەکە و ڕوحم لە خاکی پاکی بەتحادا
حەیاتم بێنەوە ڕاببرە بەو باغ و گوڵستانە
ئەگەر دەریایی ئاور بێ، ئەگەر تۆفانی خوێن هەستێ
بە سۆز و گریەیی زارم، بڵی بەو ماهە تابانە
بە غەمزەی چاوەکەی مەستت هەموو جێی نەشتەرە جەرگم
بە موژگانی سیات قەلبم سەراسەر جێگە پەیکانە
بە تاری زولف و گوڵناری جەماڵی تۆ بە ڕۆژ و شەو
سەرم دەربەستی سەودایە، دڵم سەرگەرمی سووتانە
دڵم سەوداسەرە و گیانم پڕی غەوغایە و نازانم
نە داخی تاری زولفانە، نە دەردی وردە خاڵانە
نە خاڵت ڕەحمی پێم دادێ، نە هەڵقەی دایەرەی زولفت
عەجەب ماوم دەڵێی دەوری فەڕەنگی کافرستانە
بە شەوقی ڕووت لە هەڵقەی زولفەکەت دێ ئاه و ناڵەی دڵ
لە سوبحی کازیبەی شەودا چریکەی مورغی خۆشخانە
شەهیدی تیغی ئەبرۆتم بە جەزبەی خاڵەکەی چاوت
مەقامم قابی قەوسینە لە سایەی پیری مەیخانە
هەموو عالەم بە دیدارێکی تۆ قوربانی ئەبرۆتن
مەگەر تاقی برۆت قوربان، هیلالی جەژنی قوربانە؟
عیبادەتخانە بەرهەم بوو بە نەشئەی قیبلەکەی ئەبرۆت

لە سایەی چاوەکانتماڵی کەعبەش بۆتە مەیخانە
بە ئاە و گریە بۆ سەیری جەماڵی چووم و پێی فەرمووم
تەماشای باغ و گوڵشەن بۆ چییە بەو باو و بارانە؟
خەتی هات زولفەکەی لەرزی لە سەر خاڵی سیا، گۆیا
حەبەش بۆ چین لە تێلی دا کە ڕۆم و هێندە شەڕیانە
بە ناز ڕووی کردە میحرابی برۆ، موژگانی دەیفەرموو
کە تۆ لوتفت هەبێ قوربان، خەراباتیش مسوڵمانە
وەفایی دەردی بێ دەرمانە بەو چاوانە نازانم
هیلاکی تۆیە؟ یانە خەستە جانی دەستی پەریانە

٨٤

خەرامان بەو سەری زولفی پەرێشان چیهرە بنوێنە
لە گوڵ ڕەنگ و لە سونبوڵ بۆ، لە سەروان جیلوە بستێنە
شەهیدی تاقی ئەبرۆی تۆ، بە جەنەت شاد و ئازادە
ئەتۆ قیبلەی مورادانی دەمێکی ڕووت وەها بێنە
زەکاتی خاڵی لێوت ماچێکی لەو چاوە کافیمە
ئەتۆ بی و ساقیی کەوسەر دڵم بەو جامە مەشکێنە
بە زولف و ڕووی گوشاد جارێک بپرسە حاڵی شێواوم
دەمێک شەککەر بدە، سونبوڵ بە بادە، گوڵ ببارێنە
دڵم هێناوە بۆ لێوت بڵا زولفت ڕەزای لێ بێ
وەکوو قەنناد‌ی خۆش سەودا، بە زوو زوو بیدە بستێنە
زەدەی چاوم، لە لێوی خۆت شیفام دە، بەس بە ڕقدا چۆ
بە قەترێک ئاوی حەیوانت نەخۆشی خۆت مەسووتێنە
ئەگەر سەد ڕوح و دڵ بێنم موراد‌ی من ڕەوا نابێ
لەبی لەعلی بە من نادا دەزانێ ڕوح  چ شیرینە
لە ئەنفاسی سەحەرگاهی بترسێ ئەی چرا ، جارێک
هەناسەی عاشقان تیرە، مەڵی پەروانە بێ خوێنە
دەلیلی چاک و پاکی پێدەوێ وەسڵی ڕوخ و زولفی
خودا شادی بە شانەی دا و سەفای جەنەت بە ئاوێنە
لە سەر میحرابی ئەبرۆی کەوتمە زولفی، دامیە بەر غەمزە
بە جەللادی دەگوت: مورتەد حەڵاڵە خوێنی بڕژێنە
سەری دانا لە سەر ڕووی تۆ، بە شوێنی زولفی تۆ دا چوو
وەفایی ئاخری خێر بێ، دەمێکە بێ سەر و شوێنە

٨٥

ئەی حوسنی ئەزەل، دا نەفەسی خۆت بنوێنە
ئاوێنەیی ڕووی خۆتە دڵی من مەشکێنە
کەوتوومە شکەنجی سەری زولفت بە تەمای ڕووت
یاریم کە نەکەی چووم بە تەلیسماتی خەزێنە
عالەم هەموو ڕەنگینە لە بەر عەکسی جەماڵت
هەر ڕەنگە بە ڕەنگێکی هەزار ڕەنگە نوێنە
چونکە سەبەبی دەوڵەتی خەندەی گوڵە باران
ئەی دیدە هەتا هەی بگری، خوێن بڕژێنە
چونکە شەرەفی قوربی بەقا وا لە فەنا دا
ئەی دڵ وەرە تا زیندووە بی، خۆت بمرێنە
سووتاوە دەروونم وەرە ئەی بایی بەهاری
زیندووم کەوە بۆنێکی لە خونچەی دەمی بێنە
ڕاببرە بە دامان و خەیابانی یەخەیدا
نەختێ لە گوڵ و سونبوڵ و نەسرین بوەشێنە
مەمکین نییە لەو چاوە نەجاتی دڵی زارم
ئەو مورغە بریندارە گرفتاری شەهێنە
عەینی کەرەم و مەرحەمەتە هەرچی بفەرمووی
لوتفت نییە جارێ بە جوێنم بدوێنە
دەمگوت کە خەتت بێ دڵی خۆم نادەمە چاوت
نەمزانی کە مەی فەسڵی بەهات تۆبەشکێنە
خۆی داوەتە زولفت لە دوولا گۆشەیی ئەبرۆت
میزان کە دڵان هێندە دەبا سووچی شەهێنە
فەرموویە وەفایی بە دڵی تۆیە ویسالم
قوربان هەر ئەتۆ و دڵ؟ وەرە ڕوحیش بستێنە !

٨٦

ڕوحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە
لوتفت هەبێ ڕوو وا بکە مەقسوودی مەم، دینە
بەو جێگەیە بوویتە شەرەف و قورب و مەقامت
لوتفت ببێ بمبەخشە وەورە جورمێ مەبینە
دەرمان مەکە هاتوومە حەکیمی هەموو دەردان!
دەرمان بکە جەرگم کە هەمووی کۆنە برینە
عومرێکە دەناڵم بە هومێدی گوڵی زارت
جارێکی بفەرموو کە چ هارواره، چ شینە ؟
فەڕزەن هەموو دونیای من و عومری خزرم بوو
بێ جەننەتی ڕووی تۆ چ حەیاتێکە چ ژینە؟
ئیحسانی گوڵ و خاکی دەری پاکی لە چاو دا
بۆییێکە فەلەک تا هەیە چاوی لە زەمینە
ڕەوشەن بکە چاوم بە کلی خاکی دەری خۆت
بەو عێززەتە فەرشی قەدەمت عەرشی بەرینە
زولفت لە دوو لا شاد و گوشادن بە جەماڵت
کوا ئەهلی شیمالی هەموو ئەسحابی یەمینە
مەوقوفی نیگاهێکە بفەرموو بە تەڕەححوم
ژەنگاوییە ئاوی نییە ئاوێنەیی سینە
پا بەندی ئیشارێکە دەریکە لە دەروونم
خۆبینیی و بوخڵ و حەسەد و نیخوەت و کینە
بەو خاڵ و خەت و سوڕەتی گیسووی هەتە ، هەقیە
مانی کە پەرێشانی سەنامخانەیی چینە
نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیا و قیامەت
جارێ بە وەفاییی کە بڵێی کەلبی ئەمینە

٨٧

لە سەر چی لێم زیزی، چ بووە، چ قەوماوە؟
دەمم لە ڕووی تۆ داوە کابە نەڕووخاوە !
چ کێوی توورێکە چ شۆڵەی نوورێکە
دڵم لە تاوی ڕووی تۆ ئەگەر نەسووتاوە؟!

چ بەرق و بارانە، چ گوڵ بەهارانە
چاوم لە بەر خەندەت ئەگەر نەگریاوە
نە زولفی جادووتم، نە خاڵی هیندووتم
عەزیزەکەم بۆچی ئەمنت وەلاناوە؟

چبکەم کە هەر نەگریم لە دەست ئەو چاوە کاڵە؟
شەهید بە هیچ وەختان خوێنی نەوەستاوە!
لەبەر هەناسەی من ، زولفی لە ڕوو لاچوو
مەگەر نەسیم ئەنگوت، بەیانی بەرداوە؟!

بە زاری خۆی داخوا ، پرسی لە من ئاخۆ
گوڵ بۆچ وەها پشکووت، شەککەر بۆ وا تواوە؟!
بە تاری زولفانت، ئەمن وەها شێواوم
سەبر و قەراری من ڕۆیی و نەگەڕاوە

لەبەر شەکەر خەندەت ، ئاورم وەها کەوتێ
سۆز و گودازی من ، (نەی) بۆی نەشێراوە
سۆراغی دێوانان، چرای پەروانان
شەرابی مەیخانان، خوماری ئەو چاوە

ئەتۆ و گوڵی بۆ خۆت، کردت بە ئاوێنە
ئەتۆ و دەمێ فەرمووت بەو ئاوە کووژاوە
ئەی ڕۆژی شەوگەردان، ڕووی تۆ لە نێو پەردان

شفای هەموو دەردان بە خەندەت هێناوە

تۆ و زولف و خاڵی خۆت، ئەتۆ و جەماڵی خۆت
کە شەو بە تاریکی لەو ڕۆژە گیراوە
بەو ئاڵ و والایە، بەو بەژن و بالایە
کە زاتی ئەسمایە، کە وەحدەتی ناوە

یەخسیر و بەندی تۆم، لە دووی کەمەندی تۆم
بە زولفەکانت جارێ بفەرموو بەولاوە
فەرمووت دەبێ بگری، سەبر و قەرار نەگری
ئەمرت لە سەر عومرم، حوکمت لە سەر چاوە

بە تیری ئەو شۆخە چلۆن نەناڵێنم
برینی تیراوێ بە ئێش و زووخاوە
فەرزەن ئەمن شێت بووم، ڕووم نەبوو نەمزانی
هەمیشە خۆ پاشا ڕووی بە گەدا داوە

بە غەمزە کوشتوومی، بە شێوە گرتوومی
دەشڵێ وەفا مەگری، شەهید نەشۆراوە
دەمێکە ڕەنجوورم، لە یاری خۆم دوورم
شەماڵ دەخیلت بم، وەعدەی دۆعا و سڵاوە

بڕۆ بە زاری من، بڵێ بە یاری من
دوور بێ لە چاوی تۆ، ڕوحم بە نیو ماوە
ئەتۆ کە ڕێزانی چۆڵ و بیابانی
دەستی من و دامانت، وەفایی داماوە

٨٨

لە بەر نازی چاوبازان خورد و خەوم خوێناوە
بە تیری تیر ئەندازان، چبکەم جەرگم بڕاوە ؟!
شێت و شەیدا و سەحرایی دەگریم هەر وەک وەفایی
چبکەم لە دڵەی سەودایی، پەرییان دەستیان لێداوە
لە سەر تاقی دوو ئەبرۆت مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافر بم، چبکەم قیبلەم گۆڕاوە
عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆش بێ، موشکیل گوشا و سەر خۆش بێ
بزووت بایی نەورۆزی، گرێی زولفت کراوە
ئەی ئاوێنەی دلبەری،زار گوڵ زولت زەری
با هەناسەم نەتگرێ، ڕووی خۆت بێنە بەم لاوە
زولفت جێێ بێقەراران، ڕووی ڕۆژی شەوبێداران
ئەمان ئەی شای گوڵزاران، ڕەحمێک تا ڕووحم ماوە
بەس عومری من بەبا دە، ڕوت بێنە زولفی لادە
دڵ بۆیە نامورادە، بەم شەوە ڕۆژ گیراوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ، باغی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافت ئیسلامی ناوە
دەستم لە تای زولفت دا بەم بەڵایەم نەزانی
بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان، پردی قیامەت نەپساوە
لەبەر چاوت نەمزانی، بێ باخەوان گوڵچینم
مەست بووم هۆشم لێ نەبوو، دەمم بۆ ڕوت هێناوە
هاتم بە بۆنەی خاڵت، تووشی داوی زولفت بووم
تەیرێکی نابەڵەد بووم نەمزانی دانە و داوە
ئەمرۆ سەبای مورادان کاسی کردم نەمزانی
نە عەتری نافەی چینە، نە بۆنی زولفی خاوە؟

لـه سايەی چاوەکانت بوومە ڕندی خەرابات
لـە لای پیری مەخانە خەرقەم لە گرەو مەی ناوە
تۆ خودا دڵم مەشکێنە، بابزانم ڕوت وا بێنە
ڕووتە یان گوڵ هەنارە، لێوتە یان شەکری خاوە؟
وەختێ ئارەق دەڕێژێ بۆ کوشتنی وەفایی
بە گوڵی کوڵمی سوێند دەخۆم، گەردەن شووشەی گوڵاوە
لە دەردی بێ دەرمانی کەوتومە سەرگەردانی
بە جوابی (لەن تەرەئنی) چبکەم جەرگم سووتاوە
قەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پساندم
کفرە لە لام زاهیرە، ڕەحمت لە لا نەماوە
سڵاوم کرد لە یارم، بە دڵێکی غەمگینەوە
بە لەفزێکی زۆر شیرین جوابی سڵاوی دامەوە

٨٩

چاوەڕیی موژدەی نەسیمم، تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم با بێتەوە
وا وەعیدی بەفری زستانە و فیراقم کەوتە دڵ
هەر بە بای وەعدەی ویسالت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە
میروەحەی زولفت لە دەوری ئاوری ڕووت بێ چلۆن
ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟!
سووچی زولفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەکرێتەوە
خەتتی میهر و زولف و خاڵی حوججەتی موڵکی دڵە
نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی خوڕخوڕە ناچێتەوە
دڵ لە ترسی چاوی بوو، ڕووی کردە میحرابی برۆی
ئێستێ بیستوومە لە چینی زولفی جێی نابێتەوە
کێوی هیجرت خستە سەرشان و دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بە زولفت زەحمەتە هەستێتەوە
سەد کەڕەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری قوللابی موژگانت دەرم دێنێتەوە
مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە
خۆت دەزانی موددەتێکە سەیر و پامالی جەفام
کەی وەکوو نەقشی قەدەم سەر نێمە ژێری پێتەوە؟
دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەم و قوربانتم
تاییکی زولفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە
بێ ئێشارەی حیکمەتولعەینی شفات نایە شفام

خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە
فیکری من چونکە دەقیقی عاشقی قەددی ئەوە
موو لە موو گیراوە، چبکەم لێک جودا نابێتەوە

٩٠

چین چین و تاتا گرێی زولفی حەریری بکەوە
دین و دڵان مەسکە ریێ میسک و عەبیری بکەوە
چەند خۆشە ماچکردن ، پێکەوە دەست و گەردن
ئیدی هەتاکوو مردن بە شەهد و شیری بکەوە
گەر وەکوو زولفی سیای، هەڵقە ببەستن سەفای
بمرە لەبەر خاکی پای، هەر بە ئەسیری بکەوە
لەمێژە بێ حاسڵم، تاکەی بناڵێ دڵم
بولبولی خۆتە گوڵم، جارێکی بیری بکەوە
دڵ کە لە تۆ زیز بووە، خوێن وەسەری کەوتووە
تفڵە گڕووی گرتووە، بەو مەمە ژیری بکەوە
چاو مەستە ڕوو گوڵ هەستە زاری خۆت کردە پستە
فەرمووی وەفایی هەستە بە زویری بکەوە

٩٢

مەمکوژە تۆ گەردەنی خۆت ڕووت لە زولفان دەرخەوە
ئەی سبەی ساڵحان ئەتۆ بکەی ئەم شەوە ڕۆژ بێتەوە
تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان ون مەکە
ئەی ستارەی سوبحدەم ئەو شۆکە زووتر دەرکەوە
سووتبووم خۆمدا پەنای زولفت دەمێک ئاسوودە بووم
ڕووت نیشان دام  و لە سایەی تۆوە ئاورم گرتەوە
زولفت ئەفشان کرد و پەنهان بووی و دونیات کردە تەم
خۆت وەدەر نا عالەمت سووتاند و ئاورت کردەوە
با بە هەویای پابیۆسیت عومری من کۆتا نەبێ
مەیخە پشت گوێ، مەرگی من بێ و زولفەکانت بەردەوە
ئولفەتی زولفت چییە قوربان لە گەڵ ڕوخساری تۆ
خۆ بە هیچ دینێکی نابێ کفر و ئیمان پێکەوە
هاتە سەرخەندە کە من سوڵتانی حوسن و دلبەریم
غایەتی سوورەت نومای ڕۆژی جەماڵی من شەوە
بای سەبا بورقەع گوشا بوو، یا ئەتۆ بووی خۆت نواند
یا نە ڕیزوان دەرکی گوڵزاری بەهەشتی کردەوە؟
من لە بەر عەکسی نیگاهت کەوتووم هۆشم نییە
چاوەکەی تۆ هەر نەخۆشە یا نە سەرخۆشی خەوە؟
خاریقولعاداتی زولف و خاڵ و خەندەی زاری تۆ
میشک و عەنبەر، شەهد و شەککەر، لەعل و گەوهەر پێکەوە
زولفی لادا تا دیار بێ جاعیلی لەیل و نەهار
ڕووی وەدەرنا تا بزانن خالقی ئەسباح ئەوە
نەو ڕەسیدەی نەخلی باڵای شەرحی حەرفی وەحدەتە
نەور و نەکهەت، نوور و زوڵمەت، نار و جەننەت پێکەوە

وەک سەری زولفت دەبێ کێ بێ حیسابی تێک نەچێ
گەر بە ناز تۆ بێیە پای مەحشەر بە چاوی مەستەوە
چم لە ئومێدی بەهەشت و بیمی دۆزەخ داوە من؟
دۆزەخی من هەر فیراقە، جەننەتم وەسڵی ئەوە
لێوەکەت عومرم بوو شەرتت کرد بە دڵ جارێکی دیش
وەختەبوو بمرم وەرە عومری دوبارەم پێ بدەوە
خۆش بە ناز ڕامەبرە قوربان، ئیلتیفاتێکت هەبێ
دادخواە زۆر کەوتوون و نەختێ سمەندت بگرەوە

تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کە هەتا قوربانی بم
جەژنی قوربان چونکی شەرتی دیتنی مانگی نەوە
دخوا چبکا پاش خەت و خاڵان سەفی موژگانی بە ناز
لەشکەری تورکان ئەوا هات و فەڕەنگی پێشڕەوە
ئاە و ناڵەی بێ قەراریم عالمی خستۆتە جۆش
گوڵ بەناز پەروەردەیە ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
من لە سەر خاکی دەری یاری سەفەرکەردە نەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتم گەر ژیانم بێتەوە
تۆ هەڵستای و بەو دەمە ڕوحی وەفاییت ژیاندەوە
با قیامەت کەس نەڵێ هەر بێکە تۆ خودا هەستەوە

٩٣

تا بە تا لەو ڕۆژە تۆ زولفت بە ڕوو دا خستەوە
من لە سایەی زولف و ڕووی تۆ ڕۆژی ڕووناکم شەوە
دا بزانن خەت لە دەوری عاریزی هات و گوتی
هەرچی نەیدیوە شەو و ڕۆژ، نوور و زوڵمەت پێکەوە
دڵ لە سەر تاقی برۆی خۆی خستە داوی زولفی خاو
قیبلەکەم گۆڕاوە بۆیە پێم بە داوی کفرەوە
ڕوحی شیرینم بە چاوان وا بە زاری دەمکوژێ
قەت نەڵی داخۆ ئەوە فەرهادە، یا خۆ خەسرەوە
چونکە دڵ عاشق بە ئەبرۆی بوو بە داوی زولفی بەست
هەقیە زەنجیری بکا دێوانەیی ماهی نەوە
من وەها زوو مەستی مەی نابم بە نەشئەی چاوەکەت
مەرگی من ساقی لە گەڵ ئەو جامە لێوت بێنەوە
تۆ وەفاییت کوشتووە ئیسباتی کوڵمی سوورتە
ڕۆژ کە گیرابێ نیشانەی قەتڵی مەزلوومان ئەوە

٩٤

سەرەو یا عەرعەرە یا تازە نیهالی چەمەنە
یا ئەوە گوڵبونی باڵای گوڵی گوڵزاری مەنە
عاشقی زولف و ڕوخی سەرسەری یارێکم ئەمن
چاوی بێمارە، گوڵی زارە، قەدی نارەوەنە
قەدی سەروە بەری هێناور کە میوەی دەمی وی
ناری پستانە، گوڵی نەورەسە، سێوی زەقەنە
بە هەوای باغی گوڵانی کە دەنازێ، هەقیەتی
گوڵی من گوڵدەمە، گوڵ چەپکەنە، گوڵ پیرەهەنە
دڵ کە کوشتەی ڕوخیە بەستەیی زولفە ، دەگری
شەوی هیجرانە دەڵێی ناڵەیی مورغی چەمەنە
ئەشکی من چونکە لە سەرچاوەیی دڵ دێتە دەرێ
ڕەنگی گوڵناریە مرواریی خاکی یەمەنە
زولفی لەرزانی بە سەر چاوی بە دەم بایی خەزان
میشکی تەڕ، عەنبەری تەڕ، چەتری غەزالی خوتەنە
کوشتنی بولبولی مسکێن چییە؟ پشکووتنی گوڵ
مەتڵەبت کوشتنی ئاشق نییە، تۆ پێ مەکەنە
دڵ و دینم لە بەهای ماچی دەمی داوە، دەڵێ
لە وەفایی مەگرن، ئاشق و مەجنوونی مەنە

٩٥

چاوی پڕ خوێنم دەگێڕم قیبلەکەم پەیدا نییە
نووری چاوم ڕۆییوە، یا دیدەکەم بینا نییە؟
وەک نەیستان ئاگرێ بەربۆتە دەروونم بەند بە بەند
دڵ کە هەر وەک نەی دەناڵێ دەمبەدەم بێ جا نییە
ئەی چرا لەحزێک مودارا، تێر ببینێ ڕەنگ و ڕووت
وەرنە پەروانەی غەریب ، گیان و دڵی پەڕوا نییە
بۆ نیساری مەقدەمت عومرێکە دەگریم ڕۆژ و شەو
تابەکەی گەوهەر فشانی، چاوەکەم دەریا نییە!
چیدەکەم، دەگریم، دەسووتێم، ئاوری دڵ نامرێتەوە
چبکەم ئاخر نووری دیدەم، سینەکەم سینا نییە
گەر هەزار جار بێ بە کۆی زووخاڵ بە نووری کێوی توور
ئەو دڵە، جۆیایی یەک دیداری وەک مووسا نییە
هات و ڕووی والاکرد و دونیای کردە ناڵەی ئاشقان
تا نەڵێن نایێ قیامەت، ڕۆژی واوەیلا نییە
هەڵقە هەڵقەی تاری زولفت خستە سەر ڕوو، نازەنین!
تا نەڵێن ڕۆژ هەڵقەگۆشی ماهی شەو ئارا نییە
پێکەنی مەمنونی کردم، زولفەکەی دامێ بە دڵ
تا نەڵێن شەککەر فرۆشی ئێمە خۆش سەودا نییە
خۆم بە سەر گێڕا کوتم، قوربان پەرێشانی بەسە!
سوێندی خوارد بەو زولفە وەسڵم عەینی سەرگەردانییە
مەنعی ناڵینم لە شەوقی گەردەن و ڕووی خۆت مەکە
بولبولی سوبحی بەهار بێ شین و واوەیلا نییە
دڵ کە بەستە زولفە لەو لێوانە مەحروومی مەکە

بێ شەکەر ئەو توتییە ناژی کە هیندوستانییە
گا بە ناز، گاهێ بە غەمزە مەمدە بەر تیغی برۆت
کوشتنی ئاشق بە هیچ دینێکی، قوربان چا نییە
با فریوی من نەدا واعیز بە گوڵزاری ئیرەم
ئاشقی رووی تۆ بە هەویای جەنەتولمئوا نییە
گەر هەموو عالەم بڵێن مەجنونە، هەتا دەمرم دەڵێم
هەر دوو دونیا قیمەتی دیدای یەک لەیلا نییە
داد لە دەست حوسنت کە زولفت نابێ بێ ناڵەی دڵان
ئارێ ئارێ دایەرەی شاهانە بێ غەوغا نییە
چیت لە وەسڵی زولفی من ؟ فەرمووی: وەفایی ها دەمم
تالیبی عەیشی ئەبەد بە، عومری دونیا فانییە
سەد هەزار دڵ پێکەنی وەک گوڵ بەدەم بایی بەهار
یا هەناسەی جانفەزای گوڵزاری غەوسی سانییە

٩٦

دڵی دێوانە لە سەر زولفی لە عالەم بەرییە
قەت ڕەهایی نییە لەو داوە کە بەستەی پەرییە
بە وەفابە کە دەشمکوژی بە مێهرم وەرە سەر
تا نەڵێن ئاشقی بێ میهر و وەفا و سەرسەییە
چت لە دڵ داوە عەزیزم وەرە نێو دیدەیی من
دڵ هەموو ئاورە، چاو مەنزەرەیی دوو دەرییە
چاوی بێماری تەبیبم هەموو دەردی دڵمە
غەمزە دەرمانییە، پەیکانی موژە نەشتەرییە
قامەتی تۆ کە گوڵ و بەی بەری بێ، بێ بەر بێ
بۆچ دەڵێن ئیدی سنەوبەر بەری بێ، بێ بەرییە
بۆیە سووتاوم ئەمن ئاشقی بەد ناوم ئەمن
دڵەکەم غەمزەدەیی غەمزە و نازی پەرییە
ڕوو بە ئەبرۆتە ئەگەرچی دڵ بە ئازارە موژەت؟
ئەهلی قیبلە عەجەبا وا ڕەوشی کافرییە !
سەروی گوڵزاری وەفایییە کە گوڵزاری جەماڵ
خەندەگوڵ، گوڵ بەرییە، هەم گوڵە هەم گوڵ پەرییە

٩٧

کار و پیشەی ئەم دڵە چبکەم خودا هەر زارییە
سەیلی فرمێسکم وەکوو جۆگە لە چاوم جارییە
سەروە یا شمشادە یاخۆ عەعەرە، یان ناروەنە
یا چنارە یاکە تووبای قامەتی دڵدارییە
نوختەیی ئایاتی قورئان یا نە هیندووی خەتی تۆ
یا سەوادی عەینە، یا خۆ خاڵی سەر ڕوخسارییە
بێ قسە وەختی تەبەسسوم سەد هەزارانی دەکوشت
یانە غیلمان، یا پەری، یا حوورە، یا گوڵزارییە
مات و حەیرانم کە بۆچ ئەمڕو دەمی هێنا ئەمە
یا نە تەئسیری فوغانە، یانە وەعدەی پارییە
زەخمی ناسۆری قەرارە، یا نە ئێشی خەنجەرە
یا خەدەنگی چاوی بێمارت لە جەرگم کارییە
دەنگی قووقووی قومرییە، یا خۆ سەڵایی شیوەنە
دەنگ و نەغمەی بولبولە یا ناڵەناڵی تارییە
ئەشکی دوو چاوی وەفایی سوورە چاوی ئاوییە
چونکی لێوی لەعلە، گەردەن بەندەکەی مرووارییە

٩٨

فەڕەنگی میللەتێ، کافر دڵێ، ئەگریجە تەرسایێ

مەلایک سووڕەتێ، ئاهو خورامێ، ماه سیمایێ

پەری پەیکەر بوتێ، گوڵ پەرچەمێ، زەنجیر گیسوویێ

شەکەر لێو، نازەنینێ، عیشوەسازێ، سەرو باڵایێ

نیگارێ، توندخووێ، سەرکەشێ، ئاشق کوژێ، شۆخێ

گوڵ ئەندامێ، دڵ ئارامێ، سەمەنبەر، دیدە شەهلایێ

بە دوو زولفان ڕەسەن بازی، بە دوو ئەگریجە تەننازی

بە دوو چاوان سیحرسازی، بە دوو لێوان مەسیحایێ

کەمان ئەبرۆی پەیوەستێ، لە عیشوەی نیرگسی مەستێ

کە سەهمی خستە نێو شەستی نران هەر یەک لە سەر لایێ

هەڵیدا دای لە جەرگم، خستمی قەسدی سەری کردم

شەهیدی کەربەلا من بووم، ئەسیری دەستی تەرسایێ

شکاندی سەددی ئیمان، پشتی دین دەستی تەوانایێ

حیجابی ئابڕوو، تۆبەی وەفایی سیدقی مەولایێ

دەخیل ئەی هم جەلیسان، ئەی ڕەفیقان، خزمە تا ماوم

بە هەر نەوعێکی بۆ خۆتان دەزانن بۆم بکەن ڕایێ

هەموو عومری عەزیزم سەرفی دەردی ئینتیزاری بوو

بەسەر وەختی وەفایی داخوا دێ ئەم شۆخە یا نایێ؟

٩٩

سەحەر مەستانە ڕابوردم بە بەر دەرکی کلیسایێ
کەچی دەستی دڵی گرتم خەرامان بەچچە تەرسایێ
ئیرەم بوو عەنبەرین زولفی، ئەسیری چەنبەری زولفی
کەڕاماتی سەری زولفی بە هەر تایێ مەسیحایێ
بە دوو زولفی موژەی هەستان لە سەر موڵکی دڵم وەستان
نیزامی چین و تورکستان ڕژان بەربوونە یەغمایێ
نیگاری دڵستانی من خوماری دا بە گیانی من
تەبینی حاڵزانی من، نەخۆش بووم شەربەتی دامێ
ئیشارێکی بە چاوان کرد، برۆی هەمباشی تورکان کرد
دڵیانم تیرەباران کرد کەمانداران لە هەر لایێ
سەبا زولفی پەرێشان کرد بە ڕوخساری عەرەقناکی
چ شیرینە لە گەڵ یەکتر مەهـ و پەروین کە شەو دادێ
پەرێشان زولفی زوناری، درەخشان ڕوویی گوڵناری
لە زاری گوڵ شەکەر باری، کە ئەی مەجنوونی لەیلایێ
وەرە بنواڕە مەیخانە، چ مەعموورە چ وێرانە!
لە هەر لایێ دڵارایێ، لە هەر گۆشێکی شەیدایێ!
کە دەستم داوەری! دڵ بوو، نە دڵ بوو! گوڵشەنی گوڵ بوو
هەموو نەسرین و سونبوڵ بوو، قەرەنفول نخلی toووبایێ
لە جێگایی تەجەللا دەمبەدەم بێ" لەن تەرەئنی" بێ
بە قوربانی دڵی ئاشق هەزار وەک tووری سینایێ
سرشکم هاتە خوارێ، دوور لە چاو و گەردەنی ساقی
بە سەر حەوز و فەوارەی ئاشقان ئاخ جام و مینایێ
جەماڵی موتریبم کەوتۆتە یاد، کوا نەغمەکەی تاری
هەوای خورشید ئەوا سووتاندمی، ئاخ بۆ کزەی بایێ!

موغەننی کوانێ ئاهەنگی حیجاز و بەربەت و چەنگی؟
مەداری ئاو و ئاور بووم، ئەمان موتریب مودارایێ
بە لەهجەی دەنگ و ئاوازت، بە شۆڵەی زەخکەی سازت
مەداری ئاو و ئاور بووم، ئەمان موتریب مودارایێ
بە شەوقی ئاگری ڕووی تۆ، بە بادەی چاوی جادووی تۆ
سەراپا بوومە کۆی ئاور، ئەمان ساقی سەراپایێ
لەبەر تاوی جەماڵی عالەمی، مومکین بوو ئارامم
دەسووتام ئەز ئەگەر سایەی سەری زولفی نەبوویایێ

بە گریانی دڵی من هاتە ڕەحم و پێکەنی فەرمووی
مەحاڵ بوو خەندەیی ساغر ئەگەر مینا نەگریایێ
ئەمان شۆخی خەراباتی! کە بۆ دین و دڵ ئافاتی
بفەرموو بۆچ کە تۆ هاتی لە من دەنگ و سەدا نایێ؟
بە ئاب و تابی ڕوخسارت وەفایی وا مەسووتێنە
خودا را ئەی چراغی دیدە! بۆ پەروانە پەروایێ
وەفایی ماوە دەست بەردان، لە دەوری نوختە سەرگەردان
ئەمان یا قوتبی ڕەبانی، مەدەد یا شای بوخارایێ!

١٠٠

هەتا ئەو ڕۆژەی قیامەت دێت و نایێ
لە دووری نامە شەرحی ماجەرایێ

لە ئاە و ناڵەیی پەروانە خەوفێ
کە تۆ بگرێ خودا ئەی شەم بە بایێ

دەمت دەرمان، تەبیب تۆ، من بریندار
دەسا بۆ حاڵی من تەدبیر و ڕایێ

برینداری هەوای جیلەوت شەهیدە
ئەمان ساقی بە مەرگی من سەمایێ

هەموو دەم ڕوو لە میحرابی برۆتم
ئیلاهی کەی ئیجابەت کەی دۆعایێ؟

بە یادی تاقی میحرابی برۆی تۆ
وەفایی چوو لە گۆشەی خانەقایێ

١٠١

ئەرێ ئەی حەبیبی ڕەوانم، تەبیبی دەردی جودایی
" چنین تۆو عهدشکن یار شوخ دیده چرایی؟
دڵیکە داومە بە زولفت فیدای غەمزەیی تۆ بێ
" کە کمند تۆ خوشتر عزیز من کە رهایی"
لە تاوی دەردی فیراقت نەماوە روح لە بەدەندا
" طمع بریدەام از جان مگر تو باز بیایی
هەمیشە بۆیە دەناڵم بە ئاە و ناڵەیی بولبول
"دەمی چو غنچە بخندی و هم چو گل بەدر آیی
نەسیمی باغی گوڵە یا عەبیر و عەتر دەبارێ
" تۆیی شکرشکنی یا زلف نافەگشایی"
بە چهرە باغی گوڵانی، بە خەندە زەوقی دڵانی
" مگر تۆ شاخ نباتی، گل بهشت خدایی؟
بڵا بە جیلوە نەنازن غوڵام و حۆری بەهەشتی
" خدای را چە شود گر جمال خۆد بنمایی؟
بە غەمزە کوشتمی چاوت عیلاجی دەردی نەفەرموو
" بیا کە صد گلە دارم ز آهوان خطایی
دڵت شکاوە چ قەوماوە خیلافی عەهدی مەحەبەت
" خدا نکردە چە دیدی ز دوستی وەفایی"

١٠٢

تا نەرگسی تۆ نازی هەبێ غەمزە نومابێ
شەرمەندە دەبێ چینییە ئاهوویی خەتابێ
ئەی خوسرەوی خووبان بە دوو لێوی شەکەرینت
شیرین نییە فەرهاد بکوژێ، تۆ بە عیتابێ
سەبزەی دەمتە داویە شکست بە خەتتی ڕیحانی
خەتێکە غوباری کە بە یاقووت کشابێ
حەیرانی دەم و سەبزەیی نەو خیزی لەبی تۆم
بێ نوکتە نییە قەت خەتی ئایاتی خودایی
سووتاوە دەروونم لە غەمی غەمزەیی جانان
موتریب بڵێ ، ساقی بە کەڕەم بێنە شەرابێ
خوێنی دڵی ڕشتم لە هەوای دڵ نەبوو خاڵی
عاشق بە خودا وایە وەکوو من بە وەفایی
حوسنت بە لەتیفی قەد و شیرینیی زارت
قەت باغی ئیرەم دارە گوڵێکە گوڵی نابێ
تۆ هەر بە جەفا مایلی "وەفایی"تە عەزیزم
مەعشووقە دەبێ هەم بە وەفا و هەم بە جەفا بێ

١٠٣

شەرحی دەردی ئارەزوومەندی لە کەس تەئسیری نابێ
ئەو کەسەی دەردم دەزانێ گەر لەیاری خوی جودا بێ
ئەی برادەر خانەوێرانی، جودایی بێ وەفایی
وەک وەفایی ئەی جودایی یا خودا خانەت خەرابێ
غەیری دلبەر دەردی دڵ ناڵێم بە هیچ کەس تا بمێنم
دەردی دڵ بۆ وەی بڵێم چاکە بە دەردم ئاشنا بێ
ئاخر ئەی سوڵتانی خووبان تا بەکەی نامیهرەبانی؟
چاکە مەحروومم نەفەرمووی، یا خیتابێ یا عیتابێ
ڕۆژ و شەو تۆ بوویتە قوربان شیوەن و شینی دڵی من
کاری بولبول فەسڵی گوڵ ناڵینە تا ئاهێکی مابێ
مەنعی سووتانم مەفەرموو با وجوودی ئەو جەماڵە
پیشەیی پەروانە هەر سووتانە تا شەوقی چرا بێ
هەر کەسێکی گوڵفرۆشە باغی پڕ جۆش و خرۆشە
یا دەری گوڵزاری بگرێ، یا لە بولبول بێ سەدا بێ
هەرچی تۆ پێت خۆشە مەحزی ڕەحمەت و مەقسوودی دڵمە
گەر عیتابی(لەن تەرەئنی) یا خیتابی (ئەودەنا)بێ
بۆیە سەرتاپا گوناهم ، بۆیە عاسی و ڕووسیاهم
تا گەدا شایانی ڕوحم و ئیلتیفاتی پادشا بێ
دوور لە ئەغیار و ڕەقیبان عومری دوو سەت ساڵی دێنێ
دەست لە دەستی یار و سەحەنی باغ و گۆشەی ماهتابێ
ڕەنگ زەرد و لێو بەبار و ئەشکبار و بێ قەرارە
زۆر پەرێشانە وەفایی وەک لە یاران هەڵبڕابێ

١٠٤

زەردی ڕووتم، بە چاوی تۆ شفام بێ لێوەکەت نابێ
بە هەققی ئابڕووی پیری موغان ساقی مەیی نابێ !
ئەتۆش ئەی تارزەن سا دەی سروودێکی بە نەغمەی نەی
بلا تەی بێ و نۆبەی غەم و نۆبەی سرووری جامی مینایێ
ئەتۆش دەمدەم بە نەغمەی نەی، ئەتۆش خۆش خۆش بە جورعەی مەی
کزەی بایێکی ڕوحانی، نەشەی جامێکی یار بابێ
بە قوربانی سەداتم ها بڵێ موتریب وەرە ساقی
نەیستان ئاوری تێ بەر بۆتێ، بلا تۆفان لە سەر دابێ
لە شەوقی بادە داگیراوە ساقی ڕووی عەرەقناکی
وەکوو شەونەم لە سەر گوڵ کەوتبێ ڕۆژ عەکسی لێدابێ
وەرە بنوارە تاب و تابوشی زولفی دڵاوێزی
ئەگەر نەت دیوە (عەرش ئەللە) چرای دەیر و کلیسایێ
لە تاو ئاوری جەماڵت کەی دەزانێ حاڵی دڵسۆزان
کەسێکی تاوەکوو زولفت نەشێوابێ نە سووتابێ
کەناری چاوی هەردەم شانشینی عاشقی ڕووتە
بەڵی وەک سوورمە وایە هەرچی سوتاوی تەجەلایێ
ئەتۆ بەو چاوە سەرمەستە دەمێکی هەستە ڕاوەستە
ببینم کەی قیامەت دێ ، بزانم بۆچ مەسیحا بێ؟
دەڵێم غەم لەشکەری کێشاوە، تۆش بەو زولف و خاڵانە
بفەرموو تا شەبیخوونێ لە لای چین و حەبەش ڕابێ
دەڵێن یار دێتەوە، خۆ من بە دەردێکی گران کەوتووم
تەبیبی دەردەداران ئەی خودا بێ ، ئەی خودا وا بێ
بە گۆشەی چاو و خاڵی لێو و خاکی کۆی یار نادەم

ئەگەر سەت جامی جەم، ئاوی خدر، ئەورەنگی دارا بێ
لە ڕووم مەحرووم مەبە فەرمووی، وەفایی ئاشقی زارم !
کەسێ زەڕڕێکی ئیمان بێ بەهەشتی لێ حەرام نابێ
دەریغا سەروی باڵای من گوڵێک بوو هات و با بردی
گوڵێکی وا بەهار ناگرێ هەتا دونیا بە دونیا بێ

١٠٥

موتریب وەرە دەستی من و دامانی وەفات بێ
سووتاوم بە مەستی مەیەوە دەنگی نەوات بێ
ساقی وەرە مەجلیس بە سەر و گەردەنی جامت
بێ نەغمەیی نەی نامەوێ گەر ئاوی حەیات بێ
تۆ گەنجی جەماڵت هەیە، من ئاشقی ڕووتم
یەک ماچ چ نابێ کە بفەرمووی بە زەکات بێ
نابێتەوە ڕۆژ ئیدی سەباحی ئەمەلی من
بەو گەردنە، هەر تا شکەنی زولفی دوتات بێ
دەگریم و دەگەڵ ئاهی دەروون سۆزی دڵم دێ
وەک بەرقی بەهاری کە لە عەینی زولەمات دێ
قوربان گوتم ئاخر بەسە بەو زولفە ئەسیری !
فەرمووی کە ئەتۆ مورغی شەوئاوێزی ، سەدات بێ
مەنعم مەکە مەستم کە بە تەفسیری جەماڵت
ئاشق ئەوەیە بێ سیفەت و پەرتەوی زات بێ
من ڕەند و قەلەندەرسفەت و مەست و خەرابم
تۆ پیری خەراباتی ئەگەر مەزهەبی وات بێ
نەمزانی هەتا پێنەکەنی گوڵبەدەنی من
فینجانی لە مەرجانی دەبێ پڕ لە نەبات بێ
هەر چاوەڕوانی قەدەمی تۆم و ئەگەر دێی
زوو بێ ! نەفەسی ئاخرە ڕوحم بە فیدات بێ
هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستی بدە دەستم
بەستەی دەری گوڵزارە ئەوەی مەستی سەفات بێ
سەد جار بچم و بێم و بسووتێم هەقی تۆیە
هەرچەندە بە شەرعی شەم و پەروانە خەتات بێ

بۆ ماچێکی مومکووژە، بە ڕەحم و بە وەفا بە
هەرچەندە بە دینی گوڵ و بولبول حەسەنات بێ
عەهدێکە لە گەڵ گوڵ ، کە بەبێ موتریب و ساقی
تا ئێرە نەچی ئیدئ وەفایی دە حەیات بێ !

١٠٦

وەفایی بوتپەرستی تۆیە سەد جار کفری زاهیر بێ
بە دینی بەلبولان سوجدە حەلاڵە گوڵ کە مەزهەر بێ
دەمێک با دەست و گەردەن بم، دەمێک با هەمدەمت من بم
نەخۆشی چاوی تۆم بەڵکوو شفای من شیر و شەککەر بێ
قەسەم بەو لێوە خەندانە! هەتا تۆی بەو شکڵ و بالایە
لە جەننەت دا ئەگەر هیچ نەخلی تووبا، ئاوی کەوسەر بێ
لە تاوی تیرەبارانی نیگاهت بۆچ نەناڵێنم؟
دیارە حاڵی بیمارێکی جەرگی پڕ لە نەشتەر بێ
روخ و گەردەنی پیشان دام، پێم دەڵێ تۆ هەر بناڵێنە
کە خۆشە نەغمەیی بولبول بەهاران وەک بەیان بەر بێ
لە دوولا زولف و خاڵی عەنبەرین کەتۆتە ڕوخساری
وەکوو تابووری هیند و چین بە باغی دڵگوشا وەر بێ
کە ڕووی خۆی خستەدەر، هەستا لە هەر گۆشێکی غەوغایێ
جیهان پڕ بوو لە ناڵەی ئاشقان وەک ڕۆژی مەحشەر بێ
قەراری دا بە ڕوح و دڵ ، بەری پێی ماچ بکەم تا سەر
ئیلاهی عەهد و پەیمانی حەبیبی من هەتا سەر بێ
بە هەوایای خاڵی لێوت کەوتمە داوی زوڵمەتی زولفت
ئیلاهی ڕەهبەری ئاوی بەقام خزری پەیەمبەر بێ
لەوێ ڕۆژێ کە دەستم دا لە ڕووی، سیرڕی دەمیم زانی
بە قورئان سوێند دەخۆم کەوسەر ئەگەر وەک لەعلی دلبەر بێ
دەڵی بگری، ببارێنە، هەتا بێم دەست و گەردەن بین
نیساری شای شەکەرلێوان دەبێ هەر لەعل و گەوهەر بێ
دەڵێ بمرە و بسووتێ تا بە دڵ من بێمە سەر جێی تۆ
سلووکی ئاشقان وایە کە دڵ دەربێ بە دلبەر بێ

وەها مەحوی تەجەللای گەردەن و ڕوخساری تۆم .. قوربان!
لە خاکم، ڕەنگە تا مەحشەر کە هەر نەسرین و گوڵ دەر بێ
خۆشا بەو ڕۆژە گۆشەی چاوەکەی دامێ بە ناز فەرمووی
وەفایی بۆ درەنگ هاتی؟ ئەی خودا جەللادی کافر بێ

١٠٧

ئەی بە هەر ئاوێنە حوسنێک و تەجەللاییێکی دی
ئەی بە هەر چاوی دڵی ئاشق دڵاراییێکی دی
بۆ خیتابێکی شەو و ڕۆژ ئەی دڵەی سوتاوی من
تووری ڕوحم تالیبی دیدارە مووساییێکی دی
چونکە ئاوێنەی جەماڵی شاهی خووبانە دڵم
دێتە ئاە و ناڵە هەردی ڕوویی زیباییێکی دی
غارەتی هۆشم دەکا هەردەم پەرێکی شۆخ و شەنگ
بۆیە وا هەردەم لە دڵما شۆر و غەوغاییێکی دی
هیجری تۆ روحان دەکێشێ ، وەسڵی تۆ ڕوحان دەدا
ئەی فیدای زولف و ڕوخت بم! تۆ مەسیحاییێکی دی
من بە چاو و گەردەنی تۆ توونیی و خوێنین دڵم
ئاوری من دانامرێنێ جام و میناییێکی دی
هەر لە تەغدیری وەفایی بوو شەوی دی مەیفرۆش
حەیفە بۆ تۆ هەر دەمە دەیر و کلیساییێکی دی

١٠٨

کە شانەی دا لە زولفی تار و ماری     لە هەر تاییێکی بارێ نافە باری
بە داو هەر تارێ بۆ من بۆتە مارێک     لە پێم هاڵاوە زولفی تار و ماری
مەگەر تۆ بووی بە گریەم هاتیە خەندە     کە گوڵ پشکووت بە دەم هەوری بەهاری
وەرە سەر هەر دوو چاوم تا بزانن     کەوا شیرینە سەروی جۆیباری
بە بەردا زولفی بەرداوە کە تاتا     شەوی گێڕا بە ڕۆژ باغی هەناری
گوتم ئەی تازە خونچەی باغی جەننەت     گوتم ئەی سەروی چین، ماهی حەساری
لەبەر شەوقی فیراق و ئیشتیاقت     فەراقی کرد دڵم تۆقی بە زاری
بە جارێ بمکوژە، خوێنم بڕێژە     خەلاسم کە لە دەردی ئینتیزاری
برۆی تێکنا بە ڕوو دا ئارەقی ڕشت     لە مانگی قەوسدا شەبنم دەباری
وەها شێوا وەفایی دوور لە زولفت     لە داغی تۆ کە هەر گریانە کاری

١٠٩

حەریفان ئەلئەمان کوشتوومی یارم، چاوی بیماری
دەسا بێن دەست بە شینم کەن! بە یەکجاری، بە یەکجاری
گرفتاری کەسێکم، دڵ برینداری جوانێکم
جەفا جوو، تووند خوو، زەنجیر موو، خەییاتییە کاری
چ دڵکێشە ئیلاهی سەبزەیی نەورەستەیی کوڵمی
لە دەوری بەرگی گوڵ شیرینە ئارێ خەتتی ژەنگاری
بە خەندە هات نیگاهی کردە من وا مەست و شەیدا بووم
کە نەمدی غەیری وی، هەر خونچە بوو پشکووت و گوڵ باری
خودا تۆبە لە دەست ئەو چاوە بیمارە چ سیححارە
بە عەینی دڵ دەکێشێ گا بە یاری گا بە عەییاری
لە خەندەی زار و جیلوەی تار و کاکۆڵی پەرێشانی
شکا بازاڕی قەننادی و نرخی میشکی تاتاری
بەهاری حوسنی خەملیوە بە باری گوڵبونی باڵای
شکۆفە دەمیە، ڕیحان خەتییە، نێرگس چاوی بیماری
عەجەب ماوم بە چاوت وا بە بیماری دڵ ئازارە
چ کافر میللەتە، یاڕەب، لە مەستیدایە هوشیاری!

١١٠

هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیان و دڵ دەرێ

ئاخ نەسیمی سوبحدەم کوا عەرز و حاڵی من بەرێ؟

دەردەدارم، بێ زمانم ، بێ دڵم ، سەوداسەرم

ئاخ لە بو دڵ میهرەبانێ، هەم زمانی، هەم سەرێ

کەس بە حاڵی سۆز و گریانی من ئاگادار نییە

ئاخ لە بۆ یەک حاڵزانێ دڵ پڕ ئاو و ئاورێ

من بە دڵ، زولفت بە سەر، کەوتووینە بەر پێی ڕەحمەتت

ئەی هومێدی موئمین و کافر بە حاڵم ڕەحمەتێ

بێ شەکەر خەندەی دەمت وەسڵی ڕوخت مومکین نییە

جەننەتم ناوێ هەتا نەمشۆن بە ئاوی کەوسەرێ

پێم بڵێن وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە

خۆ بە شەرعی مستەفا جەننەت بە کافر نادرێ!

با ئیدی بەس بێ جەفا بەو چاوە بیمارەت بڵێ

یا دەوای دەردم کەڕەم کا، یا دەردم هەڵگرێ

کردمیە مەجنوونی دەر و دەشتان و فەرهادی زەمان

شۆخ و سەلما ڕەنگ ، لەیلا دەنگ و شیرین شەککەرێ

کردمیە ئەفسانەی هەموو بازاڕ و شاران عاقیبەت

ڕوو بە خاڵ، گەردەن مەڕاڵ، چاو کاڵ و گیسوو عەنبەرێ

مەنعی ناڵینم مەکەن یاران لە دست موژگانی یار

زۆر بە ئێش و دەردە ژانی، جێگە نیشی نەشتەری

زەحمەتی بێهودە تاکەی، ئەی تەبیبی میهرەبان!

دەردی من دەردێکە بێ دەرمانە چارەی ناکرێ

سۆزی جەرگی من بە گریان وا بە باڵای هەڵچووە

گەر هەزار تۆفانی نوح بێ ئاوری من دانامرێ

دەست و دامان بووم، گوڵێکی مەزهەری تۆم بوو گوتی:
عیززەتی حوسن و جەماڵم شەوکەتێ هەڵناگرێ
دوودی ئاهم سۆزی جەرگم وا کە هەر باڵا دەچێ
شەو نییە ئاسمان کە نەگرێ چاکە ئاور ناگرێ
ڕووی وەدەر نا، تا بە تا زولفی دڵاوێزی بزووت
ئاهـ و ناڵەی ئاشقان هات بوو بە ڕۆژی مەحشەرێ
ماچی سەر تاپای کە دای، فەرمووی وەفایی من دەڕۆم
ئەو دەمەت ماوە لە عومرت هەستە با خۆش ڕابرێ

١١١

ئەی غەزاڵانی خەتا، ئاهووی چین کەبکی دەری
بەندەیی تۆن بەو نیگاهـ و بەو ڕەم و جیلوەگەری
جیلوە لەو سەروە چ مەوزوونە، دەڵێی نارەوەنە
خەندە بەو زارە چ شیرینە مەگەر گوڵ شەکەری؟!
عاشقی قامەتی تۆم کوشتەیی خەندەی دەمی تۆ
بەری باغی ئیرەمی یا گوڵی نەخلی شەجەری؟
غایب و حازری هەر لەحزە دەڵێی چاوی منی
ڕەوشەنی مەردوومی، یا عەینی سەودای بەسەری
گوڵ بە خەندە پەرییە، قیبلە بە جیلوەی مەلەکە
شێت و دێوانەیی کردووم، چ مالایک، چ پەری
بە تەسلیمی حەبەشی زادەوە سەرگەردانم
ئاشقی خاڵم و دڵبەستەیی داوی کەمەری
وا دەگریەم بە زەلیلی لە غەمی گەردەنی تۆ
ئاگری ختسە دڵم ناڵەیی مورغی سەحەری
دەوری دوون هەر بە دڵی مونعیمی دوون دێ و دەگەڕێ
مەسەلی تورکییە :" حیز حیزە تاپارسون، چغری
خەندەیی گوڵ سەبەبی جۆششی بارانە بەڵێ
چونکە تۆ پیدەکەنی بۆیە وەفایی دەگری*

*= واتاکەی ئەمەتە: زەمانەی پەست بە ئارەزووی دەوڵەمەندی پەست دەگەڕێ بۆیە تورک دەڵێ: حیز چاوی بە حیز بکەوێ، بانگی دەکا.

١١٢

بە یادی زولفتە ئارامی ڕوح و ڕاحەتی گیانی

عەجەب ئاشق وەها جەمعە لە گەڵ عەینی پەرێشانی!

لە باتی بمکوژێ دەمخاتە داوی زولفی شێواوی

لە باتی بێ و ئازادم بکا دەمکاتە زیندانی

بە سەر نەیدا مەگەر زەنجیرە یا زونناره یا مارە

لە نەخلی قامەتت ئاڵاوە یا خۆ زولفی ڕیحانی

بەشیرینی کە گیان بەخشی، بە مەحبوونی کە دڵ کێشی

ئەتۆ هەر ئاوی حەیوانی، ئەتۆ هەر ماهی کەنعانی

زەمانێ قیبلەم ئەبرۆتە، دەمێ زوننارم گیسوتە

بە دەردی بێ دەوا ماوم لە گەڵ کفر و مسوڵمانی

بە دووگیسویی ڕەشماری ئەگەر زەنجیری داوودی

بە دوو لەعلی شەکەرباری ئەگەر مۆری سولەیمانی

عەجەب ماوم بە ماچێ ئەو دەمە گیان بەخشینەت

بە ئیعجازت قەسەم ئاگر پەرستم گەر تۆ موسوڵمانی

لە سەر چاکی یەخەی زولفی لە قوببەی سینە ئاڵاوە

لە گۆشەی دوو ئوفوق نەمدیوە شەو دوو ماهی نورانی

قسەی خاکی بەری پێت شوهرەیە بۆ چاوی نابینا

هەتا نەمدی با چاوی خۆم بە سورمەی دیدە نەمزانی

لە بەر چۆڕاوی ئەشکی خۆم و سۆز و تاوی ئەشقی تۆ

سەراپا عاقیبەت هەر وەک وەفایی بوومە بریانی

١١٣

یارم كە قەدی بەرزی سەد نەخلی شەجەر دێنێ
پەروینی شەكەربەندی سەد ڕستە گۆهەر دێنێ
دڵ بەستەیی یارێكم كوژراوی نیگارێكم
زاری لە تەبەسسومدا خەندەی بە شەكەر دێنێ
ئەم ئاهوویی تاتارە، بەو نەخلی شەجەر دارە
هەر نار و بەیە باری، هەر شەمس و قەمەر دێنێ
گەر خەستە و دێوانەم بۆو نیرگسە كاڵانەم
ڕەمزێكە بە تاڵانم ، ئەگریجە بە شەڕ دێنێ
ناچێتە دڵم غەمزەی پەیوەستە كەچی دەمخا
ئەو لەشكرە بەرگەشتە هەر فەتح و زەفەر دێنێ
دڵسۆزی منە ئەشكم دایم لە كەناری دام
مەیلی پدەری نانێ ئەو حوببی پسەر دێنێ
ئەی مردوومی بینایی، ئیدی بەسە ڕیسوایی
گریانی بەخۆڕایی، هەر قەتعی نەزەر دێنی
چی ڕوو ڕەشییە كاری، هەر سوبحە شەوی تاری
زولفێكی بە عەییاری دەستی لە كەمەر دێنێ
سووتاوی جودایی بە، هەمدەردی وەفایی بە
بڕوانە كە ئەم دەردە هەر ئەهلی نەزەر دێنێ

١١٤

ئەگەرچی بایی نەورۆزی نەویدی وەسڵی گوڵ دێنێ
هەتا گوڵ دێ بە ناز، بولبول بە سەت یەک عومری نامێنی
بە هومێدێکە جارێ بێتە خەندەی گوڵ ، بەڵام بولبول
وەکوو هەوری بەهاری هەر بناڵێ .. هەر ببارێنی
هەوای جیلەوی گوڵانە، بولبول ئاوری گرتووە، نازانم
بەهار هات یا ئەیار هات، شەوقی ڕووی وا من دەسووتێنێ
بەهارێکی چ شۆخ، هیچ لە فیکری بای خەزان دا نێت؟
دەترسم ئاهی ڕەنگ زەردان وەکوو زولفت بشێوێنێ
بە شینی ئاشقان ڕەسمی قەدیمە شایی مەعشووقان
بە لەیلێ نەغمەیی عوششاقە گەر مەجنوون دەناڵێنی
دەزانێ تاوی بارانە شەرابی پێکەنینی گوڵ
دەمێک نابێ لە سەر خەندێکی سەد جارم بگریێنێ
گوتی ڕووم وادەکەم تێرم ببینی، چاوەڕێم داخۆ
لەلای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بۆنی نەستەرەن بێنێ؟
لە جەرگم تەرفەتولعەینی هەزار نەشتەر چوو نەمزانی
نە تیر و تەرکەشی توورکە، نە ئەو چاوانی هەڵدێنێ
غەمی ئەو زولفە ناهێڵی دڵم یەک بێ دەگەڵ باڵات
بە ژەنگی کیسرەت ئەو ئاوێنە وەحدەت دوورە بنوێنێ
بە هەر شێوێکی بێ ئاشق مورادی هەر ڕەزای یارە
بڵا شیرین بە خوێنی کۆهکەن پەنجەی بڕەنگێنێ
قەزای چاوت لە ڕوحی من کەوێ، دەمرم ئەتۆ خۆش بی!
وەفایی بۆ چییە گەر خۆی دەبەر ئەو چاوە نەمرێنێ!

١١٥

دڵی دێوانە ویسالی لەبی جانانی دەوێ
بولبولی شیفتە خەندەی گوڵی باغانی دەوێ
دڵ لە سەر پەرچەمی شێواوە ئەسیری زەنەخە
ئارێ ئارێ ئەوە دێوانەیە زیندانی دەوێ
بە کوڵی گریەی من بۆیە گوڵم پێدەکەنێ
شەکەر و گوڵ دەفرۆشێ دوورٍ و مەرجانی دەوێ
بەستەیی زولفییە، بۆ زاری دەناڵێ دڵەکەم
توتیی گوڵشەنی هێندە شەکەرستانی دەوێ
دڵ بە سەر جێگە لە نێو زولفی دەسووتێ بە عوزار
پادشای حوسنە بە شەو حوکمە چراخانی دەوێ
غەزەلی تورفەیی من قەت نییە بەو ناسکییە
بۆ لەبەر کردنی دانایێ قەدرزانی دەوێ
خەستەیی چاوتە سوتاوە وەفایی ، ساقی!
سەرخۆشی بادەیی سادێکە غەزەلخوانی دەوێ

١١٦

لە باغان ئاه و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ کەوا پیری موغان ڕۆیی
دەڵێی دەوری قەمەر، سەیری فەلەک ، میزانی گۆڕاوە
کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبوڵ تێکچوو، ڕەنگی ئەرخەوان ڕۆیی
لەبەر دیدەی جیهان بینم ، جیهان تاریک بوو نەمزانی
نە نووری چاوەکانم چوو، نە خورشیدی جیهان ڕۆیی
لە دووری تۆیە سوور بوو چاوەکەم بەو گریە مەعلومە
شەفەق دێ، کەوکەویش هەڵدێ، کە میهری خاوەران ڕۆیی
دەمێکی هات بە چاوی سورمەسا، یەعنی وەفادارم
کە جەرگی سورمەیی کردم بە سیحری جادوان ڕۆیی
سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەوافی گوڵ
کە دی باغ بێ گوڵە، داغ بوو، بە سەد ئاه و فوغان ڕۆیی
مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆل کرد
دڵ ئارامی نەما چ بکا؟ کە ئارامی دڵان ڕۆیی
قیامەت بۆ دڵان هەستا کە چاوی مەستی وەرگێڕا
مەگەر خواجای سەمەرقەندی لە نێو ساحێب دڵان ڕۆیی
چ ئافەت کەوتە بەر چاوم کەوا چوو نووری بینایيم؟
مەگەر شاهی بوخارایی لە قەسری عارفان ڕۆیی
بە ناڵەی دڵ شفام نایە دەریغ بۆ مەرهەمی جەرگم
لە زەنگی کاروان چبکەم؟ دەلیلی کاروان ڕۆیی
خرابوو خانەقا بێ شێخ و، شەوقی تالیبان سەد حەیف
چەمەن وێران بوو، نەغمەی بولبولان چوو، باغەوان ڕۆیی
بە ناڵەی بولبول و قومری ، وەفایی بۆیە هەر دەگریم
گوڵێکی سەرو باڵام بوو بە تاراجی خەزان ڕۆیی

١١٧

به بێباکی دەمێکی هات و داغی کردم و ڕۆیی
دەبێ حاڵی چ بێ بولبول ، بەهار زۆر پێ نەچوو ڕۆیی
نیگار هات دایە خەندە، کەوتە دونیا ئاهـ و ناڵەی من
بەهار هات خونچە پشکووت، دەنگی بولبول سوێ بە سوێ ڕۆیی
فەراقم کرد لە پاش تۆ، هیچ حەیاتم پێ نەما قوربان
حەیاتی من کە تۆی؛ مەعلوومە نامێنم کە تۆ ڕۆیی
لە سەر ماچێکی زاری خۆت کە نەت دا ڕەنگ نەبوو زیز بی
عەزیزم بێ وەفاییت کرد لە سەر هیچی نەبوو ڕۆیی
خەرمانان هات و چوو دلبەر، وەفایی ما بە ناکامی
دەریغا عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی؟

١١٨

بە نازێکی کوشندەی سەد هەزار گیان و دڵ ئوفتادەی
مەلەک یا حۆری عەینی تۆ، فریشتەی یان پەریزادەی؟
بە دڵ خەندێکی بنوێنە، بلوورین ساعیدت بێنە
یەدی بەیزات هەیە، تۆ دەم لە ئیعجازی مەسیحا دەی!
نە قەند تامی هەیە قوربان، نە گوڵ ڕێز و نە عەمبەر بۆ
ئەگەر جارێک بە خەندە بێی، سەری زولفت بە دەم با دەی
گوتت ها زولف و کافر بووم؛ گوتت ها ڕووم و چاتر بووم
کە من هەر بێمە سەر ڕێی تۆ، دەبێ تۆ بۆچ لە من لادەی؟!
دەمت وا بێنە دەستم بگرە، با بمرم لە بەر چاوت
بە جامێکی خەلاسم کە لە دەست ئەو تورکە جەلادەی
بە چاوی مەستی تۆ کەوتووم، بە ناری زولفی تۆ شەیدام
نەخۆشی تۆم دەناڵێنم، حەیاتم! بۆچ بەرم نادەی؟
کە تۆ سوڵتانی ، ڕەحمت بێ بە زولفان بەس دڵم بگرە
دەبێ تا کەنگێ بەیتوڵڵا بە دەست کافر بە یەغما دەی؟
دەمت بێنە بە دڵ بیگرم، لە بەر خونچەی دەمت بمرم
دەمادەم ڕوح بەخشی تۆ، لەبالەب ساغیر و بادەی
چرای قەندیلە، شەمسی ئاسمانە، ڕووی درەخشانت
ئەگەر سەد جار بە زوهرە و موشتەری ڕوو بەندی پێدادەی
وەکوو ماسی و سەمەندەر تینوەتیم ناشکێ ئەگەر سەد جار
بە ئاب و ڕەنگ و ڕووت، سنگم وەبەر تیری تەجەللا دەی
لە بەر چاوی وەکوو زولفی پەرێشان کەوتم و فەرمووی
وەفایی چت لە مەیخانان کە تۆ وا پیر و ئوفتادەی؟!

# پێنج خشتەکییەکانی وەفایی

پێنج خشتەکیی ژمارە ١

غەمزە و نیگە و ڕوو لە خەمی زولفی دو تا دا
وەک نەشئە لە مەی، زوهرە لە نێو شامی سیا دا
تۆی جیلوە دەکەی یانە مەلاییک لە سەما دا
خەندەی گوڵە وا عەتری لە شەونم بە سەبا دا
یا خود ز شکرخندە عرق کردە لبانت؟
***
ساقی بە سەری نەرگسی ئاهووی تەتاری
بەو چاوە خومارەت بدە جامێکی بە یاری
تۆ خەندە ببارێنە ئەمن گریە بە زاری
جامی مەی و خەندەی گوڵ و بارانی بەهاری
زین هر سه توان گشت من پیر، جوانت

***
ئەی زولفی ڕەشت قافڵە سالاری تەریدان
بنواڕە سەفی ئاشقی غەمدیدە لە چی دان؟
هێندەت بە جەفا خەنجەری موژگان لە دڵاندان
خۆ وختە بگاتە کەمەرت خوێنی شەهیدان
کی باز کشی آخر از این  عزم، عنانت؟
***
بەو چاوە ڕەشانەت کە دەڵێی ئاسکی چینی

بۆچ وا دەبێ تۆ خۆشدڵ و ئەمنیش  بە حەزینی؟
ڕوومەت گوڵ و قەد سەروی ڕەوان، زوهرە جەبینی
مەهـ عارز وسیمین کەمەری تۆ بە یەقینی
بگذار در آغوش کشم سرو روانت

***

بۆ قەتڵی وەفایی کە بەدل ئەو گوڵی خەندان
فەرموویە بڕۆ ، نەرگسی سەرمەستی بە موژگان
قوربانی نیگاهی بوو بە غەمزێکی دڵ  و گیان
نەمدیوە دوو نیشانە بە تیرێکی لە ئینسان
قربان شوم ای ترک به این تیر و کمانت
***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٢

فەرمووتە کە من پادشەهی حوسنی دڵارام
خورشید و مەهن ئاوێنەداری ڕوخی زیبام
فیردەوسی جەماڵم  بە نیهالی قەدی تووبام
یەعینی بە دوو لێو ساحەبی ئیعجازی مەسیحام
ماچیکی دەمم کافییە  بۆ کوشتەیی باڵام
***
فینجانی دەمت ساغیرە یا قووتی ڕەوانە؟
وەک نەشئە حەیاتی دڵە یاقووتی ڕەوانە!
ئەو چاوە تەبیب و بەڵەدی دەردی دڵانە
عیللەت چییە بۆ من کە حەکیمێکی نەزانە؟
جێ نەشتەری وی ئاگر بەردا دڵ و، سووتام
***
ئەگریجە و پەرچەم مەدەدی نێرگسی کاڵن
فەوجی حەبەشن، لەشکری سوڵتانی جەماڵن
ئارایشی ڕوو ، ڕەونەقی باغی خەت و خاڵن
هەر یێکە لە لایەک بە هومێدی سەر و ماڵن
بەو داوی ئەوی بەستەیە خۆم و دڵی شیدام
***
من سایلی ئاشوفتەگیی زولفی دووتا بووم
تێکچوو کە ئەمن عەنبەری تەڕ، میشکی خەتا بووم
من هەم نەفەس و هەمدەمی شازادە و شا بووم
تا دیم گوڵی تۆ ئاشقی ئەندامی بەڵا بووم
سەرگەشتە ئەوێستاکە لە دووی گوڵبونی باڵام

***

ئەبرۆ و جەبین و ڕوخی بێ شوبە و میسالن
تێکەڵ بە گوڵ و یاسەمەن و غەرقی لوئالن
بۆ ملکی جەماڵی کە شەهەنشاهی جەلالن
یا شەمس و قەمەر، قەوس و قەزەح، بەدر و هیلالن
وا جوملە هەڵاتوون لە گریبانی گوڵەندام
***

خەت هاتووە دەوری لەب و ڕووی داوە لە سەر دا
یا خۆ حەبەشی فایەقە داغی لە جگەر دا
گوڵزارە دەمی پستە و باغی گوڵی بەردا
یا لەشکری کێشاوە بەزێی شیر و شەکەر دا؟
شەڕیانە لە سەر کەعبەیی ڕووی کافر و ئیسلام
***

ئەی میشکی خەتایی خەت و خەت جەوهەری کوڵمت
ئەی سونبوڵی تەڕ دووکەڵی سەر مەجمەری کوڵمت
سووتاوە وەفایی لە هەوای ئاگری کوڵمت
سا ئەو دەمە وابێنە ئەتۆ بی و سەری کوڵمت
غەیری ئەوە ـ بیللا ـ نییە لەو لێوە تەمەننام
***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٣

ئەریٚ ئەی بە زولف و روخسار، سەنەمی چین ماهی تابم!
دەمەکە و خەندەکە و نیگاهت ، نمەک و مەزەی شەرابم
من لەبەر نیگاهت بمرم، تۆ و سەری غەمزکەی جەلابم
بڵی پێم گوڵەکەی بەهاری، لە تۆ تا بەکەی جودا بم؟
وەرەوە بە شەرتی جاران، ڕۆژیٚ سەد جارت فیدا بم
***
لە وێرانەی دڵی شێواوم، شیوەن و واوەیلایە و ڕۆ ڕۆ
ئاوریٚ بەربۆتە هەناوم دێتە دەر لە هەناسەم بۆ سۆ
بوومە ئەفسانەی وڵاتان، شار بە شار، ماڵ بە ماڵ، کۆ بە کۆ
خاڵی چاوت گۆشەی ئەبرۆ، دوو دینیان کردم لە سەر تۆ
یا بمکە پیری مەیخانە، یا موریدی خانەقات بم
***
تۆی مەلەک، فریشتە و پەری، گوڵدەم و گوڵبەر و دلبەری
لالە ڕەنگ و فەڕەنگی چینی، شۆخ و شەنگی، خەتا و بەربەری
نازک و نازەنین و شیرین، ئاوێنە ڕۆژ ڕەنگ ئاگری
لە نێو مەنزەرەی دوودەری خۆشە سەیری مەوجی بەحری
وەرە سەر چاوم عەزیزم، چی دەکەی لە دڵەی کەبابم؟
***
ئەو شۆخە بەتای زولفانی زەنجیری کردم دێوانە
ڕوحمە ، ڕۆحی کێشاوم ! ڕوح نییە لە ڕوح بێگانە
ئاشکرا و دیار و مەخفی، دور نییە، نزیکە جیرانە
غەرەزم چونکی پەنهانە، وەڕەزم لەو جیسم و جانە
مەرەزم مەرگی دەرمانە، هەر ئەزم بۆ خۆم حیجابم

***

ئاشق وا دەبێ بە هەموو دەم، چاو پڕ ئاو، دڵ پڕ ئاو و مەحزوون
پێی هەوای بشکێ، پێی نەمێنی غەیری هوو لە دەروون و بیروون
خاکی ڕێی دلبەر وەبزانێ سورمەیە بۆ چاوی پڕ خوون
سەگەکەی ڕێبازی لەیلێ وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون
دونیام ئەو ڕۆژە لێ ڕوونە خاکی بەر پێی ئاشنا بم

***

ڕوحەکەم  ڕووی خۆت بنوێنە، تابەکەی کوشتەی نازت بم؟
دەمەکەت بە تەکەللوم بێنە، تا نەمردووم هاوڕازت بم
جارێک بە کەڕەم بمدوێنە، من فیدای دەنگ و ئاوازت بم
مەیلی ئەبرۆی تۆ قەت نانێم ، غەمزەدەی چاوەکەی بازت بم
من کە هات و قیبلەم گۆڕی، یا خوا کافر بێ بە حاڵم

***

بەزەییت گەر هەبێ یا نەبێ، بەندەی باڵاتم .. سەد شا بم
تۆ خودا دڵم مەشکێنە، من کەوا ئاشقێکی چاک بم
سەرەکەم فیدات عەزیزم وەرە زیز مەبە لە سەر دڵ
سەرە پایەبەندی تۆیە، دڵە ماڵی خۆت  هەتا مابم
بە کەمەندی تۆوە بمرم خۆشترە نەوەک ڕەها بم

***

گوتم ئەی شای دڵنەوازان مانگ و ڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکی بازان، پێ بە داوی زولفی جادووت
لە غەمی ویسالی ڕووی تۆ جگەر و هەناوی من سووت
خۆش بوو ئەودەمی گوڵ پشکووت شەکەر دەباری لە یاقووت
لادە لێم وەفایی، دەیگوت: تۆ گەدا من شا بۆت نابم

***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٤

ئەی غارەتی هۆش و خیرەدم نەرگسی کاڵت
ڕۆشنکەری ئاوێنەیی دڵ عەکسی جەماڵت
حاشا مەکە قوربان لە کوژاوی خەت و خاڵت
ئیسباتی شەهیدیم ئەوەتا پەنجەیی ئاڵت
دەستم کە نەگەییێ بەسە بەو گەردەنە خوێنم

***

وەک زولفی ڕەش و نەرگسەکەی فیتەگری تۆ
سەرمەستم و سوداسەرم و دەربەدەری تۆ
گەر دین بووە گەر دڵ بووە قوربان بە سەری تۆ
ئێستاکە لە سایەی سەری زولف و نەزەری تۆ
گەردەم کەچی زوننارم و مەیخانە نشینم

***

ڕۆژ عاریزی تۆ ئاگری بەردامە هەناوان
شەو پەرچەمی تۆ دووکەڵی ئاوێتمە چاوان
بەند بەندی دەروونم هەموو سووتاوە لە تاوان
ناڵەم وەکوو نەی دێ لە خەمی هەڵقە و داوان
لەو شێوە وەرن گوێ بدەنە شیوەن و شینم

***

زولفت کە لەسەر عاریزی تۆ خۆش حەرەکاتن
گۆیا سەحەری جەژن و شەوی قەدری بەراتن
دایم دەگەڕێن تەشنەیی خوێنی شوهەداتن
دوو سەف لە فەڕەنگی، لە تەڕەف ڕۆمەوە هاتن
بردیان بە ئەسیری دڵەکەی زار و حەزینم

***

وەک کافرێ تینوو بێ بە خوێنی سەری ئیسلام
وەک تورکێ لە دین وەربگەڕێ مەست و مەی ئاشام
چاوت بە کەمان مۆرەیی ئەبرۆیی سیە فام
تیرێکی وەگا سەختی لە مۆرەی جگەری دام
تا ڕۆژی حەشر هەر دەتکێ خوێن لە برینم

***

چبکەم وەکوو قومری کە نەیێ ئاە و فوغانم!
پڕ خوێنە وەکوو نافە دڵی بەستە زوبانم
هەر لەحزە بە نازێکی دەکا غارەتی گیانم
ڕادەبرێ بە بای عیشوە، دەڵی : سەروی ڕەوانم
دەنواڕێ بە تای زولفی، دەڵی ئاهوویی چینم

***

سینەم هەموو سووتاوە لە تاو ئاوری سینا
دیدەم هەموو پڕ خوێنە لە بەر چەشمەیی مینا
ئەو دەردە وەفایی کە لە چاوی گوڵی هێنا
موشکیل کە شفای بێ بە هەزار بوو عەلی سینا
جارێکی مەگەر بێ بە دڵی خۆمی ببینم !

***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٥

گوڵێکم بوو لە دونیادا شکۆفەی باغی ڕەعنایی
لە داخی پەرچەمی شێوام لە نێو بازاڕی ڕیسوایی
وەکوو بولبول بە ڕوح و دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی
هەموو عومری عەزیزم چوو لە ڕێی خەندێک بە خۆڕایی
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو!
***
ئەمن وەک پەرچەمی گیانان، ئەمن وەک نەرگسی یارم
لە لایێ خاو و سەرگەردان، لە لایێ مەست و بیمارم
بڵا بگریم بناڵێنم ، کەوا تێکچوو سەر و کارم
دڵم دانا لە ڕێی دلبەر، نە دلبەر بوو نە دڵدارم
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو!
***
گوڵیکم بوو لە باغی دلبەری دا ماهی کەنعانی
دڵێکم بوو لە ڕێزەی عاشقان مەجنوون بە سووتانی
دڵی بردم فریوی دام با ماچی لێوی مەرجانی
ئەسیری ئیلتیفاتی سەر زمانی بووم و نەمزانی
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو
***
بە ئاوی چاو و خوێنی دڵ، بە سەعیی ڕوحی شرینم
غازاڵێکم لە داو خست ئافەتی دڵ غارەتی دینم
هەتا چووم چاوەکانی ماچ بکەم، تاوێکی بی بینم
لە دەستم چوو وەکوو دڵ، بوو بە مایەی شیوەن و یبم
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو !

***

وەفایی من شەهێنی قۆڵی چاوبازانی شاهان بووم
ئەسیری دەستی گوڵ دەم، سەرو باڵا، ماهروویان بووم
گەهێ بولبول، گەهێ تووتی، گەهێ مورغی غەزەلخوان بووم
بە هومێدی عەزیزێک ـ دوور لە چاوم ـ پیری کەنعان بووم
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو!
***

خوداوەندا ! خوداوەندا ! پەشیمانم، پەشیمانم
بە کاری ئاخیرەت نایەم عەجەب ئالوودە دامانم
بە باری مەعسییەت شەرمەندەم و چاو پڕ لە گریانم
نە دینم بوو نە دونیا، گەر نەکێشی خەت بە دیوانم
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو!
***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٦

ڕۆژی تەرەب و کەیف و دەمی جۆی و کەنارە
بەو دەستەیی جوانێ وەک پەری بۆتە نیشانە
دەستی بەمە توند گەتووە گەرمی قەوەتانە
نێوکی نەکەوێ یارەبی بەم بارە گرانە
گیانی منە جۆ دەکوتێ بەبێ عوزر و بەهانە
***
پەروانە سفەت سووختەیی شەوقی چراغم
وەک بولبولی شیدا هەموو سووتاوە دەماخم
دڵپڕ لە غەم و داغی جەماڵی گوڵە باغم
وەک نەرگسی مەخمووری پەری مەست و نەساغم
گیانی منە جۆ دەکوتێ بەبێ عوزر و بەهانە
***
دلبەر کە بە خەندە سەری زولفان دەهەژێنێ
بازاڕی شەکەر، قیمەتی عەنبەر دەشکێنێ
ماندوو بووە ئارەق بە ڕووندا دەڕژێنێ
بەرگی گوڵ و نەسرین بە گوڵاوێ دەڕووشێنێ
گیانی منە جۆ دەکوتێ بەبێ عوزر و بەهانە
***
ئەو شوخە کە جیلوە و ڕەوشی کەبکی دەری بێ
پرچی شەو و ، مانگ سورەت و گەردن سەحەری بێ
چاوی ڕەش و زاری گوڵ و زولفی قەجەری بێ
ئەو دلبەرە بەو ڕەنگی جوان ڕەنگی پەری بێ
گیانی منە جۆ دەکوتێ بەبێ عوزر و بەهانە

***

هەر لەحزە لە خەندەی دەمی وەک هوققەیی یاقووت
شەکەر دەوری، گوڵ دەڕژا، خونچە دەپشکووت
سەرتا بە قەدەم ڕوحی وەفایی لە غەمان سووت
ناڵەی دڵی زاری دەگەییەی عالەمی لاهووت
گیانی منە جۆ دەکوتێ بەبێ عوزر و بەهانە
***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٧

سوڵتانی هەموو سەرو قەدان ، ماهی حەساری
چاوی کە غەزاڵن، دەگرن شێری شکاری
بۆ هەتکی ریازی چەمەن و بایی بەهاری
زولفی کە هەوا خستییە سەر غونچەیی زاری
هەر لەحزە لە خەندێکی گوڵ و نافە دەباری
***

گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بۆتی ما دا
لەرزی قەدی بەرزی لە ڕقان زولفی بە با دا
عەترێکی لە دەم پەرچەم و ئەگریجە بە با دا
چین و خوتەن و هیندی بە شاباشی سەبا دا
یەکسەر هەموو عەلەم کە بووە موشکی تەتاری
***

لەعل و شەکەر و زاری کە وەک فیکری دەقیقە
شوبهەی نییە ئەو مەرکەزە پەڕگاری عەقیقە
ئەو سەبزە لە سەر ئەو لەبە وەک ڕاحی ڕەحیقە
هەر جەوهەرە، جەوهەر خەتە، خەت موشکی عەبیقە
یاقووتی گوڵم نەخشە لە گەڵ خەتتی غوباری
***

بۆ هەتکی ڕیازی خوتەن و کانی بەدەخشان
وەک لەشکری هیند و حەبەشن، گەرمی تەماشان
تێکەڵ بوون زەڕڕە و خورشیدی درەخشان
یا زولفییە بێ شانە لە سەر شانی پەرێشان
وا دێن و دەچن هەر دوو لە سەر زار و عوزاری

***

پەرچەم حەبەشی زادە، فەڕەنگی بوت ـ ی زیبام
سەرهەڵقەیی شۆخانی پەریچیهری گوڵئەندام
پێم گوت چییە ئەم نوختە لە نێو دوو لەب و یەک جام
فەرمووی ئەوە نوکتێکە بە دوو لێوی شەکەرخام
تا ماچی نەکەی ناگەیە سەر حیکمەتی باری
***

بایی سەحەری هات و دڵ و ڕوحی مەنی دا
عەتری گوڵ و گوڵزاری خەتاو و خوتەنی دا
یان دەستی لە دوگمەی وەرەقی پیرەهەنی دا
یەکسەر هەموو عالەم گوڵی جەننەت شکەنی دا
باغی سەمەن و یاسەمەن و سێو و هەناری
***
فەرموویە وەفایی کە دەبێ ئەهلی نەزەر بێ
ئاشق ئەوەتا هەمدەمی ئەنفاسی سەحەر بێ
سێڵاوی سروشکی هەموو خوێناوی جگەر بێ
بۆ تەوفی ڕیازی حەرەمی قیبلە لە بەر بێ
ئەو سەعیە سەفای عومرە ئەگەر ئاشقی یاری
***
دەم خونچەیی نەشکوفتەیی گوڵزاری جەماڵە
ئەبرۆ چییە میحرابی دوعای نەرگسی کاڵە
قەد نارەوەنی نەوڕەسی باخی خەت و خاڵە
نەرگس بە ڕوانین خەتەراتی سەر و ماڵە
یەکسەر هەموو عالەم کە بووە میشکی تەتاری
***
من ئاشقی رووتم وەکوو پەروانە وەفایی
بیماری نیگاهم بە غەزالانی خەتایی
تۆبی و سەری خۆت ئەی گوڵی سەرپەنجە خەناوی
چیت دیوە خەتا مەمخەرە زیندانی جودایی
بنوێنە ویسالت کە لە سەر وەعدەیی پاری
***

پێنج خشتەکیی ژمارە ٨

شیرین تەشی دەڕێسێ

تاییێکی ڕیشەیی دڵ، بە نووکی غەمزە دادا
دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبا دا
باریک و لووس و ناسک، دوو زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بە لا دا، شیرین تەشی دەڕێسێ!
نووکی تەشی بە گەردیش چەرخێکە قوتبی پێوە
"مەجەڕڕە" بوو بە داوی کە چەرخی کەوتە نێوە
وەک "زوهرە" دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
ئارەق بە ڕوو بەرێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ!
لەبانی ئارەقی ڕشت لە پێکەنینی زاری
بە خەندە، خونچە گوڵ بوو، گوڵاوی لێ دەباری
وتم: بفەرموو بۆ سەر دوو چاوی من بە یاری
بە چاوی من ببینن، تەلێسم و سێحر کاری
لە سەرووی جۆیبارێ، شیرین تەشی دەڕێسێ!
کە دەستی برد و هێنای بە دولبەریی بە تادا
وەچەرخی خست و گێڕای بە ڕانی سافی دادا
عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بە "خەتتی ئیستیوا"دا
بە سوبحی سادق ئەنگووت"زەنەب" لە نێو سەمادا
حیرەت لە "ماسیوا"دا، شیرین تەشی دەڕێسێ!
کە کەوتە چەرخ و بازی تەشی بە ڕانی لووسی

دەکەوتە پایبووسی دوو زولفی ئابنووسی
زەنەب لە مانگە شەو دا دەهاتە چاپلووسی
لە سەر بەیازی گەردەن بە خەتتی خۆشی نووسی
ماهتابە پایبووسی، شیرین تەشی دەڕێسێ
یەخەی کراسی لاچوو پشکووت بە هەر دوو لێوان
گوڵ و شەکەر دەباری لە کووچەی باغی سێوان
زولفی پەخشان بوو کوڵمی وەدەرکەوت لە نێویان
شەمس و قەمەر هەڵاتن دوێنێکە نوێژی شێوان
وەفایی کەوتە کێوان، شیرین تەشی دەڕێسێ
کە کەوتە چەرخ و گەردیش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
سەمای بە زەوزەنەب دا کەفی خەزەیبی شیرین
گرتی خەتی مەداران شەفەق بە عەقدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین، شیرین تەشی دەڕێسێ
دوو زولفی چین بە چین کرد، کە نافەیی خەتایە
دوو مەمکی دامە دەستی ، هەناری دڵگوشایە
بە خەندە چەرخی پێدا کە شەوق و نەشئە وایە
بە نوکتە پێی نێشان دام، سەما لە سەر هەوایە
هەموو ئیشارە وایە، شیرین تەشی دەڕێسێ!
بە عیشوە زولفی لادا، لە سەر عیزار و زاری
دوگمەی یەخەی ترازا، بزووت هەوری بەهاری
کە شەو بەیانی بەردا، گوڵ و وەنەوشە باری
سەڵای بە عاشقان دا، باخی گوڵ و هەناری
دونیا بە ئینتیزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ!
قوتووی لوئالییانە لە زێوی داڕژاوە
لەبالەبە لە حیکمەت، لە شەهدی هەڵ کڕاوە
لە بەر نەزاکەتی ڕۆژ، ڕەواقی تێ تزاوە
بە تەرزی درزی دەرزی لە خۆوە درزی داوە
بە مەی عەیان کراوە، شیرین تەشی دەڕێسێ!
کە زولفی کەوتەسەر ڕوو، هەموو خەتای بە چین دا
خەرامی تاووسانەی بە سەروی نازنین دا
سپێدەیی بەیانی بە باخی یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقا بوو، دەمی لە پێکەنین دا
سەد ئافەتی لە دین دا، شیرین تەشی دەڕێسێ!

شیفای جەراحەتی دڵ ، تەشی نەبوو کە ڕستی
شەستپەڕی خاوی خۆی بوو، پڕاوپڕە بە دەستی
هەتیوی کەللەشەق بوو، بە داوی حیللە بەستی
لە تاوی هاتوچۆ دا، بە لێوی خونچە گەستی
بە ڕۆح و دڵ بە قەستە، شیرین تەشی دەڕێسێ

سمی غەزالەیی چینی لە نافەدا عەیانە
دەڵێی لە نیوەشەودا سپێدەیی بەیانە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ، دوو مەمکی قووتی گیانە
لە باخی یاسەمین‌دا شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ خەزانە، شیرین تەشی دەڕێسێ!
شکۆفە وا هەڵستا لە زێڕ و زێو حوبابێ
لە کەوسەری بەهەشتێ، دەرroونی پڕ کرابێ
خڕ و لەتیف و ناسک، بلوری خودنوما بێ
بە جورمی نووکی دەرزی، لە نیوی درزی دابێ
دیارە سەروی وا بێ! شیرین تەشی دەڕێسێ!
بە داو و دڵ کە سۆسن لە خونچەگوڵ بە ڕق بوو
بە هاتوچۆی سەماوە، گوڵی وەرەق وەرەق بوو
شەقایقێکی شەق بوو، شەقایقێ کە شەق بوو
بە عارەقی عورووقی کە سەرخۆشی عەرەق بوو
بە مەی چ موستەحەق بوو، شیرین تەشی دەڕێسێ
شەوێ لە بیرەخەو دا جەماڵی ویم بە دڵ دی
دوو چاوی مەست و کاڵیم وەکوو غەزالی سڵ دی
ئەگەرچی نەوبەهارم بە ڕەنگی باغی گوڵ دی
هەناری نەورەسی ویم شکاو و سیس و بڵ دی
گوڵم بە خاک و گڵ دی، شیرین تەشی دەڕێسێ
وتم: چبوو نەمامم! بە خاڵ و خەت نەماوی؟
وەکوو بەهار و سونبول بڵاو و تێکشکاوی
وتی: گڵاوی سەگ بووە، شکۆفەگوڵ، گوڵاوی!
بە کەرتەشی سەماوە، ستارەیی سەماوی
بەسەرچوو چاو و ڕاوی، شیرین تەشی دەڕێسێ!

مەکەن مەنعی "وەفایی" کە خاو و دڵ بڵاوە
سەرێکە مەستی نازیە، دڵێکە بۆی نەماوە
بە داو و دڵ، دڵی خۆی بە داوی زولفی داوە
دڵم حەقی بە دەستە، فتوای سەری دراوە
کە ئەم غەزالە چاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ!